# دیاربەکر
# لەگەشتنامەکانی
# سەردەمی عوسمانیدا

# دیاربەکر
# لەگەشتنامەکانی
# سەردەمی عوسمانیدا

نووسینی:
**دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی**
پرۆفیسۆری مێژووی نوێ - زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر

چاپی یەکەم ٢٠٢٢ز- ١٤٤٣ك

بیروڕاگەلێك كە لەم كتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەكادیمیای كوردی لێیان بەرپرس نییە.


* ناوی كتێب: دیاربەكر لە گەشتنامەكانی سەردەمی عوسمانیدا
* نووسەر: دكتۆر سەعدی عوسمان هەروتی
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (٤٩٩).
* چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی(٩٩٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.



– هەموو مافێكی چاپكردن بۆ ئەكادیمیای كوردی پارێزراوە.
– ئەم كتێبە نابێت بەهیچ جۆر بیٚ ڕەزامەندیی ئەكادیمیای كوردی دووبارە چاپ بكرێتەوەو وێنەكانی لەبەر بگیرێتەوە.

**بەناوی خودای بەخشندەو دلۆڤان**

**پێشکەشە بە:**

**هەموو خەباتکارانی باکووری کوردستان**

**بەتایبەتی کوردانی سەربەرزی دیاربەکر / ئامەد**

هەولێرنامەی کتێب

## پێشەکی:

لەماوەی سەردەمی عوسمانیدا چەندین گەڕیدە سەردانی ڕۆژهەڵات و لەنێویشیدا کوردستانیان کردووە. ئەم گەڕیدانە لەگەشتنامەکانیاندا زانیاری جۆراوجۆریان لەبارەی ئەو ناوچانە تۆمارکردووە کە سەردانیان کردوون، بەجۆرێك بوونەتە سەرچاوەی ڕەسەن ودەوڵەمەند بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەم ناوچانە. دیاربەکریش کە یەکێك بوو لە گەورەشارەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵات، کەوتبووە سەر ڕێگای سەرەکی کاروانە بازرگانییەکان وناوەندی ویلایەتێکی عوسمانی بوو. بۆیە زۆربەی ئەو گەریدانە لەگەشتەکانیاندا بۆ ڕۆژهەڵات سەردانی ئەم شارەیان کردووەو هەندێکیان بۆ ماوەیەك تێیدا ماونەتەوە. وەکو: هەردوو گەڕیدەی عوسمانی (ئەولیا چەلەبی) و (عالی بەگ) کە یەکەمیان لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم و دووەمیشیان لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم سەردانی دیاربەکریان کردووە. هەروەها گەڕیدەی فەرەنسی (ژان ئۆتەر) کە لەساڵی ١٧٤٣دا هاتۆتە شارەکە. لەگەڵ گەڕیدەی هیندی بەڕەچەڵەك ئێرانی (ئەبی تالیب خان/ ١٨٠٢) وهەردوو گەڕیدەی ئینگلیزی (کینێیر/ ١٨١٣) و (ولیەم هیود/ ١٨١٧). هەروەها دووی ئەمریکی (هۆراشیۆ ساوزگێت/ ١٨٣٩) و (ئاساهیل گرانت/ ١٨٣٩). سەرباری (مێجەر سۆن/ ١٩٠٧)ی بریتانی و چەندانی تر.

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵدەدات لەڕێگەی زانیاری ئەم گەڕیدانەوە ڕۆشنایی بخاتە سەر مێژووی شاری دیاربەکر لەسەردەمی عوسمانیدا. ئەویش بەسۆراغکردنی ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندییان بەم شارەوە هەیە، ئینجا شرۆڤەکردن و بەراووردکردنیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ زانیاری سەرچاوەی تریش، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان دەرکەون. بەڵام لەدەستپێکی توێژینەوەکەدا ئەم گەڕیدانە دەناسێنرێن کە سوود لەگەشتنامەکانیان وەرگیراوە.

دواتر باسی ناوی شارەکەو هەڵکەوتەی جوگرافی وپێکهاتەی شارو ئاستی ئاوەدانی دەکرێ. ئینجا ژمارەی دانیشتووان وپێکهاتەی ئایینی ونەتەوەیی، هەروەها پەیوەندی نێوان پێکهاتەکان و لەکۆتاییشدا ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەخرێنە بەر باس. سەبارت بە چالاکی ئابووریش؛ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لەگەڵ پیشەگەری وکاری دانیشتووان، هەروەها ڕێگاکان وچالاکی بازرگانی، توێژینەوەیان لەبارەیەوە دەکرێ. لەکۆتاییشدا لەو زانیارییانە دەکۆڵینەوە کە پەیوەندییان بە لایەنی کارگێڕی- سیاسیی شارەکەوە هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازە:

### پێگەی دیاربەکر لەدەوڵەتی عوسمانیدا:

شاری دیاربەکر (یان ڕاستتر بڵێین: ئامەد)[1] کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا، یەکێکە لەشارە هەرە گەورەو دێرینەکانی کوردستان. ئەم شارە بەر لەوەی بچێتەنێو قەڵەمڕەوی دەولەتی عوسمانی، چەندین جار لەنێوان هێزە گەورەکانی ناوچەکە دەستاودەستی کردووەو لەئەنجامدا نەهامەتی زۆری بەخۆوە بینیوە.[2] تا دوا جار لەسەرەتاکانی سەدەی شازدەمدا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی دەولەتی سەفەوی (١٥٠١- ١٧٢٢). ئەمەش لەسەروبەندی هەڵمەتە فراوانخوازییەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی (١٥٠١- ١٥٢٤) دابوو کە لەساڵی ١٥٠٧دا بردیە سەر ناوچەکە. لەمیانەی ئەم هەلمەتەدا (ئەمیر بەگ)ی سەرداری دیاربەکر کە کوردێکی سەربە هۆزی (موسللو) بوو بەڵام چەند ساڵێك بوو بەناوی دەولەتی ئاق قۆینلۆ (١٤٠٣- ١٥٠٨) حوکمڕانی دەکرد، ملکەچی خۆی بۆ دەسەڵاتی سەفەوی ڕاگەیاند. کەچی شا ئیسماعیل (محەمەد خانی ئستاجلو)ی کردە سەرداری دیاربەکر، کە یەکێك بوو لەسەرانی قزڵباش.[3] سەرەڕای ئەمەش دیاربەکر پارووێکی وا ئاسان نەبوو بۆ

---

(1) لەباسەکانی داهاتوودا لەبارەی ناوەکەی دەدوێین.

(2) لەم بارەیەوە بڕوانە: رابیعە فەتاح شێخ محەمەد، کوردستان لەسەدەی پازدەی زاییینیدا، هەولێر ٢٠٠٥، ل٤٤- ٤٦، ٥٦، ١٣٤- ١٣٨.

(3) حسن بیگ روملو، احسن التواريخ، تصحیح: د.عبدالحسین نوايي، ج٢، انتشارات اساطير، چاپ ١، تهران ١٣٨٤، ص١٠١٨- ١٠١٩؛ شرف خان البدليسي، شرفنامه، ت: محمد جميل الملا احمد الروژبياني، ط٢، مطبعة وزارة التربية، اربيل ٢٠٠١، ص ٦٥٥. قزلباش: کە ووشەیەکی تورکییە واتای سەر سوور دەگەیەنێ، بەو هۆزە تورکمانانە دەگوترا کە پشتیوانی تەریقەتی سەفەوی و هەروەها دامەزراندنی دەولەتەکەیان کردبوو.

سەفەوییەکان، چونکە دوای بەرگرییەکی بەهێزی خەڵکی شارەکەو کوشتارێکی زۆر، ئینجا محەمەد خان توانی بچێتە نێو شارەکە.[1]

بێگومان حوکمڕانی سەفەوی لەدیاربەکر جێگەی شادومانی دانیشتووانەکەی نەبوو، بۆیە راستەوخۆ دوای شەڕی چاڵدێران (٢٣ی ئابی ١٥١٤) و شکستی شا ئیسماعیل لەبەرامبەر سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی (١٥١٢- ١٥٢٠)، خەڵکی ئەم شارەش تەبای شارو ناوچەکانی تری کوردستان، لەدژی پاشماوەی هێزەکانی سەفەوی ڕاپەڕین و سەرداری شارەکەیان بەدەرنا.[2] بەڵام زۆری نەبرد کەوتەوە ژێر هەڕەشەی سەفەوی، چونکە لەلایەن (قەرەخان)ی برای (محەمەد خانی ئستاجلو) ئابلوقە درا،[3] کە لەشەڕی چاڵدێران کوژرابوو.[4] ئەمەش لەچوارچێوەی هەوڵەکانی شا ئیسماعیل بوو بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی لەکوردستان. بێگومان شاری دیاربەکریش مەڵبەندی حوکمڕانی سەفەوی بوو لەکوردستان.[5]

---

[1] حسن بیگ روملو، م. پ، ج٢، ص١٠١٩- ١٠٢٠ ; أسكندر بيك تركمان، تاريخ عالم آرای عباسی، چ٢، انتشارات امير كبير، چاپخانه گلشن، تهران ١٣٥٠ هـ. ش، جلد١، ص٣٢- ٣٣. بۆ ووردەکاری ئەم ڕووداوانە بڕوانە: د.سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری وکۆمەڵاتی وئابووری کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر ٢٠١٣، ل١٢- ١٣.

[2] هاممەر، دولت عثمانية تأريخي، مترجمی: محمد عطا، ج٤، استانبول ١٣٣٠ رومی، ص١٥٤؛ هەروەها بڕوانە: د.سعدي عثمان هروتي، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة فی تطور سياسة الهيمنة العثمانية في كوردستان ١٥١٤- ١٨٥١، مؤسسة موكرياني- اربيل، مطبعة خاني، دهوك ٢٠٠٨، ص٤٤.

[3] هاممەر، م. س، ج٤، ص١٥٥.

[4] حسن بیگ روملو، م. پ، ج٢، ص١٠٨٧.

[5] سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل٢٥.

لەمیانەی ئەم پێشهاتانەدا ڕۆڵی دەولەتی عوسمانی لەکوردستان کاراتر دەردەکەوێ وبەرەبەرە هەژمونی زیاتر دەچەسپێ. سەرەتا خەڵکی دیاربەکر داوای یارمەتی لەسوڵتان سەلیم دەکەن و ئەویش هێزێکی پشتیوانی بەسەرکردایەتی (حاجی یەکتا ئەحمەد) ڕەوانەی شارەکە دەکات.[١] دواتریش کە دەسەڵاتی عوسمانی بەتەواوی لە ئەنادۆڵ سەپاند، هێزێکی گەورەی بەسەرکردایەتی (محەمەد بێغللی پاشا) ڕەوانەی کوردستان کرد. ئەم لەشکرە لەگەڵ هێزەکانی میر وسەردارانی کورد یەکانگیر بوو کە لەلایەن (مەلا ئیدریسی بەدلیسی)[٢]یەوە سەرکردایەتی دەکرا. کاتێکیش لەشکری یەکگرتووی کوردو عوسمانی بەرەو دیاربەکر کشا، قەرەخان دەستبەرداری ئابلوقەی دیاربەکر بوو و بەرەو ماردین ڕایکرد.[٣] بەمەش دەروازەی دیاربەکر لەبەردەم هێزەکانی کوردو عوسمانی والاّ بوو، کە بەسەرکردایەتی (محەمەد بێغللی پاشا) لە (١٠)ی ئەیلولی ١٥١٥ چوونە نێو شارەکە. دواتریش هەواڵی ئەم سەرکەوتنەیان گەیاندە سوڵتان.[٤]

---

[١] هاممەر، م. س، ج٤، ص١٥٥؛ سعدي هروتي، كوردستان والامبراطورية ...، ص٥٣.

[٢] مەلا ئیدریس کوڕی حوسامەدین کوڕی عەلی بەدلیسیە، یەکێك بوو لەزانایانی کورد و وەکو ڕاوێژکاری سوڵتان سەلیمیش کاری دەکرد. ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەڕووداوەکانی ئەم ماوەیەدا، لەساڵی ١٥٢٠ مردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد بايراقدار، ئیدریسی بدلیسی، و: شكور مستەفا، چ١، كوردستان ١٩٩٩.

[٣] هاممەر، م. س، ج٤، ص١٥٦ ; بۆ وورده‌كاری زیاتر بڕوانە: سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل٢٨- ٢٩.

[4] Mehdi ilhan, Amed (Diyarbakir) / 1518 detailed register, Ankara 2000, p.13; Colin Imber, The Ottoman Empire (1300-1650) /The Structure of Power, First Pub., by Palgrave, Great Britain, 2002, P.45.

کەوتنی شاری دیاربەکر بەدەستی کوردو عوسمانییەکان ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر هەرێمەکەو دواتریش لەدوای چەند پێشهاتیکدا بەشی هەرە گەورەی کوردستان کەوتە نێو چوارچێوەی دەولەتی عوسمانی.[1] بۆیە خودی سوڵتان سەلیم لەنامەیەکیدا بۆ پادشای شێروان (هەرێمێکە لەناوچەی قەفقاس) دەنووسێ: " بەتەوفیقی سوبحانی هەموو قەڵاو وڵاتی دیاربەکر بەتایبەتی ئامەد... بەتەواوی پادشایان و هەرێمەکانی کوردستان... هاتنە ژێر فەرمان و بەندەیی دڵسۆزانە".[2] گرنگی زیاتری شاری دیاربەکر بۆ دەولەتی عوسمانی لەوەوە بەرجەستە بوو کە بووە ناوەندی دەسەڵاتی عوسمانی لەکوردستان. بۆیە لەزۆربەی ماوەکانی ئەو سەردەمەدا ویلایەتی دیاربەکر بەشێکی فراوانی ناوچەو هەرێمە کوردییەکانی لەخۆدەگرت. بەگوتەی توێژەریکی تورك هەموو ئەو ناوچە کوردیيانەی کە لەساڵی ١٥١٥دا بوونە بەشێك لەدەولەتی عوسمانی، خرانە ژێر چەتری بەگلەربەگلك (ویلایەت)ی دیاربەکر.[3] لەزانیارییەکانی شەرەفنامەشدا ئەمەمان بۆ دەردەکەوێ؛ ئەوەتا کاتێك سولتان سەلیم داوا لە (مەلا ئیریسی بەدلیسی) دەکات یەکێك لەمیرانی کورد دیاری بکات بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی ئەوانی تر و سەرکردایەتییان بکات لەشەڕی سەفەوی. لەوەڵامدا دەڵێ هیچ کامێك لەم میرانە سەر بۆ ئەویتر دانانەوێنێ بۆیە وا چاکترە سەرکردەیەکی عوسمانی ببێتە

---

[1] لەبارەی ئەم پێشهاتانە بڕوانە: سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل٢٩-٣٢.

[2] بڕوانە دەقی نامەکە لە: د. عبدالحسين نوائي، شا اسماعيل صفوي/ اسناد و مکاتبات تاريخي همراه با ياداشتهاى تفصيلي، انتشارات ارغوان، چاپ ٢، چاپخانه ارژنگ، تهران ١٣٦٨هـ.ش، ص٢٧٦.

[3] هاكان اوزاوغلو، أعيان الكورد والدولة العثمانية/ هويات متطورة وولاءات متنافسه وحدود متحولة، ت: د. خليل علي مراد، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل ٢٠١٦، ص٨٣.

فەرماندەی هەموو میرە کوردەکان. سوڵتانیش (محەمەد بێغللی پاشا) دەکاتە میری میرانی ویلایەتی دیاربەکرو سەرکردایەتی لەشکری کوردستانی پێدەسپێرێ.[١] واتا سەرپەرشتی ناوچەو قەوارە کوردییەکانی سەربە دەولەتی عوسمانی بکات وپەیوەندییان لەگەڵ دەولەت ڕێکبخات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە بەدرێژایی چوار سەدەی دەسەڵاتی عوسمانی، شاری دیاربەکر بایەخی خۆی لەدەست نەداوەو هەمیشە مەڵبەندی ویلایەت(یان: ئیالەت)[٢]ێکی عوسمانی بووە (بێجگە لەچەند ساڵێکی کەم کە دواتر باسی دەکەین). کۆنترین بەڵگەنامە لەبارەی کارگێری دیاربەکر بریتییە لەتۆمارێکی ڕووپێوی عوسمانی کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥١٨. بەپیی ئەم تۆمارە ویلایەتی دیاربەکر لە (١٢) سنجەق (واتە: لیوا) پێکدەهات کە بەشێوەی ئاسایی بەڕێوەدەبران، ئەوانیش بریتی بوون لە: ئامەد (ناوەندی ویلایەت)، ماردین، سنجار، بیرەجك، ڕوها (ئۆرفە)، سیڤەرەك، چەرمیك، خارپوت، ئەرغەنی، ئەرەبگیر، کیغی لەگەڵ چەمیشگەزەك.[٣] هەرچەندە لەم تۆمارە تێبینی دەکرێ کە هەژمونی کارگێڕی دیاربەکر لەکوردستاندا تاڕادەیەك بەرتەسك بۆتەوە، بەڵام ئەم ڕێکخستنێکی کاتی بووەو زۆری نەخایاندووە. چونکە لەتۆمارێکی ساڵی ١٥٢٠دا ئەم ویلایەتە (٩) سنجەقی ئاسایی لەخۆدەگرێ، سەرباری (٢٨) قەوارەی کوردی کەمافی خۆڕێبەرییان هەبوو.[٤]

---

[١] شرف خان البدليسي، م. س، ص ٦٦١- ٦٦٢.

[٢] لەماوەی نێوان ساڵانی ١٥٩١- ١٨٦٤ بەفەرمی زاراوەی ئیالەت لەجیاتی ویلایەت بەکاردەهێنرا، ئێمەش ئەوەمان ڕەچاوکردووەو بەپێی سەردەمەکە زاراوەکە بەکاردەهێنێن.

[3] Mehdi ilhan, op. cit, p.16.

[٤] دائرة المعارف الاسلامية، (الترجمة العربية) اعداد وتحرير: ابراهيم زكي وأحمد الشنتناوى و د. عبدالحميد يونس، القاهرة (د.ت)، مج٥، مادة: إيالة (خليل اينالجق)، ص٢٦٧.

لەم سەردەمەدا کە دەسەڵاتی عوسمانی لەناوچەکە تازە ڕیشەی دادەکوتا، ڕێکخستنە کارگێڕییەکان لەگۆڕانی خێراو بەردەوام دابوون، بەڵام ئەمە کاریگەری ئەوتۆی لەسەر پێگەو هەژمونی کارگێڕی دیاربەکر نەبوو. بەپێی تۆمارێکی ساڵی ١٥٢٧ ویلایەتی دیاربەکر لە (١٠) سنجەقی ئاسایی و (١٨) قەوارەی کوردی نیمچە سەربەخۆ پێکدەهات. ئەو قەوارانە کە پییان دەگوترا "ئیالەت" (٧)یان میرنشینی گەورە بون کە بەمیرەکانیان دەگوترا "میرە مەزنەکان".[١] بێگومان ئەمە ویلایەتی دیاربەکر بوو لەوپەڕی فراوانیدا، چونکە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی لەخۆگرتبوو. بەڵام دیارە یەکخستنی ناوچەکانی کوردستان و هەروەها پێکهێنانی قەوارەیەکی کارگێڕی وا گەورە، بەلای دەسەڵاتدارانی عوسمانی پەسند نەبووە، بۆیە هەر لەم ساڵەدا ئەم ویلایەتە دابەشکراوەو تەنیا سنجەقە ئاساییەکان بۆ ویلایەتی دیاربەکر ماونەتەوە. هەرچی قەوارەو میرنشینە کوردییەکانیش بوو ویلایەتێکی نوێیان لێپێکهێنرا بەناوی (ویلایەتی کوردستان).[٢] ئەوەتا بەپێی لیستێکی ساڵی ١٥٢٧ دەولەتی عوسمانی لەهەشت هەرێم یان ویلایەت پێکدەهات، کە دووان لەمانە دیاربەکر وکوردستان بوون.[٣]

دوای چەند ساڵێکی کەم دووبارە سنوور وهەژمونی ویلایەتی دیاربەکر فراوان بۆتەوەو چەندین میرنشین وقەوارەی کوردی لەخۆگرتووە. چونکە بەپێی

---

[١] هاکان اوزاغلو، م. س، ص٩٣.

[٢] د.خلیل علی مراد، المفهوم الاداری والجغرافی لمصطلح "کردستان" فی مصادر العهد العثمانی، پرۆسیدینگی یەکەم کۆنفرانسی ئەکادیمی نێودەولەتی دەربارەی کوردو کوردستان لەمێژوودا/ کوردو کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، بەرگی دووەم، هەولێر، ١٦-١٨ نیسانی ٢٠١٣، ص٦٨٥.

[3] Colin Imber,op. cit, p.179.

لیستێکی ساڵی ١٥٣٠ کە لەسەر بنەمای دەفتەرەکانی تاپۆ بنیادنراوە، ئەم ویلایەتە (١٦) سنجەقی لەخۆگرتووە کە ئەمانەن: ئامەد، خارپوت، ڕوها، ئەرغەنی، بیرەجك، جزیرە (میرنشینی بۆتان)، عیمادییە (میرنشینی بادینان)، حسنی کەیف (حوسن کەیفا)، ساسۆن، پالۆ، چەپاقچور، ئەگیل، ئاتاك، چەرمیك، حەزۆ، سنجار.[١] بەپێی هەندێ زانیاری تر هەر لەم ساڵەدا (١٥٣٠) ویلایەتی دیاربەکر گەڕاوەتەوە سەر باری جارانی، واتە (ویلایەتی کوردستان)یشی لەگەڵدا تێکەڵکراوەتەوە. بەڵام ئەمەی دوایی ناوی خۆی لەدەست نەداوە، چونکە لەتۆمارێکی عوسمانیدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٥٥٠- ١٥٥١ دەستەواژەی "ولایت کردستان دیاربکر" واتە ویلایەتی کوردستانی دیاربەکر بەکارهێنراوەو بەشەکانی ویلایەتەکەش ئاماژەیان پێدراوە. لەساڵانی دواتریشدا لەفەرمانەکانی سوڵتان بۆ والی دیاربەکر، دەستەواژەی "پاشکۆیەکانی لەمیرەکانی کوردستان" بەکاردەهێنرێ.[٢] بەڵام ناشێ ئەمە لەهەموو ئەو ماوەیەدا هەر وابێ، چونکە لەبەڵگەنامەیەکی عوسمانی ساڵی ١٥٤٥دا دەردەکەوێ کە لەم ساڵەدا ویلایەتی دیاربەکر تەنیا (١٤) سنجەقی هەبووە، کە ئەمانە بوون: ئامەد، ڕوها، ئەرەبگیر، ئەرغەنی، دێرو ئەلروحبە، سیڤەرەك، بەدلیس، عادلجەواز، خابور، سنجار، چەمیشگەزەك، ئەختمار، رەقە، ئاتاق.[٣]

بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی سەدەی شازدەمدا شاری ئامەد (دیاربەکر) وەکو ناوەندی ویلایەتی دیاربەکر، دەسەڵاتی کارگێڕی بەسەر بەشێکی گرنگی

---

[1] Halil Sahillioglu,Osmanli Doneminde Irakin Idari Taksimati, ceviren: Mustafa Ozturk, Belleten, Ankara, cilt, liv. Sayi:211, 1990, s.1237- 1238.

[٢] خليل علي مراد، المفهوم الاداري و...، ص٦٨٥.

[٣] بڕوانە دەقی بەڵگەنامەکە لە: فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية/ النصف الاول من القرن ١٠هـ١٦م، مج١، استانبول ٢٠١٠، ص٢٩٣- ٢٩٤.

کوردستانی عوسمانیدا ڕۆیشتووە. ئەمە لەسەدەکانی دواتریشدا هەر بەردەوام بووە، ئەگەرچی هەندێ جار هەڵکشان وداکشانی بەخۆوە بینیوە. تەنیا بۆ نمونە ئاماژە بەسەدەی حەڤدەم دەکەین; بەپێی لیستێکی ساڵی ١٦٠٩ کە ئەمینی دەفتەری خاقانی (عەینی عەلی ئەفەندی) دایناوە، ئیالەتی دیاربەکر لە (١٩) سنجەق و(٥) "حکومت" واتە میرنشینی مەزنی کوردی پێکهاتووە. لەنێو سنجەقەکانیشدا (١١) سنجەقی ئاسایی عوسمانی و(٨)یان هی بەگ وسەرۆکە کوردەکان بوون وبەشێوازی پشتاوپشت بەڕێوە دەبران.[(١)] بێگومان مەبەست لەمانەی دواییش قەوارەو میرنشینە کوردییەکانە. هەمان ئەم ڕێکخستنە لەکتێبی (جهاننما)ی (حاجی خەلیفە ١٦٠٩- ١٦٥٧)شدا دووبارە دەبێتەوە کە مێژوونووس وجوگرافیناسێکی عوسمانییە،[(٢)] کەواتە لەسەدەی حەڤدەمدا ئیالەتی دیاربەکر دووبارە فراوان بۆتەوە ودیسان چەندین میرنشین وقەوارەی کوردی لەخۆگرتووە.

لەهەموو ماوەی سەردەمی عوسمانیدا، تەنیا یەك جارو ئەویش بۆ چەند ساڵێکی کەم، شاری ئامەد پێگەی ناوەندی ئیالەتی لەدەستداوە، ئەویش کاتێك بوو کە لەساڵی ١٨٤٧ لەهەنگاوێکی نایابدا ئیالەتێکی گەورە پێکهێنرا بەناوی (ئیالەتی کوردستان). ئەم ئیالەتە کەناوەندەکەی شاری ئەخلات بوو لەسەر دەریاچەی وان و زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستانی لەخۆگرتبوو،[(٣)] لەساڵی ١٨٤٩دا دیاربەکریشی گرتەوە.[(٤)] واتە ئەم شارەش بووە

---

[(1)] Ayni Ali Efendi, Osmanli Imparatorlugunda Eyalet Taksimati, Toprak Dagitmi ve Bunlarin Mali Gucleri, Ceviren: Hadiye Tuncer, Ankara 1964, S.13- 14.

[(٢)] بڕوانە: د. خليل علي مراد، الكرد وكردستان في كتاب "جهان نما" لكاتب چلبي (١٠١٧- ١٠٦٧هـ/ ١٦٠٩- ١٦٥٧م)، اربيل ٢٠١٣، ص٣٩- ٤٠.

[(٣)] خليل علي مراد، المفهوم الاداري و....، ص٦٨٦.

[(٤)] هاكان اوزاغلو، م. س، ص ١٠٠.

یەکێك لەپاشکۆیەکانی ئەم ئیالەتە. بەڵام دوای دوو ساڵی تر (١٨٥١) ئەم شارە خۆی بووە ناوەندی ئیالەتی کوردستان و تا ساڵی ١٢٨٤ك/ ١٨٦٧- ١٨٦٨ز هەر بەم شێوەیە مایەوە. هەرچەندە لەماوەی ئەم ساڵانەدا چەندین گۆڕانکاری لەسنوورو پێکهاتەی ئیالەتی کوردستان کرا، بەڵام ئیالەتەکە بارێکی تایبەتی پێدرابوو وجۆرێك لەخۆڕێبەری هەبوو. هەروەها والییەکانیشی لەنێو کەسانی شارەزاو بەتوانا هەڵدەبژێردران وموچەی بەرزیان پێدەدرا. کاتێکیش دەسەڵاتدارانی عوسمانی هەڵویستیان لەبارەی ناوی ئیالەتەکە (واتە: کوردستان) گۆڕی، لەم ساڵە نێوبراوەدا بەفەرمی ناوی (ویلایەتی دیاربەکر)یان لێنا.[1] بێگومان ئەمانەش بایەخ وگرنگی شاری دیاربەکر بەدیاردەخەن ورۆڵی ناوەندبوونی لەکوردستان دووپات دەکەنەوە.

لەم زانیارییانەی سەرەوە بۆمان بەدیاردەکەوێ کە ویلایەتی دیاربەکر لەزۆربەی کاتدا لەسنوورێکی فراواندا بووەو هەروەها بایەخ وپێگەیەکی گرنگی لەدەولەتی عوسمانیدا هەبوو. بۆیە هەمیشە کەسانی گرنگ وپایەبەرز حوکمڕانی ئەم ویلایەتەیان پێ سپێردراوە. هەر لەسەرەتاوە (محەمەد بێغللی پاشا)ی سەرلەشکری عوسمانی لەرۆژهەڵات کرایە والی دیاربەکر، وەکو بینیمان. ئەم والییە تا مردنی لە(٢٤)ی کانونی یەکەمی ١٥٢١ هەرحوکمڕانی ویلایەتەکەی کردووەو هەر لەم شارەش نێژراوە.[2] لەم بارەیەوە جێگەی تێبینییە کە هەندێ لەوالییەکانی ئەم ویلایەتە بەر لەوەرگرتنی ئەم پۆستە یان دواتر، پۆستی بەرزتریان هەبووە، بەتایبەتی پۆستی (سەدری ئەعزەم) کە دوای سوڵتان بەرزترین پایە بوو لەدەولەتی عوسمانیدا. کەواتە کەسایەتی گرنگ بوون

---

[1] خلیل علی مراد، المفهوم الاداری و....، ص٦٨٦- ٦٨٧؛ هەروەها بڕوانە: هاکان اوزاغلو، م. س، ص٩٨- ١٠٠.

[2] بڕوانە نووسراوی کێلی گۆڕەکەی لە: Mehdi ilhan, op. cit, p.15

لەدەولەتدا. لەنمونەی ئەم والییانەش ئاماژە بە (ڕۆستەم پاشا) دەکەین کە سەدری ئەعزەمێکی بەناوبانگی سەردەمی سلێمانی قانونی(١٥٢٠- ١٥٦٦) بوو. ماوەیەکیش (بەر لەساڵی ١٥٤١) والی دیاربەکر بوو.[١] هەروەها (مەلیك ئەحمەد پاشا)ش کە لەساڵی ١٦٣٨ ببووە والی دیاربەکر، دواتر بووە زاوای سوڵتان مورادی چوارەم (١٦٢٣- ١٦٤٠) و لەساڵی ١٠٦٠ك/ ١٦٤٩- ١٦٥٠ز پۆستی سەدری ئەعزەمی وەرگرت.[٢] هەندێ جاریش کەسانی کورد حوکمڕانی ویلایەتی دیاربەکریان کردووە بەڵام سەربە دەزگای حوکمڕانی عوسمانی بوون. وەکو (کورد ئیبراهیم پاشا) کە لەماوەی بەر لەساڵی ١١٦٣ك/ ١٧٤٩- ١٧٥٠ز والی ئەم ئیالەتە بوو.[٣]

دیارە بایەخی دیاربەکر لەسۆنگەی ئەمەوە بوو کەڕۆڵێکی گرنگی لەناوچەکە دەگێڕا، بەتایبەتی لەچوارچێوەی سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی عوسمانی وبەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرەکی و مەترسییە ناوەخۆییەکان. والییەکانی دیاربەکر لەسەردەمێکی زووەوە ئەمەیان سەلماند; هەرلەدەستپێکی سەردەمی سولتان سلێمانی قانونیدا (محەمەد بێغللی پاشا)ی والی دیاربەکر سێ ڕاپۆرتی لەسەر جموجوڵەکانی دەولەتی سەفەوی لەناوچەکە بۆ سوڵتان هەناردووە.[٤] لێرەشدا دەولەتی عوسمانی سوودی لەهەڵکەوتەی ویلایەتی دیاربەکر بینیوە کە هاوسنوور بوو لەگەڵ دەولەتی سەفەوی ، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئاگاداری پێشهاتەکان بێت وبەر لەهەڕەشەکانی سەفەوی بگرێت، کە لەو دەمەدا بەدوژمنی سەرسەختی عوسمانی دادەنرا لەڕۆژهەڵاتدا.

---

[1] Colin Imber,op. cit, p.165.

[٢] شمس الدين سامی، قاموس الاعلام، مهران مطبعەسی، مج١، استانبول ١٣٠٦ رومی/ ١٨٨٩م، ص٧٩٣.

[٣] هـ. س، ص٥٦٢.

[٤] بڕوانە دەقی ئەم ڕاپۆرتانە لە: فاضل بيات، م. س، ص٧٣- ٨٠.

سەرباری ئەمە، والییەکانی دیاربەکر بەهێزە سەربازییەکانی ویلایەتەکەیانەوە بەشداری کارایان هەبوو لەشەڕەکانی دژی دەولەتی سەفەویدا، نەخاسمە کە ئەم ویلایەتە نزیك بوو لەگۆڕەپانی ململانێی عوسمانی – سەفەوی. بۆ نمونە لەمیانەی شەڕەکانی سەردەمی سلێمانی قانونیدا ئاماژە بەڕۆڵی والی دیاربەکرو هێزەکانی دەکرێ لەڕووبەڕووبوونەوەی لەشکری سەفەوی.(١) هەروەها لەساڵی ١٥٨٥دا جەعفەر پاشای والی دیاربەکر شوێنی عوسمان پاشای گرتەوە لەسەرکردایەتی کردنی هێزەکانی عوسمانی لەتەورێز. ناوبراو کە بۆ ماوەی (٨) ساڵ فەرمانداری تەورێز بوو، ڕووبەڕووی شاڵاوەکانی سەفەوی بۆوە کە دەیانویست دەڤەرەکە داگیر بکەنەوە.(٢) شایانی باسە شاری دیاربەکر وەکو وێستگەیەك وسەرەڕێی لەشکرکیشییەکانی عوسمانی بۆ سەر دەولەتی سەفەوی، ڕۆڵی خۆی دەبینی. چونکە کەوتبووە سەر ڕێگای نێوان ئێران و ئەستەنبولی پایتەختی عوسمانی. ئەوەتا سوڵتان مورادی چوارەم لەمیانەی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٦٣٨دا بۆ گرتنەوەی بەغدا، لەهەردوو سەردا بەم شارەدا تێپەڕیوە.(٣)

لەسەرێکی ترەوە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی سوودیان لەتوانا سەربازییەکانی ویلایەتی دیاربەکر دەبینی لەبواری سەقامگیری ئاسایشی ناوەخۆدا. بۆ نمونە کاتێك (بەکر سوباشی) لەساڵی ١٦٢١دا لەبەغدا یاخی

---

(١) بڕوانە: حسن بیگ روملو، م. پ، ج٣، ص١٣١٥.

(2) Colin Imber,op. cit, p.66.

(٣) بڕوانە نەخشەی ڕێڕەوی هەڵمەتەکە لەپاشکۆی کتێبی:

Halil Sahillioglu, Dorduncu Muradin Bagdat seferi Menzilnamesi (Bagdat seferi Harp Jurnali) Belgeler: Turk Tarih Belgeleri Dergisi, cilt: X111, sayi 17 dem ayribasim, Ankara 1988.

بوو،[1] حافز ئەحمەد پاشای والی دیاربەکر ڕاسپێردرا بۆ هێرشکردنە سەری وکۆتاییهێنان بەکێشەکە.[2] توێژەرێك ئاماژە بەوە دەکات کەویلایەتی دیاربەکر لەگەڵ هەردهوو ویلایەتی موسڵ وحەلەب (کەوانی دڵنیایی)یان بۆ دەولەتی عوسمانی پێکدەهێنا لەدژی مەترسییەکانی سەفەوی و ئەو هەڕەشانەی کە لەدەڤەرەکە پەیدا دەبوون.[3]

لەهەندێ باری تردا دیاربەکر ڕۆڵی فریادڕەسی دەبینی، بەتایبەتی لەسەروبەندی تەنگەتاوی وپەیدابوونی قاتوقڕی لەویلایەت وهەرێمەکانی دەوروبەریدا. بۆ نمونە کاتێك لەساڵی ١٨٩٨دا گرانی لەویلایەتی موسڵ پەیدابوو، دەسەڵاتدارانی دەولەت بڕیاریاندا کە لەدیاربەکرو هەندێ ناوچەی ترەوە دانەوێڵە بۆ موسڵ بنێردرێ.[4] نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە شاری دیاربەکر مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی بوو، چونکە چەندین ڕێگەی بازرگانی سەرەکی بەشارەکەدا تێپەڕ دەبوون، هەروەکو لەباسەکانی دواتردا دەبینین. بێگومان دیاربەکر ناوەندێکی زانست ورۆشنبیریش بوو، بۆیە لەماوەی

---

(1) لەبارەی ئەم ڕووداوە بڕوانە: د. سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر، اربيل ٢٠٠٦، ص٢٢٨- ٢٣٠.

(2) تاريخ بجوى ابراهيم افندى/ التاريخ السياسى والعسكرى للدولة العثمانية، ت: ناصر عبدالرحيم حسين، مج٢، القاهرة ٢٠١٥، ص٤٥٤- ٤٥٥؛ هاممەر، م. س، ج٩، استانبول ١٣٣٥رومى، ص١٥.

(3) علي شاكر علي، ولاية الموصل في القرن السادس عشر/ دراسة في اوضاعها السياسية والادارية والاقتصادية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل ١٩٩٢، ص٩٢.

(4) بڕوانە وێنەی نووسراوێکی سەدری ئەعزەمی عوسمانی بۆ سوڵتان لە:

Osmanli Arşivi Daire Başkanliği: Musul – Kerkuk ile ilgili Arşiv Belgeleri (1525- 1919), Ankara – 1993, s.597.

سەردەمی عوسمانیدا چەندین زانا وشاعیرو نووسەری تێدا هەڵکەوت.[١] هەندێ لەبنەماڵەکانی ئەم شارە کە لەتوێژی ڕۆشنبیر بوون، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕۆڵی بەرچاویان لەبزاڤی ڕۆشنبیری وسیاسی کوردستاندا هەبوو. بەتایبەتی بنەماڵەی (جەمیل پاشای دیاربەکری) کە کەسانی وەکو (قەدری جەمیل پاشا) و (عومەر جەمیل پاش)ی تێدا هەڵکەوت. ئەم دووانە لەدامەزراندن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکاندا شوێن پەنجەیان دیاربوو.[٢]

دیارە ئەم گرنگییەی شاری دیاربەکر لەلای دەولەتە زلهێزەکانیش شاردراوە نەبوو، کە نوێنەرایەتییان لەدەولەتی عوسمانیدا هەبوو، بۆیە زۆربەیان بارەگای (کونسولی کوردستان)یان لەم شارە دانابوو. وەکو ڕوسیا کە لەساڵی ١٨٧٨دا کونسولێکی بۆ کوردستان دیاریکردو بارەگاکەی لەدیاربەکر بوو. بریتانیاش لەهەمان ساڵدا کونسولێکی گشتی بۆ کوردستان دانا و شاری دیاربەکریشی کردە بارەگای زستانەی.[٣] فەرەنساش کونسولێکی لەم شارە هەبوو. هەرچی ئەڵمانیا بوو، لەساڵی ١٩٠٢ نوێنەرایەتی خۆی لەم شارە کردەوە. بەڵام بەگوتەی کوردناسێك ئەمە لەشێوەی نەخۆشخانەیەك بوو کە لەسەرەوە خەڵکی دەرمان دەکرد ولەژێرەوەش زانیاری پێویستی بۆ حکومەتی ئەڵمانیا دەنارد. هەروەها چەندین نێردراوی کاسۆلیکیش لەم شارە هەبوون.[٤]

---

[١] لەم بارەیەوە بڕوانە: ا. م .مینتیشاشڤیلي، کورد/ کورتەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی – ئابووریی ڕۆشنبیری وگوزەران، و: د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چ٢، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی دهۆك ٢٠٠٨، ل٢٦٤- ٢٦٥.

[٢] بڕوانە: جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، و: ئەنوەر قادرمحەمەد، ستوکهولم ١٩٩٣، ل٨٣.

[٣] خليل على مراد، المفهوم الاداری و...، ص٦٨٧- ٦٨٨.

[٤] مینتیشاشڤیلي، س. پ، ل٢٦٥.

هەواڵنامەی کتێب

## باسی یەکەم:

## ئەو گەڕیدانەی باسی (دیاربەکر)یان کردووە:

ئاشکرایە کە گەشتنامەی گەڕیدەکان بەسەرچاوەی ڕەسەن وپڕبایەخ دادەنرێن لەبواری نووسینەوەی مێژوودا. لەسۆنگەی ئەم ڕاستییەوە، لەم توێژینەوەیەدا گەشتنامەکانمان کردۆتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ نووسینی مێژووی شاری دیاربەکر لەسەردەمی عوسمانیدا، خۆشبەختانە لەچەندین گەشتنامەی ئەو سەردەمەشدا هەواڵ وزانیاریمان لەبارەی ئەم شارە دەستدەکەوێ. بەڵام ئەم گەشتنامانە سەبارەت بەبابەتەکەی ئێمە دابەشی دوو جۆر دەبن: یەکەمیان گەشتنامەکانی ئەو گەڕیدانەن کە بەشاری دیاربەکردا تێپەڕیون وهەندێکیشیان ماوەیەك لەوێ ماونەتەوە. بۆیە لەنزیکەوە ئەم شارەیان بینیوەو ڕاستەوخۆ زانیارییەکانیان لەبارەی تۆمارکردووە. جۆری دووەمیان ئەوانەی ئەو گەڕیدانەن کە نەچوونەتە نێو شارەکەو خۆیان نەیانبینیوە، بەڵام لەشوێنی ترەوە لەبارەیان نووسیوە. زۆرجاریش لەمیانەی باسی تردا ناوی دیاربەکریان هێناوە.

بێگومان زانیارییەکانی جۆری یەکەمی گەشتنامەکان، بەگشتی بۆ ئێمە سوودیان زیاترە، بەڵکو کۆڵەگەی سەرەکی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. بۆیە پێویست دەکات باشتر بناسێنرێن. بەڵام سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە هەندێ لەگەریدەکان هەر لەناوەخۆی دەولەتی عوسمانییەوە گەشتیان کردووەو لەدەرەوە نەهاتوون. لەنێو ئەمانە شدا یەکێکیان کە (نەسوح ئەفەندی سیلاحی ناسراو بە مەتراقی زادە)یە تەنیا بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی هەڵمەتەکەی ساڵی (١٥٣٤)ی سوڵتان سلێمان قانونی لەخزمەت سوڵتاندا گەشتی کردووە. ئەم گەڕیدەیە کە ئەدیب ومێژوونووس ونیگارکێش و تەنانەت ماتماتیك زانیش بوو، بەووردی وەسفی قۆناغەکانی ڕێگای هەڵمەتەکەی کردووەو تەنانەت

نیگاری هەندێ شارو شوێنیشی کێشاوە.[1] بەڵام جێگەی داخە کە تەنیا هەندێ زانیاری کەمی لەسەر شاری دیاربەکر پێداوین، هەرچەندە ماوەیەك لەشارەکەشدا ماوەتەوە.

بەپێچەوانەی (مەتراقی زادە)، گەڕیدەیەکی تری عوسمانی زانیاری یەکجار زۆر وهەمەلایەنی لەبارەی دیاربەکر بۆ تۆمار کردووین. ئەویش (محەمەد زیللی کوڕی دەروێش ناسراو بە ئەولیاچەلەبی ١٦١١- ١٦٧٩؟)یە. ئەم گەریدەیە کە لەبنەڕەتدا لەدەرباری عوسمانی خزمەتی کردووە، بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە گەڕاوەو بۆ هەرسێ کیشوەری ئاسیاو ئەورووپاو ئەفریقیا گەشتی کردووە. زانیارییەکانی گەشتەکانیشی لە (١٥) بەرگدا نووسیوەتەوە.[2] هەرچەندە تێبینی دەکرێ کە ناوبراو هەندێ جار زێدەڕۆیی کردووەو هەروەها ئەفسانەو خەیالیشی تێکەڵ بەزانیارییەکانی کردووە، بەڵام بەگشتی گەشتنامەکەی ئەولیاچەلەبی سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە بۆ مێژووی هەموو ئەو ناوچانەی کە باسیان دەکات، ئێمەش سوودمان لەو بەرگە وەرگرتووە کە باسی کوردستان دەکات، ئەویش بەزمانی کوردی ولەڕێی کتێبی (کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا/ یان: سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی) کە لەلایەن (ناکام) وەرگێڕدراوە و بڵاوکراوەتەوە.[3]

---

[1] رحلة مطراقي زاده/ لنصوح افندي السلاحي الشهير بمطراقي زاده (توفي بعد ٩٥٧هـ)، ت: صبحي ناظم توفيق، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، ابوظبي ٢٠٠٣، ص٥-٦، ٩.

[2] د. خليل علي مراد، رحلة أولياجلبي مصدرا لدراسة أحوال العراق في القرن السابع عشر. مجلة (المشكاة) ع(١) س(١) ٢٠٠٤، ص٤٧-٤٨.

[3] بڕوانە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا/ یان: سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی، و: ناکام، چ٢، بەغدا ١٩٧٨.

(عالی بەگ) فەرمانبەرێکی تری عوسمانییە کە لەساڵی ١٨٨٣دا گەشتێکی بۆ ناوچەکە کردووە. ناوبراو پۆستی (بەرێوەبەری قەرزە گشتییەکان)ی هەبوو لەدەولەتی عوسمانیدا. هەروەها ڕۆژنامەوان وشانۆنووسیش بوو. بۆیە کاتێك ڕاسپێردرا بۆ پشکنین لەهەرێمەکانی (سەعەرد) و (دیاربەکر)، ئەم دەرفەتەی قۆستەوەو گەشتێکی بەرەو عیراق وهیندستان کرد. سەرنج وتێبینییەکانیشی لەبارەی گەشتەکەی تۆمارکرد. لەمیانەی ئەوەشدا بەووردی باسی شارو ئاوەدانی ونەریت وبارودۆخی دانیشتووانی ناوچەکان دەکات.[1] زانیاری زۆر گرنگیشمان لەبارەی دیاربەکر پێدەدات، بەتایبەتی سەبارەت بەهەڵکەوتەی شارەکەو گروپەکانی دانیشتووان وهەندێ لەنەریتەکانیان.

هەرچی ئەو گەڕیدانەن کە لەدەرەوەی دەولەتی عوسمانییەوە هاتوون و وەکو ڕێبوار بەناوچەکەدا گەڕاون، بێگومان زۆربەیان گەڕیدەی ئەوروپایین وبەشێوەیەکی گشتی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری جۆربەجۆر لەبارەی ڕۆژهەڵات گەشتیان کردووە. وەکو گەڕیدەی فەرەنسی (ژان ئۆتەر) کە لەساڵانی (١٧٣٤-١٧٤٣)دا لەدەولەتی عوسمانی وئێران گەڕاوە. ناوبراو لەلایەن پادشای فەرەنساوە راسپێردراوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری مێژوویی وجوگرافی وئابووری وکۆمەڵایەتی وسیاسی لەبارەی ناوچەکانی ئەم دوو زلهێزەی ڕۆژهەڵات. لەدەستپێکی گەشتەکەیدا کاتێ لە ئەستەنبۆڵ بووە، شاندێکی فەرمی ئێران لەپایتەختی عوسمانییەوە دەگەڕانەوە ووڵاتەکەی خۆیان. ئەویش ئەم دەرفەتەی قۆستۆتەوەو لەگەڵیاندا بەرەو ئێران گەشتی کردووەو بەناوچەکانی باکوورو

---

[1] عالي بك، رحلة عالي بك الى العراق العثماني والهند، ت: محمد حرب، ط١، القاهرة ٢٠١٥، ص١٠، ١٣.

باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستاندا تێپەڕیوەو زانیاری زۆری لەبارەیان نووسیوە.[1] بەجوانیش وەسفی دیاربەکرو دەڤەرەکەی کردووە.

لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمیشدا (کارستن نیبور/ ١٧٣٣- ١٨١٥)ی بەڕەچەڵەك ئەڵمانی وبەڕەگەزنامە دانیمارکی گەشتی بۆ ناوچەکە کردووە. ئەو کەزانای ماتماتیك ونەخشەساز بوو، لەچوارچێوەی شاندێکی زانستیدا کاری کردووەو لەسالی ١٧٦٦دا هاتۆتە کوردستان. بۆیە زانیاری وورد وهەمەجۆری لەگەشتنامەکەی تۆمارکردووە.[2] لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمدا گەڕیدەیەکی تر بەدیاربەکردا تێپەڕیوەو تیبینی و سەرنجەکانی خۆی لەبارەی خستۆتەڕوو. ئەویش گەڕیدەی هیندی (ئەبی تالیب خان/ ١٧٥٣- ١٨٠٦)ـە کە بەڕچەڵەك ئێرانییە. ناوبراو لەگەشتێکی ئەوروپا دەگەڕایەوە، کاتێك لەساڵی ١٨٠٢ بەکوردستانی عوسمانیدا تێپەڕی.[3] هەرچی (جۆن ماکدۆناڵد کینێیر/ ١٨٧٢- ١٨٣٠)ی ئەفسەر ودیبلۆمات وگەڕیدەی بریتانییە، لەساڵی ١٨١٣دا ڕاپۆرتێکی جوگرافی لەبارەی وولاتی فارس بڵاودەکاتەوە.[4] هەرچەندە (دیاربەکر) بەشێك نەبوو لەوولاتی فارس، بەڵام لەم ڕاپۆرتەیدا زانیاری گرنگی لەبارەی ئەو شارە نووسیوە. ئەم زانیارییانەش بەرهەمی ئەو گەشتانەی بووە کە بۆ ناوچەکەی کردووە؛ ناوبراو لەساڵانی (١٨٠٨- ١٨٠٩)دا وەکو یاریدەدەری سیاسی (جۆن

---

(1) سەفەرنامەی ژان ئۆتەر (١٧٣٤- ١٧٤٣) سەردەمی نادرشا، و: محەمەد حەمە باقی، دەزگای موکریانی، چ١، هەولێر ٢٠١٣، ل٩، ١١، ١٧.

(2) سەفەرنامەی نیبور لەسەدەی هەژدەدا، و: ئەردەلان عەبدوللا، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٣، ل١١- ١٩.

(3) رحلة ابي طالب خان الى العراق واوروبة، ت: د. مصطفى جواد، دار الوراق للنشر، بغداد ٢٠٠٧، ص١٢- ٢٠.

(4) John Macdonald Kinneir, A geographical memoir of the Persian Empire, Printed by Cox and Baylis, London 1813.

مالکۆڵم)ی سەرۆکی شاندە دیبلۆماسییەکەی بریتانیا بۆ دەرباری قاجار، کاری کردووە. کاتێکیش لەساڵی ١٨١٠ دا لەشاندەکە جیادەبێتەوە، لەبەغداوە بەڕێی موسڵ ودیاربەکر گەشت دەکات بۆ ئەستەنبۆڵ ودەگەڕێتەوە بریتانیا. دواتریش گەشتی تر دەکات بۆ ناوچەکەو گەشتنامەی تر دەنووسێ،[١] بەڵام ئێمە لەو توێژینەوەیەدا تەنیا پشتمان بەم ڕاپۆرتە جوگرافییەی بەستووە کە باسمانکرد.

دوای چەند ساڵێکی تر گەڕیدەیەکی تری ئینگلیزی ڕێی دەکەوێتە دیاربەکرو گەلێك زانیاری گرنگمان لەبارەی ئەو شارە بۆ دەنووسێ و وەسفی دامەزراوەکانی شارەکەو شوورەو شەقام وبازاڕ وتەنانەت گۆڕستانیش دەکات. هەروەها لەبارەی دانیشتووان وداب ونەریتیان چەندین زانیاریمان پێدەدات. ئەمە (ولیەم هیوود/ ١٧٨٩- ١٨٢٥)ـە کە لەکۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی ئینگلیزی کاری دەکرد ولەساڵی ١٨١٧دا لەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری هەمەجۆر لەبارەی گەلانی ڕۆژهەڵات، ئەم گەشتەی کردووە. ئەوەی لەم گەشتەیدا یارمەتی داوە ئەوەبووە کە دوای ئەوەی لەڕێی بەسراوە دەگاتە بەغدا، لەوێوە دەبێتە هاوسەفەری نێردراوی فەرمی واڵی بەغدا بۆ پایتەخت وبەڕێنمودەیی ئەو بەناو جەرگەی کوردستانی عوسمانیدا گوزەر دەکات. تا لە ئەستەنبۆڵ گەشتنامەکەی تەواو دەکات.[٢]

لەکۆتایی سییەکانی سەدەی نۆزدەمیشدا، دوو گەڕیدەی ئەمریکی هەریەکە بەجیا هاتوونەتە دیاربەکر. ئەمانە لەچوارچێوەی شاندی مژدەدەری ئەمریکی بۆ نێو ئاسوورییەکانی ناوچەی ورمێ، ڕەوانەکرابوون. بەڵام ئەوان هەر بەم کارە نەوەستاون ولەپێناو کۆکردنەوەی زانیاری هەمەلایەنە، بەناوچەکەدا

---

[1] https://en.m.wikisource.org/wiki/Kinneir_John_Macdonald_(DNBOO).

[٢] سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆکوردستان ساڵی ١٨١٧، و: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، هەولێر ٢٠١٢،ل٩- ١٠، ٣١.

گەڕاون. یەکەمیان کە قەشەیەکی ئینگلیکانی بوو بەناوی (هۆراشیۆ ساوزگێت/ ١٨١٢- ١٨٩٤)، لەساڵانی ١٨٣٨- ١٨٣٩دا گەشتێکی چەند مانگی کرد بەنێو ئەرمەنستان وکوردستان وولاتی فارس ومیزۆپۆتامیادا. ناوبراو هەردوو زمانی فارسی وتورکی ئازەری دەزانی، بۆیە زانیاری گرنگی لەبارەی شارو ئاوەدانییەکانی ئەم ناوچانە دەستکەوتووە، بەتایبەتی لەبارەی پیشەسازی چنین وبازرگانی.(١) ئەو لەسەرەتای ئاداری ١٨٣٩دا سەردانی دیاربەکری کردو چەند ڕۆژێك لەوێدا مایەوە، بۆیە چەند لاپەڕەیەکی گەشتنامەکەی بۆ ئەم شارە تەرخانکردووە.(٢) گەڕیدەی دووەمیش دکتۆر (ئاساهیل گرانت/ ١٨٠٧-١٨٤٤) بوو کە لەساڵی ١٨٣٥دا هاتبووە ڕیزی مژدەدەرانی ئەمریکی لە ورمێ،(٣) بەڵام لەساڵی ١٨٣٩دا گەشتێکی بەناوچەکانی کوردستاندا کردو (٤٠) ڕۆژ لە دیاربەکر مایەوە. بۆیە هەندێ تێبینی لەبارەی ڕەوشی ئەم شارە تۆمارکردووە، بەڵام گرنگترینیان ئەوانەن کە پەیوەندییان بەباری سیاسی وئاساییشی دەڤەرەکەوە هەیە.(٤)

هەرچی گەشتنامەکەی گەڕیدەی ئیسپانی (ئەدۆلفۆ ریڤادینیرا ١٨٤١-١٨٨٢)یە، کە بەناونیشانی (رحلة من سيلان الى دمشق/ گەشتێك لەسیلانەوە بۆ دیمەشق) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەوا بۆ زانینی ڕەوشی هەمەلایەنی دیاربەکر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، زۆر بەکەڵکە. چونکە ئەم گەڕیدەیە لەتەموزی ١٨٦٩دا هاتۆتە ئەم شارەو ماوەی چوار ڕۆژ و بەگوتەی

---

(1) http://www.saradistribution.com/horatiosouthgate.htm.

(2) Horatio Sawthgate, Narrative of a tour through Armenia, Kurdistan, Persia and Mesopotamia, Tile and Bogue, London 1840, p.290- 297.

(3) https://www.biblicalcyclopedia.com/G/grant-asahel.html.

(4) Asahel Grant, The Nestorians; The lost tribes, Harper & Brothers, New York 1841, p.31- 33.

خۆی لەهەر ڕۆژێکدا شەش کاژێر تیایدا گەڕاوە. بۆیە گەشتنامەکەی بەتایبەتی بۆ سەرنجدانی باری ئاوەدانی و هەروەها بۆ هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووریش زانیاری باشی تێدایە. نەخاسمە کە ئەو بەشێوازێکی واقیعیانەو ووردبین نووسیویەتی. ناوبراو وەکو کارمەندێکی دیبلۆماسی ووڵاتەکەی لەچەندین ناوچەی ڕۆژهەڵات و لەنێویشیاندا ئێران ووڵاتی شام، چەند ساڵێك خزمەتی کردووە. هەروەها لەپاڵ چەندین زمانی ئەوروپی هەندێ زمانی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیشی زانیوە، بەتایبەتی عەرەبی و فارسی.[1] ئەمانەش دوو هۆکاری ترن کە بایەخی گەشتنامەکەی زیاتر دەکەن .

سەبارەت بەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش کە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانییە، سوودێکی زۆرمان لەگەشتنامەکەی (ئیلی بانستەر سۆن/ ١٨٨١-١٩٢٣) دەستدەکەوێ. ئەم گەڕیدە ئینگلیزە وەك بازرگانێکی کوردی ئێرانی خۆی دەگۆڕێ و لەساڵی ١٩٠٧دا بەکوردستان ومیزۆپۆتامیا دا گەشت دەکات. ئەو نیازێکی هەواڵگری هەبوو بۆیە خۆی فێری زمانی کوردیش کردبوو. ئەمە یارمەتیدا بۆ ئەوەی لەگەڵ دانیشتوان تێکەڵ بێت و زانیاری ووردی لەسەر ناوچەکە دەستکەوێ.[2] بێگومان بەمەش بایەخی گەشتنامەکەی زێدەتر دەبێ، نەخاسمە کە ئەو چەند رۆژێك لەدیاربەکردا ماوەتەوە.

هەر لەم ماوەیەدا دوو برای سکۆتلەندی بەناوەکانی (دەبلیو. ئەی. وێگرام) و (ئێدگار. تی. ئەی. وێگرام) بەیەکەوە هاتوونەتە کوردستان. یەکەمیان کە قەشەیەکی ڕۆشنبیرو نووسەر بوو، لەساڵانی ١٨٩٧- ١٨٩٨ بە

---

[1] ادولفو ريفادينيرا، من سيلان الى دمشق، ت: صالح علماني، مطبوعات دار المدى، دمشق ٢٠٠٩، ص٩-١٠، ١٣٠.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم گەریدەیە بڕوانە: ميجر سون، رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت: فؤاد جميل، ج٢، بغداد ١٩٧١، ص٢٠٩- ٢٢١.

ئەندامی ئەو شاندە دیاری کرا کە لەبریتانیاوە بۆ نێو ئاسوورییەکانی هەکاری نێردرا. ئەویش بەناوچەکانی باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەڕاو بۆ ماوەی (١٠) ساڵ مایەوەو دواجار لەساڵی ١٩٢١دا ناوچەکەی جێهێشت. هەرچی براکەی بوو (ئێدگار وێگرام) کە نووسەر ونیگارکێش بوو، نزیکەی شەش مانگ لەکوردستان مایەوە. دواتر بەیەکەوە هاوکارییان کردو کتێبێکیان لەبارەی گەشت ومانەوەیان لەکوردستان دانا.[١] ئەم کتێبەش زانیاری گرنگی لەبارەی دیاربەکر تێدایە کە لەمیانەی توێژینەوەکەدا سوودیان لێدەبینین.

سەبارەت بەجۆری دووەمی گەشتنامەکان کە گوتمان دیاربەکریان نەبینیوەو لەشوێنی ترەوە هەندێ زانیارییان لەبارەی نووسیوە، بەڵام زانیارییەکانیان بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکەلکن، سەرەتا ئاماژە بە زاناو پزیشکی هۆڵەندی (لیۆنهارت ڕاوولف) دەکەین، کە لەساڵی ١٥٧٣دا بەمەبەستێکی زانستی دەستی بەگەشتەکەی کردووە بۆ ڕۆژهەڵات ولەزستانی ١٥٧٤- ١٥٧٥ گەیشتۆتە کوردستان. هەرچەندە ئەو سەردانی دیاربەکری نەکردووە، بەڵام لەشوێنی ترەوە هەندێ زانیاری نووسیوە کە پەیوەندییان بەدیاربەکرەوە هەیە.[٢] دەبێ باسی ڕەبەنی ئیتاڵی (دۆمنیکۆ لانزا/ ١٧١٨- ؟)ش بکەین کە لەپێناو کاری مژدەدەریدا لەماوەی ساڵانی (١٧٥٤- ١٧٦١)و (١٧٦٤- ١٧٧٠)دا لەموسڵ نیشتەجێ ببوو. لەم ساڵانەدا بینین وسەرنجەکانی خۆی لەشێوەی یاداشت تۆمارکردووە،[٣] کە هەندێکیان پەیوەندییان بەدیاربەکرەوە هەیە. هەروەها

---

[١] بڕوانە: دبليو. اى. ويگرام و ادگار. تى. اى ويگرام، مهد البشرية/ الحياة فى شرق كردستان، ت: جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، ط٤، اربيل ٢٠١٠.

[٢] بڕوانە: رحلة الهولندى الدكتور ليونهارت راوولف الى طرابلس- دمشق – حلب – الرقة – ديرالزور – بغداد – عانة – الفلوجة – هيت – كركوك – اربيل، ت: د. سليم احمد خالد، الدار العربية للموسوعات، ط١، بيروت ٢٠٠٨، ص٥، ٦-٧، ٢٢٥-٢٢٦.

[٣] الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا، ت: القس روفائيل بيداود، ط٢، الموصل ١٩٥٣،ص٣-٦.

(کلۆدیۆس جیمس ریچ)ی جێنشینی بریتانی لەبەغدا، کە لەساڵی ١٨٢٠دا گەشتێکی بەکوردستانی باشوور ورۆژهەڵاتدا کردو دواتر تێبینییەکانی لەکتێبێکدا نووسییەوە کە بەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەند دادەنرێ بۆ مێژووی کوردستان لەم سەردەمەدا.[١] چەند ئاماژەیەکیشی لەبارەی دیاربەکر تێدایە.

یەکێکی تر لەو گەڕیدانەی کە سەردانی دیاربەکری نەکردووە، بەڵام چەند زانیارییەکی لەبارەی نووسیوە، (جیمس برانت)ی کونسولی بریتانییە لەئەرزەڕۆم. ئەویش لەساڵی ١٨٣٨دا گەشتێکی بۆ بایەزید کردووەو بەهەردوو شاری (وان)و (موش)دا تێپەڕیوەو تێبینی ووردی لەبارەی نووسیوە.[٢] بەتایبەتی لەبارەی پیشەو کاری دەستی دانیشتووان وکاڵا بازرگانییەکان. گەشتنامەکەی گەڕیدەی فەرەنسی (هنری بندێ)ش لەوانەیە کە هەندێ زانیاری لابەلا بەڵام گرنگی لەسەر دیاربەکر تێدایە، هەرچەندە خۆی نەچۆتە ئەو شارە. ناوبراو لەساڵی ١٨٨٥دا لەڕێگای گورجستان وئازەربایجانەوە هاتۆتە کوردستان و لە (ورمێ)و (وان)ـەوە بەرەوخوار هاتووە تا بەغدا. لەوێشەوە تا (کرمانشا) و(تاران) چووەو لەکۆتاییشدا گەڕاوەتەوە پاریس.[٣]

بێجگە لەمانەی باسمانکردن، سوودمان لەزانیاری هەندێ گەڕیدەی تریش وەرگرتووە کە سەردانی دیاربەکریان کردووە. بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زانیارییەکانمان وەرگرتوون، چونکە دەستمان بەگەشتنامەکانیان

---

[١] بڕوانە: کلۆدیۆس جیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، چ٥، هەولێر ٢٠١٢.

[٢] جيمس برانت، رحلة المستر جيمس برانت الى المنطقة الكردية عام ١٨٣٨، ت: حسين احمد الجاف، مطبعة الجاحظ، بغداد ١٩٨٩،ص٣.

[٣] هنری بنديه، رحلة الى كردستان فی بلاد مابين النهرين سنة ١٨٨٥، ت: د. يوسف حبی، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل ٢٠٠١، ص٧.

ڕانەگەیشتووە. بەتایبەتی هەندێ گەڕیدەی ڕوسی کە لەڕێی دوو ژێدەردا[1] سوودمان لێ بینیون. هەروەها لەڕێی کتێبێك کە باسی گەشتنامەی بازرگانێکی ڤینیسیایی دەکات بۆ کوردستان،[2] سوودمان لەهەندێ زانیاری ئەم گەشتنامەیە وەرگرتووە. گرنگی ئەم گەشتنامەیەش لەوەدایە کە بەکەڵکە بۆ سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم. بەهۆی ژێدەرێکی تریش کە باسی گەڕیدە ئەوروپاییەکان دەکات لەعیراقدا، زانیاری گەڕیدەیەکی بریتانیمان بەکارهێناوە، کە لەساڵی ١٨٦٤دا سەردانی دیاربەکری کردووە. ئەم گەڕیدەیە ناوی (جۆن ئاشەر)ـە و ئەندامی کۆمەڵەی جوگرافی شاهانە بووە لە لەندەن.[3] ئەمانەش بەگشتی بۆ توێژینەوەکە بەکەڵکن.

[1] ب.م.دانتسیغ، الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ت: د. معروف خزندار، بیروت ١٩٨١، ص٢٨٩، ٣٠٨؛ مینتیشاشڤیلي، س. پ ، ل٣٣- ٣٤.

[2] رابیعە فەتاح شێخ محەمەد، کوردو کوردستان لەسەفەرنامەی بازرگانی ڤینیسیاییدا/ سەرەتای سەدەی شازدەی زایینی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٤.

[3] بڕوانە: رحالة اوروبیون فی العراق، دار الوراق للنشر (لندن)، د. م، ٢٠٠٧، ص١٢١- ١٢٤.

## باسی دووەم:
## هەڵومەرجی جوگرافی وباری ئاوەدانی:

بەر لەوەی بچینە سەر کرۆکی ئەم باسە، دەبێ یەکەمجار شرۆڤەی ناوی شاری دیاربەکر بکەین. چونکە ناوەکە بەتێپەڕبوونی کات وسەردەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بۆیە باسەکە دابەش دەکەین بۆ ئەم سەرەبابەتانە:

**أ- ناوی شارەکە:-**

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە ناوی ئەم شارە لەبنەڕەتدا (ئامەد) بووە. بێگومان ئەمە لەتۆمارە فەرمییەکانی دەولەتی عوسمانی وسەرچاوە مێژووییە بەراییەکانی ئەم سەردەمەدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەوەتا لەدەفتەرێکی تاپۆی عوسمانی ساڵی ١٥١٨ دا شارەکە هەر بە (ئامەد) ناودەبرێ.[1] تەنانەت لەکتێبی (جهاننما)شدا کە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا داندراوە، شارەکە هەر نێوی (ئامەد)ـەو ناوەندی ئیالەتێکە بەناوی دیاربەکر،[2] وەکو لەدەروازەشدا بینیمان. بەڵام بەرەبەرە ناوی ئیالەتەکە بەسەر ناوی شارەکەدا زاڵدەبێت[3] ودواجار بەفەرمی و لەسەرچاوەی تریشدا دەبێتە (دیاربەکر).[4] بۆیە لەکتێبی (قاموس الاعلام)دا کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا داندراوە، لەباسی شاری

---

(1) Mehdi ilhan, op. cit, p.47, 72.

(٢) بڕوانە: د. خليل علي مراد، الكرد وكردستان في كتاب "جهان نما"...، ص٦١- ٦٣.

(٣) نمونەیەکی تری هاوشێوەمان هەیە کە هەکارییە. هەکاری لەبنەڕەتدا ناوی هەرێم و ویلایەتەکەیە، بەڵام بووەتە ناوی مەڵبەندی ویلایەتەکەش کە خۆی (جولەمێرگ)ـە.

(٤) بۆ نمونە بڕوانە دەقی چەند بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە:

Osmanli Arşivi Daire Başkanliği: op. cit, s.111, 197, 231.

هەروەها: یاسين بن خيرالله الخطيب العمری، زبدة الاثار الجلية في الحوادث الارضية، انتخب زبدته: د. داود الجلبي، تحقيق: عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف ١٩٧٤، ص٦٧.

دیاربەکردا نووسراوە: "ناوە ڕەسەنەکەی (ئامەد)ـە". لەبارەی ویلایەتەکەشدا دەڵێ: "ناوەندەکەی شاری (ئامەد) بوو کە ئەمڕۆ (دیاربەکر)ی پێدەڵێین". ناوی دیاربەکریش بەر لەوەی ببێتە ناوی ویلایەتێکی عوسمانی، لەبنەڕەتدا ناوی هەرێمەکە بووە و لەناوی هۆزی (بەکری کوڕی وائیل)ی عەرەبییەوە هاتووە، کە لەسەدەکانی بەرایی ئیسلام لەهاویناندا بۆ ئەو ناوچانە دەهاتن.[١]

ئەمانەی لەسەرەوە باسمانکرد لەگوزارش و زانیارییەکانی گەڕیدەکاندا بەباشی بەدیاردەکەوێ. گەڕیدەیەکی ڤینیسیایی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی سەفەوی لەدیاربەکردا (واتە چەند ساڵێکی کەم بەر لەدەستپێکی سەردەمی عوسمانی) سەردانی شارەکەی کردووە، هەرێمەکە بە (دیاربەکر) وشارەکەش بە (ئامەد) ناودەبا.[٢] (مەتراقی زادە)ی عوسمانیش لەساڵی ١٥٣٥دا (ئامەد) بۆ شارەکەو (دیاربەکر)یش بۆ هەرێم یان ویلایەتەکە بەکاردەهێنێ، کاتێ باسی ئەوە دەکا کە سوڵتان بەڕێ کەوتووە بەرەو "(قەڵای ئامەد)، کە یەکێکە لەقەڵاکانی (دیاربەکر)". دواتریش دەڵێ بە (ئامەد) دەگوترێ "قارە عمید".[٣] دیارە لەمەشدا مەبەستی (قەرە ئامێد)ـە، چونکە (ئەولیا چەلەبی) لەناوەڕاستی سەدەی دواتردا وا ناوی دەبات. ئەو دوای ئەوەی ئەفسانەیەك لەبارەی بنیادنان و ناونانی شارەکە دەهێنێتەوە، دەڵێ: "لەبەرئەوەی دیوارەکانی بە بەردی ڕەش داندراوە بۆیە (قەرە ئامێد)ی پێدەڵێن"،[٤] کە دەکاتە (ئامێدە ڕەش). دیارە ئەمەش وەسفی تورکەکان بووە بۆ شارەکە.

---

[١] شمس الدين سامی، م. س، مج٣، استانبول ١٣٠٨رومی/ ١٨٩١ز، ص٢٢٠٢.

[٢] رابیعە فەتاح، کوردو کوردستان ... ، ل٥٢، ٥٩.

[٣] رحلة مطراقي زاده، ص١٤٧، ١٤٨.

[٤] کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٣٢.

لەگوتەکانی (ئەولیا چەلەبی) دەردەکەوێ کە ئەم شارە تا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمیش هەر (ئامەد)ی پێگوتراوە. بەڵام دیارە لەمەبەدوا بەرەبەرە ناوی (دیاربەکر)ی بەسەردا دەچەسپێ، ئەگەرچی بۆ نزیکەی سەدەیەك دواتریش هێشتا ناوە ڕەسەنەکەی هەر دەمێنێ. چونکە (ژان ئۆتەر) لەساڵی ١٧٤٣دا شارەکە بە (دیاربەکر) ناودێنێ بەڵام لەمیانەی باسی ئیالەتەکەدا دەڵێ (عەمید) ناوەندی نشینگەی پاشایە.[١] ئاشکرایە کە ئەمەش هەر (ئامەد/ یان: ئامید)ـە. ئەم گەڕیدە فەرەنسییە ئاماژە بەوەش دەکات کە لەنێو خەڵکی ناوچەکەدا وا باوە کە شازادە خانمێك شاری دیاربەکری دروستکردووەو بەناوی خۆیە ناوی ناوە.[٢] هاوشێوەی ئەمە، لەسییەکانی سەدەی نۆزدەمیشدا گەڕیدەیەك دەڵێ موسڵمانەکان بنیادنانی ئەم شارە دەگێڕنەوە بۆ کچی میرێکی گاور.[٣] بێگومان ئەمەش هەر ئەو ئەفسانەیە کە (ئەولیا چەلەبی) باسی دەکات.[٤] کەواتە لەهەموو ئەو ماوەیەدا خەڵکی شارەکە باوەڕیان بەم ئەفسانەیە هەبووە.

لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەم بەدواوە هەموو گەڕیدەکان تەنیا ناوی (دیاربەکر) بۆ شارەکە بەکاردەهێنن.[٥] بەڵام زۆر لەم گەڕیدانە ناوە کۆنەکەی شارەکەیان بیستووەو لەگەشتنامەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە. وەکو (نیبور) کە لەساڵی ١٧٦٦دا دەنووسێ: "ناوی دیاربەکر زۆر کۆن نییە، پێشتر ئەم شارە ناوی

---

[١] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٥.

[٢] هـ. س، ل١١٥.

[3] Horatio Sawthgate, op.cit, p.290.

[٤] بڕوانە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٣٢.

[٥] بڕوانە: الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا، ص٤٣؛ رحلة ابي طالب خان...، ص٢٤٤؛ ميجر سون، م. س، ج١، بغداد ١٩٧٠، ص٨٣.

(ئامەد Amad) بووە. ئەم ناوەی تر ئێستا لەبەڵگە ڕەسمییەکانی تورکەکاندا بەکاردێت".[١] نزیکەی نیو سەدە دواتر (کینیێر)ی بریتانیش دەستەواژەی "ئامیدی کۆن" لەگەڵ ناوی دیاربەکربەکاردێنێ. باسی ئەوەش دەکات کە بەهۆی بەردە ڕەشەکانی شوورەکەیەوە، تورکەکان هەندێ جار پێیدەڵێن "قەرە ئامید".[٢] (ولیەم هیوود)یش سەبارەت بە دیاربەکر دەلێ "وەکو ئامەدی کۆن ناسراوە". هەروەها ئاماژە بەناوی (قەرە ئامەد)و بەردە ڕەشەکانیش دەکات.[٣]

ئەوەی جێگەی تێبینییە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە تا کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی هێشتا ناوە ڕەسەنەکەی شارەکە دەمێنێ. چونکە گەڕیدەیەکی ئیسپانی لەساڵی ١٨٦٩دا دەڵێ ئەم شارە لەمێژووی یۆنانی و ڕۆمانیدا بەناوی (ئامید) ناوی دەهێنرێ. بەڵام هۆزەکانی (بەکر)ی عەرەبی ناوی خۆیان بەسەر شارەکەو هەرێمەکەی دەوروبەریدا بڕی. کەچی عوسمانییەکان واڕاهاتوون ناوی بنێن (کەرا [= قەرە] ئامید) واتە ئامیدی ڕەش.[٤] هەروەها (عالی بەگ) کە خۆی فەرمانبەرێکی باڵای عوسمانی بوو، لەساڵی ١٨٨٣دا دەڵێ: "شاری دیاربەکر ناوێکی تری هەیە کە (ئامەد)ـە".[٥] کەواتە ناوە کۆنەکەی شارەکە لەبیرنەکراوەو تەنانەت بەپێی گەواهی برایان (وێگرام) لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا بەتەواوی لەبەکارهێنان نەکەوتووە.[٦]

---

[١] سەفەرنامەی نیبور...، ل١٩٩.

[2] John M. Kinneir, op. cit, p.333.

[٣] سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٢.

[٤] ادولفو ريفادينيرا، م. س، ص١٣٥.

[٥] رحلة عالي بك...، ص٢٢.

[٦] مهد البشرية...، ص٢٩.

**ب- هەڵکەوتەی جوگرافی ودیمەنی شار:-**

شاری دیاربەکر لەڕووی فەلەکییەوە لەسەر هێڵی ٢٠ ٢٥ ٣٧ پلەی پانی باکوور و ٢ ٣٨ پلەی درێژی خۆرهەڵاتەو ٦٢٦ مەتر لەڕووی دەریاوە بەرزە. شارەکە دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای دیجلەو نزیکەی نیو سەعاتە ڕێ لێیەوە دوورە. لەو نێوانەدا باغ وبێستانی جوان هەیەو هەروەها دیمەنی شارەکەش لەدەرەوە زۆر جوانە. لەڕووی ئاووهەواوە دیاربەکر لەهاویناندا گەرمەو لەزستانیشدا زۆر ساردە. ئەم زانیارییانە لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی لەلایەن مێژوونووس وجوگرافیناسی عوسمانی (شەمسەددین سامی) تۆمارکراون.[١] بابزانین گەڕیدەکان چی دەڵێن لەم بارەیەوەو سەرنجیان چۆن بووە.

سەبارەت بە هەڵکەوتەی فەلەکی دیاربەکر، هەردوو گەڕیدە (کینێیر) و (گرانت) زۆر لەڕاستی نزیك بوونەتەوە؛ بەتایبەتی ئەوەی یەکەمیان کە شوێنەکەی لەسەر هێڵی پانی ٣٠ ٥٥ ٣٧ پلەی باکوور و هێڵی درێژی ٥٢ ٣٩ پلەی ڕۆژهەڵات، دیاریکردووە. دووەمیشیان بەنزیکەیی دەڵێ هێڵی پانی ٣٧ پلەی باکوور و هیڵی درێژی ٤٠ پلەی ڕۆژهەڵات. هەردووکیشیان دووری ئەم شارەیان لەماردین بە (٦٠) میل داناوە. بەڵام (کینێیر) ئەوەش زیاد دەکا کە دیاربەکر (٢٨٧) میل لە (ئورفە) و (١٧٢)میل ونیو لە (مەلاتیە)وە دوورە.[٢]

هەندێ گەڕیدەی تر تەنیا سەرنجی خێراو تێبینی کورتیان لەبارەی هەڵکەوتەو دیمەنی شاری دیاربەکر تۆمارکردووە؛ وەکو (ژان ئۆتەر) کە دەڵێ سەرزەمینی (ئامەد) لەخۆرئاوای پێدەشتێکی سەوز دایە.[٣] یان (نیبور) کە

---

[١] قاموس الاعلام، مج٣، ص٢٢٠٢-٢٢٠٣.

[2] John M. Kinneir, op. cit, p.334; Asahel Grant, op. cit, p.31.

[٣] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٦-١١٧.

دەنووسێ : "دیاربەکر دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەوە. زەوییەکەی لەنزیك ڕووبارەکەوە زۆر نزمە".[1] گوزارشی (عالی بەگ)یش جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە؛ ئەویش باسی هەڵکەوتەی شارەکە دەکات لەسەر ڕۆخی دەستەڕاستی دیجلە ودەڵێ چونکە سەرزەمینی شارەکە بەرزە، بۆیە لەتەلانی قەڵاوە تا ڕووبارەکە دارستانەو پێی دەگوترێ باخچە نزمەکان.[2]

کەم دوویی ئەم گەڕیدانە سەبارەت بەدیاربەکر وەنەبێ لەبەر بێ نموودی شارەکە بێ، بەڵکو پێدەچێ زیاتر بەهۆی کورت دادڕیی ئەوان بێ. چونکە (ئەولیاچەلەبی) بەپێچەوانەی ئەوان، ووردەکاری زۆرمان لەبارەی هەڵکەوتەی شارەکە دەداتێ؛ ناوبراو لەوەسفی دیاربەکردا دەنووسێ: "لەڕۆخی شەتولعەرەب[3] لەسەر چیای کچ کە کێوێکی بەرزە بە بەردی ڕەش دروستکراوە، ئەگەرچی ئەو چیایە بەردیشە، لای ژوورەوەکەی مێرگ وچیمەنێکی بەرینە، ...بەهۆی ڕووبارەکەوە ئەمبەرەوبەری کراوەتە باخ وبێستان وپەرژین کراون ... بەم جۆرە ئەم لایەی قەڵا ئە ئاوا سەری گەیشتۆتە ئاسمان و لایەکانی دیکەی باکوور وخۆرئاوا و قیبلەی زەوی یێکی تەختە". لەشوێنێکی تریش سەبارەت بە باخچە پەرژینکراوەکانی دیاربەکر دەلێ: "بۆ خۆشی لەجیهاندا بێ وێنەن". هەروەها بەدرێژی باسی چەم وڕووبارەکانی دەوروبەری دیاربەکر دەکات و ئاماژە بەسەرچاوەکانیان دەدات. ئەمە سەرباری وەسفکردنی کانیاوەکانی شار کە یەکە بەیەکە باسیان دەکات و بەساردی

---

[1] سەفەرنامەی نیبور...، ل١٩٩.

[2] رحلة عالي بك...، ص٢٢.

[3] ئەولیاچەلەبی بە زێی دیجلە دەڵێ (شەتولعەرەب)، بڕوانە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٥٢. دیارە خەڵکی شارەکەش هەر پییان گوتووە شەت، وەکو دواتر دەبینین.

وخۆشییاندا هەڵدەدات، وەکو (عەین حەمرە) و (کانی عەلی) و (کانی چوار بەردە). لەکۆتاییشدا دەڵێ: "بەهۆی ئەم هەموو سەرچاوانەوە خوا ڕازاندۆیەتییەوەو هەرگیز سەخڵەتی بێ ئاوی ناکێشێ".[1] شایانی باسە گەڕیدەیەکی تریش لەسەدەی شازدەمدا ئاماژە بەدەوڵەمەندی ئەم شارە دەکات بەسەرچاوەکانی ئاو.[2]

بێجگە لە (ئەولیاچەلەبی) چەندین گەڕیدەی تریش بە دیمەنی شاری دیاربەکر سەرسام دەبن و بەهەڵکەوتەکەیدا هەڵدەدەن؛ بەتایبەتی (ئەبی تالیب خان) کە لەم بارەیەوە دەنووسێ: " دیاربەکر لەجوانترین شارەکانە ... ئەو شارە کەوتۆتە سەر کەناری دیجلە، چەندین بەرزایی بەگژوگیا داپۆشراویش دەوریان داوە. لەسەرووی ئەم بەرزاییانەش بەزۆری خانووی بچووك هەن کە باخچەو بێستان ورەزیان لەدەورە. بەکورتی دیمەنی ئەم شوێنە بەڕاستی سەرنجڕاکێشە".[3] (کینیێر)یش کە چەند ساڵێك دواتر هاتۆتە ئەم شارە، لەبارەی دیمەنی دیاربەکر لەدوورەوە، دەڵێ: "دیمەنێکی جوانی هەیە، شکۆی شاخەکانی دەوروبەری وپێچەکانی دیجلەو بەرزایی دیوارەکان وتاوەرەکان، لەگەڵ گومبەتی مزگەوتەکان، شێوەیەکی شکۆمەندانەی پێدەبەخشێ، بەجۆرێك لەهەموو ئەوشارانەی تر لەپێشترە کە من لەو بەشەی جیهاندا سەردانم کردوون". لەبارەی هەڵکەوتەی شارەکەش دەڵێ لەدەشتاییەکی بەرز هەڵکەوتووە، کە زیاتر لەزەمینێکی شێوە مێز دەچێ. لەخاڵێکی ناو سیگۆشەیەك دایە کە بەهۆی سووڕانەوەی دیجلە پێکهاتووەو لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دەوری داوە. سەبارەت بەزێی دیجلەش لەم شوێنەدا ئاماژە بەوە

---

[1] بڕوانە: هـ. س، لاپەڕەکانی: ٣٨، ٤٦-٤٨، ٥٢- ٥٤، ٦٣.

[2] رابیعە فەتاح، کوردو کوردستان...، ل٨٩.

[3] رحلة ابي طالب خان...، ص٢٤٤.

دەکا کە لەبەهاردا ئاوەکەی زۆر بەرز دەبێتەوە، بەڵام لەمانگی کانونی یەکەمدا ئاوەکە نەگەیشتووەتە چۆکی ئەسپەکانی.[١]

چوار ساڵ دواتر (ولیەم هیوود) دەگاتە بەر دەروازەی شار وبەسەرسامییەوە دەڵێ: "زۆر کەم ناوچە هەیە لەڕۆژهەڵات کە دیمەنێکی زۆر نوێ و زۆر سەرنجڕاکێش بە گەشتیاری ئەورووپی ببەخشێ". ئەو کە لەڕێگای ماردینەوە هاتبوو، لەنزیك دیاربەکر لەدیجلە پەڕیوەتەوە بۆ ئەوەی بگاتە شارەکە. دوای پەڕینەوەش بەنێو گۆڕستانێکدا تێپەڕیوە کە دیوارێکی مەڕمەڕی ڕەش دەوری داوە، ئینجا گەیشتۆتە شارەکە. بەڵام باسی سێ پرد دەکات ودەڵێ دووانیان زۆر چاك دروستکرابوون ولە (١٠) کەوانەی جوان پێکهاتبوون.[٢] دیارە ئەم گەڕیدەیە لەمەدا هەڵەی کردووە، یان باسی پردی تر دەکات لەدەوروبەری دیاربەکر. چونکە (کینیێر) تەنیا ئاماژە بەیەك پرد دەکات ودەڵێ نزیکەی نیو میل لەخوارووی شارەکەوە دوورەو پردێکی دوازدە کەوانەییە.[٣] هەروەها گەڕیدەی تریش، وەك (مێجەر سۆن) و هەردوو برا (وێگرام) تەنیا باسی پردێك دەکەن لەسەر دیجلە لەنزیك دیاربەکر.[٤] لەڕاستیشدا هەر یەك پردە ودەکەوێتە خوارووی شار بەنیو سەعاتە ڕێ. پردێکی بەردینی گەورەو پتەوەو لەسەر (١١) کەمەرە دامەزراوە.[٥] کەمەرەکان هەموویان بەیەکەوە (١٠) کەوانەی جوانیان دروستکردووە، بۆیە بەم پردە دەگوترێ (دەهدەرە) یان (دەهدەری) و ئێستاش ماوە.

---

(1) John M. Kinneir, op. cit, p.333, 334.

(٢) سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٢.

(3) John M. Kinneir, op. cit, p.334.

(٤) رحلة متنكر...، ج١، ص٩٢؛ مهد البشرية...، ص٢٩.

(٥) شمس الدين سامی، م. س، مج٣، ص٢٢٠٣.

تەنانەت لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا کە تەلارسازی لەئەوروپا پێشکەوتووتر بوو لەچاو ڕۆژهەڵات، هێشتا گەڕیدە ئەوروپاییەکان بەدیمەنی شاری دیاربەکر سەرسام دەبن؛ وەکو دیپلۆماتی ئیسپانی (ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا) کە لەساڵی ١٨٦٩دا کاتێ گەیشتە لوتکەی شاخێك و لەوێوە شاری دیاربەکری بۆ دەرکەوت، نووسی: "دیمەنێکم بینی ... کەهەرگیز لەبیرناکرێ، لەبەرئەوەی تا هەتایە لەئەندێشەی ئەو کەسانەش هەڵدەکۆڵدرێ کە کەمترین توانای کاریگەربوونیان هەیە". ئینجا لەوەسفی دیمەنەکەدا دەڵێ: "لەسەر شاخێکی وەك قووچەکی سەربڕاو، و لەبەرزایی حەفتا مەتر، شاری دیاربەکرم بۆ دەرکەوت. حەفتا قوللـەی مەیلەو ڕەش دەوریداوە، لەسەریشی منارە دامەزراوەکان وەکو تیری سپی بەدیاردەکەون".[1]

دیارە شاری دیاربەکر لەلای ڕۆژئاواوە لەدوورەوە دیمەنێکی جوانی نەبووە، بۆیە سەرنجی (مێجەر سۆن)ی ڕانەکێشاوە کە لەم لایەوە بەرەو شار هاتووە. ئەو شارەکە بە قەڵایەك لەبەردی ڕەش دەچوێنێ لەناو بیابانێکی گەورەدا. بەڵام زەوی وزاری دەوروبەری جوان دێتە بەرچاو کە پڕ بوو لەبێستانی نایاب و گوڵ وگوڵزاری جوان. بەتایبەتی کە لەمانگی نیساندا بوو. هەروەها کاتێکیش لەنزیکەوە شارەکە دەبینێ بۆچوونی دەگۆڕێ و دەڵێ: "دیاربەکر لەیەکەم بینیندا سەرنجی بیانی ڕادەکێشێ، وەکو شارێکی قەشەنگ و خاوێن وگەشاوە". دواتریش لەگەشتێکی بۆ دەوروبەری شارەکە چاوی خۆی بەدیمەنی شاخی بەرز وکانیاوی بەخوڕو دارو سەوزایی تەڕ دەگەشێنێتەوە.[2]

چەند ساڵێك دواتر برایان (وێگرام)یش هەستێکی هاوشێوەیان لەلا دروست بوو کاتێ لە (ئورفە)ـەوە بەرەو دیاربەکر هاتن. بۆیە نووسیویانە: "لەکۆتاییدا لەدوورەوە شارێکمان بۆ دەرکەوت کە بەفراوانییەکەی سەرنجی

---

[1] من سيلان الى دمشق، ص١٢٦.

[2] رحلة متنكر...، ج١، ص ٨٠، ٨٣، ٩٤.

ڕاکێشاین و بەدیمەنە ترسناکەکەی بووە جێگەی بایەخی تایبەتی ئێمە". بەڵام دواتر کە لەگەڵ شاری ئەوروپی هاوشێوە بەراووردی دەکەن دان بەوەدا دەنێن کە "ئەو شوورە بازلتییەی دەوری دیاربەکری داوە لەهەموو شوورەکانی تر قەشەنگتر وجوانترە". ئەم دوو برایە باسی تۆبۆگرافیای دەوروبەری شارەکەش دەکەن و ئاماژە بەو بەرزاییە دەکەن کە لەشارەکەوە دەڕوانێتە سەر دۆڵی زێی دیجلە. بەگوتەی ئەوان خەڵکی ئەوێ ئەم زێیەیان بە "شەت" ناوبردووە.[١] ئەمەش هاوشێوەی وەسفەکەی (ئەولیا چەلەبی)یە کە پێشتر ئاماژەمان پیدا.

هەندێ گەڕیدە چەند سەرنجێك لەبارەی کەشوهەوای دیاربەکریش تۆماردەکەن و بەتایبەتی ئاماژە بەفێنکی بەهارو گەرمای هاوین دەکەن؛ وەکو (هۆراشیۆ ساوزگێت/ ١٨٣٩) کە دەڵێ هەڵکەوتنی شارەکە لەسەر کەنارێکی بەرز کەدەڕوانێتە دیجلە، واپیشان نادا کە ناتەندروست بێ. بەڵام "دەگوترێ گەرماکەی لەهاویندا لەڕاددەبەدەرە، (تا)ش زۆر بەربڵاوە". کەچی ئەو کەشوهەوای شوێنەکەی پێ خۆش بوو.[٢] هەروەها بەدڵی (مێجەر سۆن/ ١٩٠٧)یش بوو،[٣] چونکە ئەوان لەبەهاردا هاتوونەتە شارەکە. بەڵام بۆ (دکتۆر گرانت/ ١٨٣٩) خۆش نەبووە چونکە لەمانگەکانی حوزەیران وتەممووزدا لەوێ ماوەتەوە. بۆیە ئاماژە بەگەرما و کەشوهەوای ناتەندروستی دیاربەکر دەکات و دەڵێ پلەی گەرما لەسێبەردا (٩٨) پلەی فەهرەنیهایەت بوو، ڕۆژانەش لەزیادبوون دابوو.[٤] ئەگەر بزانین ئەم پلەیە دەکاتە (٣٦.٦) پلەی سەدی، ئەوا بەلای ئێمە زۆر گەرم نیە. بەڵام بۆ گرانت کە خەڵکی نیۆیۆرك بوو، دیارە گەرم بووە.

---

[١] مهد البشرية...، ص٢٩.

[2] Horatio Sawthgate, op.cit, p.292.

[٣] بڕوانە: رحلة متنكر...، ج١، ص٨٥.

[4] Asahel Grant, op. cit, p.33.

### ج- پێکهاتەی شار وئاستی ئاوەدانی:-

یەکێك لەتوێژەران بەپشت بەستن بەزانیارییەکانی دەفتەرێکی تاپۆی ساڵی ١٥١٨، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە شاری دیاربەکر لەسەرەتاکانی سەردەمی عوسمانی یەکێك بووە لەگەورە شارەکانی ئەنادۆڵ.[١] هەر بەپێی زانیارییەکانی دەفتەرەکە بۆمان بەدیار دەکەوێ کە ئەم شارە لەو سەردەمەدا لەچوار گەڕەکی نیشتەجێبوون پێکهاتووەو (٢٥٥٠) ماڵی تێدابووە. گەڕەکەکانیش بریتی بوون لە (باب ماردین، باب رۆم، باب جبل، باب الماء).[٢] ئاشکرایە کە ناوی ئەم گەڕەکانەش لەناوی دەروازەکانی شارەکەوە هاتوون. ئەوەتا لەکتێبی (جهاننما)دا هاتووە کە شارەکە بەشوورەیەکی مەزنی ڕەش دەورە دراوە کە چوار دەروازەی هەیە، ئەوانیش پێیان دەگوترا: "ماردین قبوسی"، "طاغ قبوسی"، "شط قبوسی"و "ارضروم قبوسی".[٣] سەبارەت بەپێکهاتەی شارەکەش ئەم سەرچاوەیەی دوایی دەڵێ هەموو خانوو وشوێنە بازرگانییەکانی شار لەناو شوورەکە دان و لەو شارەدا ژمارەیەك مزگەوت وقوتابخانەی ئایینی وگەرماو وخان ودامەزراوەی خێرخوازیش هەیە. لەگەڵ قەڵایەکی ناوەخۆیی "ایچ قلعة" کە لەسەر بەرزاییەکی شارەکەدایە. ئەم قەڵایەش قایمەو دەزگای حوکمڕانی و هەندێ خانوو ودوکانیشی لێیە.[٤]

---

(1) Mehdi ilhan, op. cit, p.23.

(2) Ibid, p.29, 47, 62, 72.

(٣) بێگومان ئەمانە بەزمانی تورکین بەڵام هەمان واتای ناوەکانی پێشوویان هەیە؛ چونکە (طاغ = جبل= چیا)، (شط)یش مەبەست دیجلەیە کە دەکاتە (الماء= ئاو)، هەرچی (ارضروم)ـە ئەوا پێشتر تەنیا (روم) بوو. دیارە (ماردین)یش وەکو خۆیەتی.

(٤) د. خليل علي مراد، الكرد وكردستان فى كتاب "جهان نما"...، ص٥١.

لەسەرنج وتێبینییەکانی زۆربەی گەڕیدەکانیش بۆمان بەدیاردەکەوێ کە دیاربەکر شارێکی گەورە بوو.[1] بەجۆرێك بە یەکێك "لەشارە گەورەکانی ئاسیای بچووك" دادەنرا.[2] تەنانەت گەڕیدەیەك لەساڵی ١٨٦٩دا "لەباشترین شارەکانی ڕۆژهەڵات" ئەژماری کردووە.[3]

سەبارەت بەسەرەتاکانی سەدەی شازدەم دەکرێ گوزارشی بازرگانی ڤینیسیایی بهێنینەوە کە لەبارەی ئەم شارە دەڵێ: "شارێکی گەورەیە، ... شوورەیەکی مێژوویی کە دە تا بیست میلە بەدەوریەوە سووڕاوەتەوە، دیوارەکەی لەبەردی ڕەش چێ کراوە... لەتەواوی شاردا سێ سەد و شەست بورج وکۆشك هەن". دواتریش سەرسامی خۆی بە تەلار وباڵەخانەکانی شارەکە پیشان دەدات و بەجوانی ئەندازەی بورج وکۆشکەکاندا هەڵدەدات، کە بەگوتەی ئەو زۆربەیان لەبەردی مەڕمەڕ دروستکراون. بەشێوەیەکی تایبەتیش پەسنی کڵیساکان دەکات و بەووردی وەسفی هەندێکیان دەکات؛ وەکو کڵێسای جەرجیس و کلیسای یەحیا و کلێسای مەریەمی پاکیزە.[4]

لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمیشدا، دیاربەکر هەر گەورەو سەرنجڕاکێش بوو. ئەمەش لەزانیارییەکانی (ئەولیاچەلەبی) دەردەکەوێ کە ووردەکاری زۆرمان لەبارەی پێکهاتەی ئەم شارە پێدەدات. سەرەتا بە سەلیقەوە وەسفی شوورەی شارەکە دەکات و بە بەرزی وپتەوی ئەودا هەڵدەدات و لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "هەموو قولـلەو ددانەکانی چاویان لەیەکترەو لەکاتی

---

(1) عالي بك، م. س، ص٢٢.

(2) اوليفييه، رحلة أوليفييه الى العراق ١٧٩٤-١٧٩٦، ت: د. يوسف حبى، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد ١٩٨٨، ص٢٨.

(3) ادولفو ريفادينيرا، م. س، ص ١٣٠.

(4) بڕوانە: رابیعە فەتاح، کوردو کوردستان...، ل٥٢، ٨١- ٨٢.

گەمارۆداندا یەکتر دەبینن وفریای یەك دەکەون... لای خۆرهەڵاتی لەبەر ڕەوەزە بەرزەکە پێویستی بە خەرەند نیە، بەڵام باکوور وخۆراواو باشووری خەندەکی هەیە، لەسووچی چوارگۆشەکانیدا بورجی وای هەیە دەڵێی سەددی یاجووج وماجووجە". دیارە لەو سەردەمەشدا شوورەکە چوار دەروازەی هەبووە کە دەرگای ئاسنینیان تێخراوە. ئەوانیش بەم شێوەیە بوون: لای باکوور دەروازەی چیا، لای خۆرئاوا دەروازەی ڕۆم، لای باشوور دەروازەی ماردین و لەخۆرهەڵاتیش دەروازەی نوێ.[1] کەواتە ناوی دەروازەکان وەکو خۆیان ماون، تەنیا ئەوەی دواییان ناوی گۆڕاوە.

لەبارەی پێکهاتەی ناو شار سەرەتا لە قەڵای ناوەوە دەستپێدەکات کە دەڵێ چێوەکەی چوار هەزار شەقاوەو لە (١٥٠) ژوور وسەرایەك وچەند دیوەخانێك پێکدێت. لەلای باشووریش دەروازەیەکی ئاسنی هەیە. خودی قەڵاکەش لەسەر بەرزاییەکە کە دەڕوانێتە دیجلە. دواتر دێتە سەر باسی مزگەوتەکانی شار و (١٥) دانەیان لێ دەژمێرێ و بەدرێژی باسی هەندێکیان دەکات، وەکو: مزگەوتی گەورە، مزگەوتی پێغەمبەر، مزگەوتی شەمسی ئەفەندی، مزگەوتی بێقللی محەمەد پاشا. ئاماژە بەوەش دەکا کە هەموو ئەو مزگەوتانە قوتابخانەی ئایینییان تێدابووە. لەنێو تەکیەکانیش تەنیا ناوی (تەکیەی شێخی ڕۆمی) دەهێنێ. دیارە ئەم تەکیەیە لەگەڵ تەکیەکانی تر و هەروەها مزگەوتی گەورە خواردنیان بەسەر هەژاراندا دابەشکردووە. ئەو دەڵێ پێشتر حەوت شوێنی تریش هەبوون کە ڕیبوارو غەریبان نانیان لێ خواردووەو تێدا ماونەتەوە. هەروەها ئاماژە بە چەند مەزارگەیەکیش دەکات لەنێو شارەکەدا، وەکو مەزارگەی خالیدی کوڕی وەلید.[2]

---

[1] بۆ ووردەکاری زیاتر بڕوانە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٣٨- ٣٩.

[2] هـ. س، ل ٤٠- ٤٦، ٥٠، ٦٥.

لەو سەردەمەدا دیاربەكر چەندین بازاڕی جۆراوجۆریشی بووە، كە هەریەكەیان تایبەت بوونە بە پیشەیەك یان جۆرە كاڵایەك. بەگوتەی (ئەولیا چەلەبی) ژمارەیان (٦٠) بازاڕ بووە؛ وەكو بازاڕی حەسەن پاشا، بازاڕی سوپا، لەمەی دواییان گوزەری كوتاڵ فرۆشان هەبوو كە لەهەردوو سەری دەرگای ئاسنی بۆ كرابوو. لەم گوتەی دوایی بەدیاردەكەوێ كە ئەو (٦٠) بازاڕەی باسیان دەكات هەموویان بازاڕی جیا و سەربەخۆ نەبوون، بەڵكو زۆربەیان تەنیا گوزەرێك بوون لەبازاڕێكی سەرەكیدا. لەشوێنێكی تر ناوبراو دەڵێ ئەم شارە (خان/ واتە: كاروانسەرا)ی ئاوەدانی زۆرە، بەڵام تەنیا چواریان لێ دەژمێرێ؛ (لەوانە: خانی مەلیك پاشا و خانی بازرگانان). بەڵام ناوی چەندین گەرماو دەهێنێ (وەكو: گەرماوی ئیپاریەو گەرماوی ئەسكەندەر پاشا) كە لەشارەكەدا هەبوون. سەبارەت بە خانووەكانیش دەڵێ: "لەدیاربەكردا گەلێك خانووبەرەی بەرز وبڵند هەیە، لەوانە ماڵی حەفتاو پێنج كەس لەعولەماو مشایخ و وەزیر و وەكیل و ئەم جۆرانەن كە بەزمان تاریف ناكرێن".[1] بەگشتی لەم زانیارییانەدا دەردەكەوێ كە دیاربەكر لەم سەردەمەدا زۆر ئاوەدان وگەشاوە بوو.

لەدوای (ئەولیا چەلەبی) زۆربەی گەڕیدەكانی تر كە هاتوونەتە دیاربەكر، بەم ووردەكارییەوە وەسفی شارەكەیان نەكردووە. ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە كە ئەوان تەنیا بەسەرپێیی لێیان ڕوانیوە، یان بەكورتی سەرنجەكانی خۆیان تۆماركردووە. سەرەنجام لەسەدەكانی دواتردا بەتایبەتی لەسەدەی هەژدەم، زانیاری تەواومان لەبەردەستدا نیە لەبارەی ئاستی ئاوەدانی وپێكهاتەی شارەكە. بۆ نمونە لەزانیارییەكانی (ژان ئۆتەر/ ١٧٤٣) تەنیا ئەوەمان دەست دەكەوێ كە دەروازەكانی شارەكە ناوەكانی پێشوویان (واتە: ماردین، چیا، ڕووبار، ئەرزەڕۆم) ماوە. قەڵای شارەكەش لەوپەڕی باكوور و لەسەر ڕووباری دیجلەیەو كەوتۆتە

---

[1] هـ. س، ل٤٨- ٤٩، ٥٠- ٥١.

سەر بەرزاییەك. دەسەڵاتداری دیاربەکریش لەو قەڵایە کۆشکێکی جوانی هەیە.[1] هەرچی (نیبور/ ١٧٦٦)ـە تەنیا باسی شوورەی شارەکە دەکات و ئاماژە بە بەرزی وپتەوی و هەروەها قوللەکانی دەکات.[2] (ئەبی تالیب خان/ ١٨٠٢)یش هەر باسی شوورەکە دەکات، بەڵام دەڵێ خەرەندێکی پڕ لە ئاو دەوری شارەکەی داوەو لەنێو شاردا چەندین مزگەوی جوان هەیە، وەکو مەزارگەی بەناوبانگی خالیدی کوڕی وەلید. بەڵام وەرگێڕی گەشتنامەکە دەڵێ مەزاری ڕاستەقینەی ئەم کەسایەتییە لە شاری (حمس)ـە لەسوریا.[3] پڕئاوبوونی خەرەندەکەش لەوانەیە بەهۆی ئاوی بارانەوە بێ، چونکە ئەو لەمانگی ئاداردا هاتۆتە ئەوێ، هەروەها (ئەولیا چەلەبی) کە پێشتر باسی خەرەندەکە دەکات، ئاماژە بە ئاوەکە ناکات.[4]

سەبارەت بە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم هەندێ زانیاری ترمان دەست دەکەوێ، کە ئاماژەی ئەوەن هێشتا دیاربەکر لەبارێکی باشی ئاوەدانی و گەشانەوە دایە؛ ئەوەتا (کینیێر) لەوەسفی شارەکەدا دەڵێ: "خانووەکان لەبەرد دروستکراون ودیمەنی جوانیان هەیە، بەڵام شەقامەکان سەرەڕای ئەوەی بەردڕێژکراون، تەسك وناخۆشن. قەڵاکەش دەکەوێتە لای باکووری شارەکەو ئەویش شوورەیەکی بتەوی هەیەو چەندین کۆشك وتەلاری مەزنی تێدایە کە پاشاو ئەفسەرەکانی تێدا نیشتەجێن". هەروەها لەبارەی شوورەی دیاربەکریش دەدوێ ودوای ئەوەی بنیادنانی دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانەکان، دەڵێ: "ئەم دیوارە بەبەرزییەکەی وقایمییەکەی لەهەموو ئەوانە سەرووترە کە من پێشتر

---

[1] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٥.

[2] سەفەرنامەی نیبور...، ل١٩٩.

[3] رحلة ابي طالب خان...، ص٢٤٥.

[4] بڕوانە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٣٩.

بینیومن، چ لەئەوروپا یان لەئاسیا". بەڵام تێبینی ئەوەشی کردووە کە لەو سەردەمەدا فەرامۆشکراوە.[1] هەرچی (ولیەم هیوود)ـە ئەم شارەی زیاتر بەدڵدا دەچێ بۆیە دەڵێ بینایەکانی شارەکە زۆر چاکن بەجۆرێك "کە لەبینای هەر شارێکی دیکەی ئیسلامی چاکتر دروست کراون". ئەو دەڵێ خانووەکانیماڵەکان بەگشتی لە دوو نهۆم پێکدێن. هەروەها تێبینی کردووە کە شەقامەکانی بەگشتی خاوێن وفراوان وتەختکراون. بازاڕەکانیش گەورەو پڕ لەکاڵان. گەرماوی خۆش و ڕێکوپێکی هەیە، مزگەوتەکانیش زۆر چاك دروستکراون. دواتر وەسفی قەڵای ناوەوە دەکات کە لەباکووری شارەکەیە. هەروەها شوورەی شاریش بە (٥,٧٥) میل دەخەمڵێنێ. سەبارەت بە خان وکاروانسەراش تەنیا ئەوە دەڵێ کە ئەو لە کاروانسەرایەکی تەنیشت کۆشکی پاشا ماوەتەوە کە بۆ نێردراوی گشتی تەرخانکرابوو.[2]

شاری دیاربەکر دوای زیاتر لەبیست ساڵی تریش بۆ گەشتیارەکان سەرنجڕاکێش بووە؛ بەتایبەتی شوورەکەو مزگەوتی گەورە، کەجێگەی پەسنی مژدەدەرێکی ئەمریکی بوون. ئەو (واتە: ساوزگێت/ ١٨٣٩) بە بەرزی وهەروەها ڕێکیی شوورەکە سەرسام دەبێ و دەڵێ: "لەبەردی لاکێشەیی ڕەشی کونیلەدار" بنیادنراوە. مزگەوتی ناوبراویش بە "جوانترین پاشماوەی سەردەمە کۆنەکان لەشوێنەکە" دادەنێ و بڕوای وایە کەپێشتر کڵێسایەکی کریستیانەکان بووە. ئینجا بەووردی وەسفی دەکات ودەڵێ: بورجێکی چوارگۆشەی گەورەی هەیە کە ئێستا کراوەتە منارە. بنمیچی مزگەوتەکە لارەو پەنجەرەکانیش لەسەرەوە دەوران دەوری هۆڵەکەن. هەموو ئەمانە پێکەوە دیمەنێکی نایاب پێشکەش دەکەن، کە زیاتر بە ئەوروپایی خۆی دەنوێنێ لەوەی شێوازی

---

[1]John M. Kinneir, op. cit, p.333, 334.

[2] سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٢، ٩٣- ٩٤.

ڕۆژهەڵاتی بێ. لەلایەکی مزگەوتەکە حەوشێکی فراوان هەیە کە بەردڕێژ کراوەو نافورەیەکی مەزنی لەناوەڕاستدایە. بەدرێژایی دیوارە بەرزەکەی ئەم حەوشەیە ریزێك ستوون هەیە کە لەجۆری جیاوازی مەڕمەڕی جوان داتاشراون. ئەو مژدەدەرە کاتێ باسی بەردە ڕەشەکان دەکات دەڵێ باشترین خانووەکان بەهەمان مادده بنیادنراون کە لەشوێنێکی نزیك شارەکە دەهێنرێ. هەندێ جاریش لەگەڵ بەردێکی سپیدا تێکەڵ دەکرێ کە لەچیای (قەرەجە) دەهێنرێ. بۆ نمونە بینایەی مزگەوتێك لەبەردی ڕەش دروستکراوەو منارەکەشی سپییە. بەگوتەی ئەو خانووەکانیش لەبەردی ئاسایی دروستکراون بەڵام بە کاوقوڕ سواغدراون. نابێ ئەوەش لەیادبکەین کە ئەو مژدەدەرەش تێبینی دێرینی شارەکەی کردووەو زانیویەتی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی بەر لەئیسلام.[(١)]

دوای (٣٠) ساڵی تر (واتە: ١٨٦٩) گەڕیدەی ئیسپانی (ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا) پەسنی شاری دیاربەکر دەکات بەهۆی ئەو "ڕێکی و گونجانەی کە لەهەموو شوێنێك" تێبینی دەکات. هەرچەندە لەو دەمەدا خانووەکان بەزۆری لە یەك نهۆم پێکهاتوون، بەڵام بەگوتەی ئەو لەبەردی باش بنیادنراون و بەڕێکی و بەئەندازەی گونجاو دروستکراون. شەقامەکانیش خاوێن بوون و لەهەموو شوێنێك هەمان پانییان هەبوو. لەبارەی بەردڕێژکردنی شەقامەکانیش، دەڵێ لەئاستی شەقامی شارەکانی هەرێمەکانی ووڵاتی ئێمەدایە. هەرچەندە لەو ماوەیەدا سێ کانی لەناو شاردا مابوون، بەڵام ئەو دەڵێ بۆ ئاوی خواردنەوە پشتیان بە ئاوی ڕووبارێکی دەرەوەی شارەکە دەبەست. سەبارەت بە مزگەوتەکانیش ناوبراو دەڵێ (١٣) مزگەوت لەشارەکەدا هەن، بەڵام تەنیا باسی مزگەوتی گەورە دەکات کە بەگوتەی ئەو "زۆر فراوانە". ئنجا وەسفی دوو ڕیزە

---

(1) Horatio Sawthgate, op.cit, p.291, 295.

ستوونی ناو حەرەمەکەی دەکات و دەڵێ هەر یەکێکیان لەبەردێکی گرانێتی سوور هەڵکۆڵدراوە و (١١) مەتر بەرزە. تێبینی ئەوەشی کردووە کە لەو مزگەوتەدا ئارامگەی والییەکانی ویلایەتەکە هەبوو، ئەوانەی کە لەسەر ئەم خاکەدا مردوون.[١]

ئەم گەڕیدە ئیسپانییە دواتر دێتەسەر باسی شوورەی دیاربەکر کە بەپێی زانیاری ئەو لەشێوەی چوارگۆشەیەکدا بوو، هەر لایەکیشی کە هەزار مەتر درێژ بوو دەروازەیەکی لەناوەڕاستدا بوو. ئەویش وەکو هەندێ گەڕیدەی تر مێژووی شوورەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمانی کۆن، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەردەمانی دواتر چەند جارێك نوێکراوەتەوە، بەتایبەتی لەکۆتاییەکانی سەدەی دوازدەمی زایینی. لەبەرئەوەی شوێنەوارو نەخشی جۆراوجۆرو نووسینی جیاجیا لەسەر شوورەکەو هەروەها دەروازەکانیش دەبینێ. وەکو نەخشی هەڵۆی ڕۆمانی وگا وپڵینگ ونووسینی کوفی ونوسخ لەگەڵ نووسینێکی تر کە پیتەکانی لەشێوەی چوارگۆشە بوون و نەیزانی چ جۆرە نووسینێکە. بەگوتەی ئەو نووسینەکانی تر بەزمانەکانی تورکی و یۆنانی و فارسی کوردی بوون.[٢] بێگومان هەبوونی نووسینی کوردی لەسەر شوورەی دیاربەکر بەتەواوی جێگەی سەرنجەو ئەگەر هەڵەی نەکردبێ ئەوە زانیارییەکی نوێ و دەگمەنە. بەڵام ئاماژەدانی بەنووسینی کوردی لەکاتێکدا باسی هەبوونی نووسینی عەرەبی ناکات، ئەوەش مایەی تێڕامانەو گومان دەخاتە سەر زانیارییەکە. چونکە زمانی عەرەبی بەدرێژایی چەندین سەدە و تا دەگاتە سەرەتاکانی سەردەمی عوسمانیش، زمانی سەرەکی نووسین بوو لەناوچەکە. زانیارییەکانی ئەو گەڕیدەیە سەبارەت بەناوی دەروازەکانی شارەکەش جێگەی

---

[١] من سيلان الى دمشق، ص ١٣٠- ١٣١.

[٢] م. ن، ص ١٣١.

تێبینییە؛ کاتێ دەڵێ دەروازەکان "بەپێی چوار ئاراستە بنەڕەتییەکە ناونرابوون" وناوەکانیان "یەك لەدوای یەك: دەروازەی قوستەنتینییە، دەروازەی ماردین، دەروازەی حەلەب، دەروازەی نوێ، بوو".[1] بەم پێیەبێ لەو سەردەمەدا، بێجگە لەدەروازەی ماردین، ناوە بنەڕەتییەکانی دەروازەکانی تر هەموویان گۆڕاون.

دیارە لەساڵەکانی دواتر شارەکە فراوانتر بووەو لەدەرەوەی شوورەکەی ئاوەدانی دروستکراوە، چونکە (عالی بەگ/ ١٨٨٣) باسی ئەوە دەکات کە بارەگایەکی حکومەت و سەربازگەیەك لەدووری (٤٥) خولەك لەدەرەوەی دەروازەی ڕۆم بنیادنراون. هەرچەندە بەهۆی سکاڵای خاوەن بەرژەوەندیەکان لەدووری ئەم بارەگایە، ماوەیەك حکومەت چۆڵی کردوون و بوونەتە نیمچە کەلاوە، بەڵام دواتر ئاوەدانکراونەتەوەو بوونەتە سەربازگەی نیزامی. هەروەها باغێکی گشتی بۆ شارەکە دروستکراوە لەشوێنێکی بەرزی دەرەوەی دەروازەی ڕۆم کە دەڕوانێتە دیجلە، بەڵام ئەویش فەرامۆشکراوە.[2] (مێجەر سۆن/١٩٠٧)یش باسی گۆڕانکارییەکمان بۆ دەکات کە لەشوورەی شارەکە کراوە؛ ئەویش بریتییە لەکردنەوەی دەرگایەکی بچووك لەشوورەی باکوور کە ناوی لێنراوە (یەنی قاپو/ دەرگای نوێ).[3] پێدەچێ ئەمە جیاواز بێ لەو (یەنی قاپو)ـەی کە (ئەولیا چەلەبی) باسی دەکا و پێشتر ئاماژەمان پێدا، چونکە ئەو دەڵێ لەلای ڕۆژهەڵاتە. بەڵام نازانرێ ئایا هەمان ئەو (یەنی قاپو)ـە کە (ریڤادینێرا) لەساڵی ١٨٦٩ ناوی دەهێنێ، یان نا. چونکە نە ئەمەی دوایی ئاراستەی دەروازەکەمان پێدەڵێ[4] و نە (مێجەرسۆن)یش ساڵی کردنەوەی دەروازەکەمان بۆ دیاری دەکات.

---

[1] م. ن، ص ١٣١.

[2] رحلة عالي بك...، ص ٢٣.

[3] رحلة متنكر...، ج ١، ص ٨٧.

[4] من سيلان الى دمشق، ص ١٣١.

مێجەرسۆن بەشێوەیەکی گشتی وەسفی شارەکەمان بۆ دەکات و دەڵێ شارێکی خاوێنەو بەراورد بەشارەکانی ڕۆژهەڵات، شەقامەکانی فراوانن. چەندین بازاڕی هەیە کە بەپێچەوانەی شارە ڕۆژهەڵاتییەکان، سەریان نەگیراوە. تەنیا بریتین لەچەند ڕیزە دوکانێك کە پەنجەرەیان نیە. هەروەها دەڵێ لەشارەکەدا دوو شەقامی گشتی هەیە کە بەستوونی یەکتر دەبڕن و لەکۆتایی هەر یەکێکیاندا دەرگا هەیە. هەمووشی بەشوورەیەکی گەورە دەورە دراوە. ناوبراو ئاماژە بەقوتابخانەیەکی سەربازیش دەکات لەشارەکەدا. بەووردیش وەسفی قاوەخانەیەك دەکات لەگەڵ ئەو کاروانسەرا دوو نهۆمییەی کەتێیدا ماوەتەوە، کە دیارە بەدڵی نەبوون.[1] کەواتە لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا هێشتا خانووی نیشتەجێبوون لەدەرەوەی شوورەی شارەکەدا نەبووە.

بەووردبوونەوە لەوەسفەکانی (مێجەر سۆن) وهەروەها برایان (وێگرام)یش کە چەند ساڵێك دواتر هاتوونەتە شارەکە، بۆمان بەدیاردەکەوێ کە ئەم شارە پەرەسەندنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە سەرەڕای ئاوابوونی سەدەی نۆزدەو داهاتنی سەدەیەکی نوێ. بۆیە ئەگەر بۆ گەڕیدەکانی سەدەکانی ڕابردوو سەرنجڕاکێش بووبێ، ئەوا بۆ ئەوانەی سەدەی بیستەم وانەبووە. ئەمانەی دوایی هەرچەندە ئاماژە بەژمارەیەك خانووی چاك دەکەن لەگەڕەکی نزیك قەڵا کە گەڕەکی فەرمانبەرە گەورەکان بوو، بەڵام زۆربەی خانووەکانی شار بە تەویڵەی نابوود دەچوێنن و ناڕەزایی دەردەبڕن لەکۆڵانە پێچاوپێچ و تەنگەبەرەکانی ناو گەڕەکەکان. ئەم دوو برایە ئەوە سەرنجیان ڕادەکێشێ کە خەڵکی شار بەردی بازلتی ڕەش ومەڕمەڕی زەرد بەشێوەی ئەلقەی ئاسۆیی لەخانووەکانیان بەکاردێنن. وەکو نمونەش باسی کۆشکێکی گەورە دەکەن لەشەقامی سەرەکی، کە دەڵێن پێدەچێ لەڕابردووداماڵی

---

[1] رحلة متنكر ...، ج١، ص٨٣، ٨٤، ٩٤.

کەسێکی گرنگ بێ. بەڵام ئێستا کاروانسەرایەکی قێزەونە، تەنانەت بۆ عارەبانەچییەکەمان. ئەوان تەنیا بە ئەندازەی بیناسازی مزگەوتی گەورە سەرسام دەبن. هەروەها زۆر بەجوانیش وەسفی شوورەی شارەکە دەکەن و دەیگێڕنەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانی. دیارە لەسەردەمی ئەواندا ڕەنگی شوورەکە بووەتە زەردی کراوە بەهۆی قەوزەکانەوە. هەروەها دەڵێن بەر لە (٢٠) ساڵ شوورەکە بە بۆیەی سپی ڕەنگکراوە، بەڵام "خۆشبەختانە ئێستا شوێنەواری ئەم شێواندنە نەماوە".[١]

لەکۆتایی ئەم باسەدا خاڵێکی جێگەی سەرنج هەیە، ئەویش ئاماژە نەدانی زۆربەی گەڕیدەکانە بەکڵێسان وکنێشتەکان، هەرچەندە ژمارەیەکی بەرچاو لەکریستیان و هەروەها جوو لەم شارەدا هەبوون (وەکو دواتر دەبینین). بێجگە لە مژدەدەر (ساوزگێت) کەباسی هەندێ کڵێسا دەکات لەم شارەدا کە سەردانی کردوون؛ ئەو دەڵێ یەعقوبییەکان لەکڵێسایەکی زۆر کۆن پەرستش دەکەن، لەکاتێکدا کلدانەکان کڵێسایەکی گەورەو قەشەنگی نوێیان هەیە، کە بەنیگاری زۆر ڕازێنراوەتەوە. باسی کڵێسایەکی یۆنانیش دەکات.[٢] (مێجەر سۆن)یش ئاماژە بەوە دەدات کە ژمارەیەکی کەم کڵێسا لەشارەکەدا مابوون.[٣] بەگوتەی ئەو گەڕیدەیەو هەروەها (ولیەم هیوود)یش زۆربەی کڵێساکان بەتێپەڕبوونی کات کراونەتە مزگەوت.[٤] وەکو بەڵگەیەك لەسەر ئەمە کوردناسێك ئاماژە بەوە دەدات کە زۆر لەمنارەکانی مزگەوتەکانی دیاربەکر چوارگۆشەیین، واتە شوێنی کۆنی زەنگی کلیساکانن.[٥] گەڕیدەیەکی ئیسپانیش

---

[١] بۆ ووردەکاری زیاتر بڕوانە: مهد البشرية...، ص٢٩- ٣١.

[٢] Horatio Sawthgate, op.cit, p.296.

[٣] رحلة متنكر...، ج١، ص٨٧.

[٤] م. ن، ص٨٦؛ سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٣.

[٥] مینتیشاشڤیلي، س. پ، ل٣٣.

لەساڵی ١٨٦٩دا هەمان بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر پێ هەڵبڕێ و بڵێ هەموو مزگەوتەکانی شارەکە لەسەردەمانی پێشوو کڵێسا بوون. ئەو دەڵێ ئەگەر لەبنەڕەتدا ئیسلامی بووبن ئەوا لەشێوەی بازنەیی دروستدەکران کە نەریتیان وایە.[1] بەڵام ئەوە لەگەڵ لۆجیك نایەتەوە کە بەدرێژایی چەندین سەدە موسڵمانەکانی شارەکە هیچ مزگەوتێکیان بنیادنەنابێ وتەنیا کڵێسایان گۆڕیبێ بۆ مزگەوت. بەتایبەتی کەلەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا هێشتا (١١) کڵێسا لەم شارەدا مابوون.[2] سەرەڕای ئەوەش ناکرێ نکوڵی لەگۆڕانی هەندێ کڵێسا بۆ مزگەوت بکرێ.[3] پێدەچێ ئەو گۆڕانەش بەهۆی بەرەبەرە کەمبوونەوەی ژمارەی کریستیانەکان بێ لەهەمبەر موسڵمانەکان، کە دواتر دەبینین.

[1] ادولفو ریفادینیرا، م. س، ص ١٣٠.

[2] بڕوانە: شمس الدین سامی، م. س، مج٣، ص٢٢٠٣.

[3] بۆ نمونە بڕوانە: رابیعە فەتاح، کوردو کوردستان...، ل٨١.

## باسی سێیەم:
## بارودۆخی کۆمەڵایەتی:

لەپێناو وێناکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، پێویستە باسی ژمارەی دانیشتووان و گروپە ئایینی و نەتەوەییەکان و هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داب ونەریت و هەندێ لایەنی تری کۆمەڵایەتی بکەین:

**أ- ژمارەی دانیشتووان:-**

لەبارەی ژمارەی دانیشتووانەوە، جێگەی داخە کە گەشتنامەکان هیچ زانیارییەکمان سەبارەت بە سەدەی شازدە پێنادەن. ئەمە لەکاتێکدایە کە زانینی ژمارەی دانیشتووانی دیاریکراو لەسەرەتای سەردەمی عوسمانیدا، زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاراستەی زیادبوونی دانیشتووان لەسەدەکانی دواتردا. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە پەنا دەبەینە بەر سەرچاوەی تر؛ بەپشت بەستن بەتۆمارێکی فەرمی عوسمانی دەتوانین بڵێین لەساڵی ١٥١٨دا دیاربەکرنزیکەی (١٤٥٠٠) سەر دانیشتووانی تێدابوو. بەمەش ئەم شارە بە یەکێك لەشارە گەورەو ئاوەدانەکانی ناوچەکە دەژمێردرا. تەنانەت لەو سەردەمەدا لەشارەکانی (ئەنقەرە) و (قۆنیە) و هەروەها (ئەسینا)ی پایتەختی ئێستای (یۆنان)یش پڕدانیشتووانتر بوو. دوای (٢٢) ساڵی تر شارەکە بەرێژەی ٢٥% زیادیکردووە، چونکە لەساڵی ١٥٤٠دا (١٨٢٢٦) کەسی لەخۆگرتووە.[1] بەم پێیە بێ ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووان لەم شارەدا لەساڵێکدا تەنیا 1,13% بووە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بەپێوەری ئێستای زیادبوونی دانیشتووان.

سەبارەت بەسەدەی حەڤدەم، بەهەمان شێوە ناتوانین سوود لەگەشتنامەکانی بەردەستمان وەربگرین بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتووانی

---

(1) Mehdi ilhan, op. cit, p.22- 23.

دیاربەکر. بۆ سەدەی دواتریش بەختمان لەوە باشتر نیە؛ چونکە لەو سەدەیە تەنیا (نیبور/١٧٦٦)مان لەبەردەستدایە کە ئەویش دەڵێ: "زۆر زەحمەتە زانیاری تەواوت دەستبکەوێت لەبارەی دانیشتووانییەوە، هەم مەسیحییەکان و هەم محەمەدییەکان زۆر کەم بایەخ بەوە دەدەن کە زانیاری تەواو لەبارەی شارەکەیانەوە بەگەڕیدەیەکی ئەوروپی بدەن". لەکۆتاییدا خۆی مەزندە دەکات کە ژمارەی دانیشتووانی شارەکە نزیکەی (١٠٠) هەزار کەس بێت.[١] بێگومان ئەوەش وەکو خۆی دەڵێ تەنیا مەزندەیە. بەڵام گومان لەوەدانیە کە زێدەڕۆیی زۆری تێدایە. نەخاسمە کە (٩) ساڵ بەر لەهاتنی (نیبور) گرانی وبرسێتییەکی ترسناك لەم شارەو هەروەها شارەکانی دەوروبەریدا بڵاوببۆوە.[٢] ئەم نەهامەتییە گەورەیە کە بۆ ساڵی دواتریش (واتە: ١٧٥٨) بەردەوام بوو، خەڵکێکی یەکجار زۆری لەناوبرد.[٣]

لەسەدەی نۆزدەمدا گەڕیدەکان گوزارشی زیاتر لەم بارەیەوە دەدەن. ڕاستە (ئەبی تالیب خان) لەدەستپێکی سەدەکە تەنیا ئەوەندە دەڵێ کە دیاربەکر "زۆرترین دانیشتووانی هەیە لەنێو شارەکانی ئەم ناوە".[٤] بەڵام (ولیەم هیوود) لەساڵی ١٨١٧دا خۆی بەم مەسەلەیە خەریك دەکات و دەیەوێ لەڕێگای زانینی ڕووبەری نیشتەجێبوون لەم شارە، ژمارەی دانیشتووانەکەی بەنزیکەیی بزانێ. لەکۆتاییدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە نزیکەی (٥٥) هەزار سەر دانیشتووان لەدیاربەکردا دەژین. ئەم ئەنجامەشی لا پەسند وگونجاوە لەگەڵ ژمارەی دانیشتووانی شارەکانی تری ڕۆژهەڵات.[٥] بەڵام پێناچێ ڕاستی پێکابێ، چونکە

---

[١] سەفەرنامەی نیبور...، ل١٩٩- ٢٠٠.
[٢] بڕوانە: الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا، ص٤٣.
[٣] لەم بارەیەوە بڕوانە: سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل٢٦٧- ٢٧٠.
[٤] رحلة ابي طالب خان...، ص٢٤٤.
[٥] سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٤.

(کینیێر) لەساڵی ١٨١٣دا گوێبیستی ئەوە بووە کە شارەکە نزیکەی (٣٨) هەزار سەر دانیشتووانی تێدایە.[١] بێگومان (٣٨) هەزاریش لەماوەی تەنیا چوار ساڵدا ناشێ ببێ بە (٥٥) هەزار سەر. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەردوو ژمارەکە تەنیا خەمڵاندنن، واتە دەکرێ ژمارەکەی (کینیێر)یش وورد نەبێ.

ئەوەی مایەی تێڕامانە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە دەبینین لەهەندێ ماوەدا ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووان بەپێچەوانەیە. بێگومان ئەمەش دەرەنجامی ئەم هەموو پەتاو قاتوقڕییە بوو کە هەر چەند ساڵ جارێك لەناوچەکەو هەروەها لەدیاربەکریش بڵاودەبوونەوە. کە لەئەنجامدا هەزاران کەس لەناودەچوون.[٢] بێگومان ژمارەی دانیشتووانی شارەکانیش کەم دەبوونەوە. بۆیە لەساڵی ١٨٣٩دا گەڕیدەیەك لەدیاربەکردا دەڵێ: "بەپێی باشترین زانیاری کە من بەدەستم هێنابێ"، دانیشتووانی شارەکە نزیکەی (٢٧٠٠) خێزان دەبن.[٣] کە دەکاتە نزیکەی (١٥) هەزار کەس.[٤] بەم پێیە بێ لەماوەی (٢٥) ساڵدا ژمارەی دانیشتووانی دیاربەکر بەڕێژەی زیاتر لە ٥٠% دابەزیوە، ئەمە ئەگەر (٣٨) هەزارەکەی (کینیێر) بەڕاست بزانین. (جۆن ئاشەر)یش باسی ئەم کەمبوونەوەی کردووە، کاتێ لەساڵی ١٨٦٤دا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم شارە باری لەلێژییەو لەهەلومەرجێکی خراپدایە. بەڵام ئەو ژمارەیەکی زۆرترمان دەداتێ کە بەئاشکرا زێدەڕۆیی پێوەدیارە؛ ناوبراو دەڵێ ژمارەی دانیشتووانی شارەکە لە (١٥٠) هەزار کەسەوە دابەزیوە بۆ نزیکەی سێیەکی ئەم ژمارەیە،[٥]

---

[1] John M. Kinneir, op. cit, p.334.

[٢] لەم بارەیەوە بڕوانە: سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل٢٦٤- ٢٨٣.

[3] Horatio Sawthgate, op.cit, p.295.

[٤] ئەوەی زیاتر پشتی پێدەبەسترێ ئەوەیە کە هەر خێزانێك بە (5,5) کەس بخەمڵێنرێ.

[٥] رحالة اوروبيون...، ص١٢٣.

واته (٥٠) هەزار سەر. بەڵام باسی ئەوەش ناکا کەی ژمارەی دانیشتووان ئەوەندە زۆر بوو. هەرچەندە ئەم خەمڵاندنە (٢٥) ساڵ دواترە، بەڵام هێشتا زۆرە بەراوورد بە ژمارەکەی پێشوو. هەروەها ئەگەر وابێ، واتە لەماوەی ئەم ساڵانەی دوایی دانیشتووان زیادبوون نەك کەمبوون.

دیارە ئەو مەسەلەیەی کە لەساڵانی پێشوو دانیشتووان زۆرتر بوون، لەهزری خەڵکی شارەکە ڕیشەی داکوتاوەو بەزێدەڕۆییەوە ئەمەیان بەگەشتیارو گەڕیدەکانیش ڕاگەیاندووە؛ ئەوەتا گەڕیدەیەکی ئیسپانیش پێنج ساڵ دواتر، پاش ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی دیاربەکر بە (٤٠) هەزار سەر دادەنێ، دەڵێ ئەمە هەشت یەکی دانیشتووانن لەساڵی ١٧٥٦ کاتێ برسێتی و سەرماو تاعون ئەم وڵاتەی داگرت.[١] بێگومان ڕاستە ئەم نەهامەتییە گەورەیە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەناوبرد وەکو پێشتر باسمانکرد، بەڵام زێدەڕۆییەکی بەرچاوە کە وابزانرێ بەر لەم ڕووداوانە (٤٠×٨= ٣٢٠) هەزار کەس لەم شارە ژیاون.

ئەگەر خەمڵاندنەکەی دوایی بەڕاست یان نزیك لەڕاستی بزانین، ئەوا دەبێ بڵێین ژمارەی دانیشتووانی دیاربەکر دوای (١٤) ساڵ دیسان بۆ نیوەی خۆی دابەزیوە. ئەوەتا (عالی بەگ/ ١٨٨٣) دەڵێ: "نزیکەی (٢٠) هەزار کەس لەم شارەدا هەن".[٢] بەڵام ئەویش لەم گوتەیدا وورد نەبووەو دابەزینی ژمارەکە بەم شێوەیە نەبووە. چونکە بەگوێرەی فەرهەنگی (قاموس الاعلام) کە زانیارییەکانی ووردترە، لەساڵی ١٨٩١دا ئەم شارە (٣٥) هەزار سەر دانیشتووانی هەبوو.[٣] سەیر ئەوەیە گەڕیدەیەکی ڕوسی لەساڵی (١٩٠٧)یشدا هەر ئەو ژمارەیەمان دەداتێ.[٤] بەگوێرەی ئەوە بێ دانیشتووانی دیاربەکر لەماوەی (١٦)

---

(١) ادولفو ریفادینیرا، م. س، ص١٣٣.

(٢) رحلة عالي بك...، ص٢٢.

(٣) بڕوانە: مج٣، ص٢٢٠٢.

(٤) مینتیشاشڤیلي، س. پ، ل٣٣.

ساڵدا هیچ زیادنەبوون. سەرەڕای هەموو ئەمانە، لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا ئەم شارە لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە لەهەموو شارەکانی تری کوردستان ئاوەدانتر بوو.[١]

**ب- پێکهاتەی ئایینی ونەتەوەیی دانیشتووان:-**

سەبارەت بەپێکهاتەی ئایینی ونەتەوەیی دانیشتووانی دیاربەکر، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە گەشتنامەکان زانیاریووردمان بدەنێ. چونکە ئەوەی گەریدەکان لەم بارەیەوە دەیخەنەڕوو، تەنیا مەزندەیەو لەهەندێ باریشدا تەنیا خوێندنەوەی ئێمەیە بۆ زانیارییەکانی ئەوان. سەرباری ئەوەش دیاربەکر وەکو زۆربەی شارەکانی تری کوردستان شارێکی فرەنەتەوەو فرەئایینە. ئەمەش بەبۆچوونی مژدەدەرێکی ئەمریکی بۆ شوێنگەی شارەکە دەگەڕێتەوە؛ کە لەلایەك لەسەر سنووری ئاسیای بچووکی زەمینی تورك و یۆنانەکانە. لەلایەکی تریش لەسەر تخوبی وولاتی عەرەبە کەزێدی سریانی وکلدانی وعەرەبەکانە. هەروەها لەگۆشەی باشووری ڕۆژئاوای کوردستانەو ئەرمەن وجووەکانیش لەهەموو شوێنێکی ئەم ناوچەیەدا هەن.[٢] دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییە بەدرێژایی چوار سەدەی دەسەڵاتی عوسمانی لەسەر مۆرکی خۆی نەماوەتەوەو دەشێ گۆڕانی ڕیشەیی تێدا ڕوویدابێ.

چەند ساڵێکی کەم بەر لە سەپانی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر دیاربەکر، بازرگانێکی ڤینیسیایی لەبارەی دانیشتووانی ئەم شارە دەڵێ: "فرە ئاینن، ئەوانی دیکە لەموسڵمانان زیاترن. کەبریتین لەمەسیحی ویۆنانی و ئەرمەنی و جوولەکان".[٣] ئەم زانیارییە ئەگەرچی دەقاودەق تەواو نیە بەڵام زۆر نزیکە

---

[١] سەعدی هەروتی، چەند لایەنێکی...، ل ١١٠.

[2] Horatio Sawthgate, op.cit, p.295.

[٣] رابیعە فەتاح، کوردو کوردستان...، ل ٦١.

لەڕاستی، چونکە بەپێی تۆمارێکی فەرمی عوسمانی، لەساڵی ١٥١٨دا ڕێژەی ٥٤%ی دانیشتووانی ئەم شارە موسڵمان و ٤٥% کریستیان و ١% جوو بوون. واتە موسڵمانەکان تەنیا کەمێك لەنیوە زیاتر بوون. بەپێی تۆمارێکی تریش کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٤٠، ڕێژەی کریستیانەکان ٥٧% و موسڵمانەکان ٤٣% بوون. کەواتە دوای (٢٢) ساڵ موسڵمانەکان ڕێژەیان دابەزیوەو لەنیوەی دانیشتووان کەمتر بوون.[١]

جێگەی سەرنجە، تۆمارە فەرمییەکەی ساڵی ١٥١٨ لەکریستیانەکان تەنیا ناوی ئەرمەن دەهێنێ. بۆ موسڵمانیش هیچ باسی پێکهاتەی نەتەوەیی ناکات.[٢] کەواتە پێدەچێ لەسەدەکانی بەرایی سەردەمی عوسمانیدا تەنیا کریستیانی ئەرمەن لەو شارەدا هەبووبێ، یان گروپەکانی تر ژمارەیان زۆر کەم بووەو بەرچاو نەبوون. چونکە (ئەولیا چەلەبی)ش لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا تەنیا ئاماژە بە هەبوونی ئەرمەن دەکات لەدیاربەکر. هەروەها دەڵێ لێرە "خەڵك بەکوردی وتورکی وعەرەبی و ئەرمەنی دەئاخەون".[٣] کەواتە موسڵمانەکانیش لەکوردو تورك وعەرەب پێکهاتوون، بێ ئەوەی پێمان بڵێ کام نەتەوە لەمانە ڕێژەیان زیاترە. دوای نزیکەی سەدەیەك (ژان ئۆتەر)یش زانیاری هاوشێوەمان دەداتێ، بەڵام ئەو زمانی (کلدانی)ش دەخاتە پاڵ (عەرەبی و تورکی وکوردی وئەرمەنی). هەروەها کوردەکانیش دابەش دەکات بۆ موسڵمان وئێزدی. شایانی باسە ئەو لەماڵی کەسێکی (یۆنانی)ش بووەتە میوان کە پزیشکی والی دیاربەکر بوو.[٤]کەواتە بە داهاتنی سەدەی هەژدەم (کلدان)ـەکانیش بوونەتە بەشێك

---

[1] Mehdi ilhan, op. cit, p. 21, 22.

[2] Ibid, p.37, 53, 64, 86, 87.

[٣] کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٦٤.

[٤] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٧.

لەپێکهاتەی دانیشتووانی شارەکە. لەوانەیە کەمینەیەکی (یۆنان)یش لەوێدا مابن. بەڵام (کینیێر) لەساڵی ١٨١٣دا ڕاشکاوانە دەڵێ ڕێژەی زۆری دانیشتووان تورکن، ئەوانیتریش ئەرمەن وکورد ویەعقوبی وکاسۆلیکن.[١] بێگومان ئەو لەڕووی ڕێچکەی ئایینییەوە ناوی ئەم دوو گروپەی دوایی دەبات، لەوانەیە ئەوانیش کلدان و هەروەها سریانیان تێدابێت. بەتایبەتی ئەمانەی دوایی چونکە هەندێ گەڕیدەی تر باسی سریانی کاسۆلیك دەکەن، وەکو دواتر دەبینین. سەبارەت بەزۆریی ڕێژەی تورکەکانیش، لەوانەیە بەهۆی ئەوە بووبێ کە زۆربەی دانیشتووانی شارەکە لەڕووی پێویستییەوە بەم زمانە ئاخاوتبن کە زمانی فەرمی دەولەت بوو.

هەر پەیوەست بەپێکهاتەی ئایینی ونەتەوەیی دانیشتووانی دیاربەکر، دەتوانین بڵێین گەشتنامەکەی (هۆراشیۆ ساوزگێت) لەهەموو ئەوانیتر بەکەڵکترە، بەتایبەتی بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم. چونکە بەژمارەی خێزان زۆربەی پێکهاتەکان دیاری دەکات؛ بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو لەکۆی (٢٧٠٠) خێزانی شارەکە، (١٥٠٠)یان موسڵمان بوون و ئەوانیتریش کە نزیکەی (٤٤%) ی دانیشتووانیان پێکدەهێنا، ناموسڵمان بوون. ئەمانەی دواییش بەم شێوەیە دابەش دەبوون: (٥٠٠) خێزانی ئەرمەنی، (٣٠٠) یەعقوبی، (١٥٠) ئەرمەنی کاسۆلیك، نزیکەی (١٠٠) کلدانی، (٢٥) سریانی کاسۆلیك، (٢٠) یۆنانی لەگەڵ (٥٠) خێزانی جوو.[٢] کەواتە لەم ماوەیەشدا ئەرمەنەکان ڕێژەی

---

[1] John M. Kinneir, op. cit, p.334.

[٢] ئەگەر لەکۆی (٢٧٠٠) خێزانی شارەکە (١٥٠٠)یان موسڵمان بن، ئەوا دەبێ کۆی ناموسڵمانەکان (١٢٠٠) خێزان بن. بەڵام هەموو ئەو خێزانە ناموسڵمانانەی باسیان دەکات بریتین لە: ٥٠٠+ ٣٠٠+ ١٥٠+ ١٠٠+ ٢٥+ ٢٠+ ٥٠= ١١٤٥. کەواتە ٥٥ خێزان تێهەڵنایێ لەکۆی خێزانە ناموسڵمانەکان.

سەرەکی ناموسڵمانەکانیان پێکدەهێنا لەم شارەدا. هەرچی موسڵمانەکان بوون، بەگوتەی ناوبراو لەتورك وکوردو عەرەب پێکدەهاتن. بەڵام هەر خۆی دواتر دەڵێ دانیشتووانی عەرەب لەدیاربەکر خەریکە بەتەواوی نامێنن. بۆیە موسڵمانەکان بەشێوەیەکی سەرەکی تورك و کوردن. هەروەها تێبینی ئەوەش دەکا کەزمانی تورکی بەرەو زاڵبوون دەچێ وتەنانەت شوێنی عەرەبی دەگرێتەوە وەکو زمانی گشتی بۆ کریستیانەکان، کە زمانی خۆیان بۆ خەڵکی گشتی نەزانراوە.(1)

هەندێ گەڕیدەی تر ڕاستەوخۆ خۆیان لەقەرەی ئەم بابەتە نەداوە، بەڵام ئێمە دەتوانین هەندێ زانیاری لەگوزارشەکانیان بەدەست بخەین؛ وەکو (جۆن ئاشەر) کە لەساڵی ١٨٦٤دا ئاماژە بە هەڵوێستێکی پیاوانی ئایینی ئەرمەن دەکات لەشارەکەدا. هەروەها باسی بازرگانێکی دەوڵەمەندی ئەرمەنی دەکات کە میوانداری ئەوی کردووە.(٢) کەواتە لەو سەردەمەشدا هێشتا ئەرمەنەکان پێکهاتەیەکی سەرەکی دانیشتووانی دیاربەکر بوون. بەڵام دەبێ وەکو پێشتر زۆر نەبووبن؛ چونکە بەپێی زانیاری (ریڤادینێرا)ی دیپلۆماتی ئیسپانی کەپێنج ساڵ دواترە، ئەرمەنەکان لەگەڵ ئەرسەدۆکس و جووەکان پێکەوە نیوەی دانیشتووانیان پێکدەهێنا. نیوەکەی تریش لە تورك و کوردان بوون.(٣) کەچی ئەم گەڕیدەیەش لەوەدا هەڵەی کردووە کە بێجگە لەئەرمەنەکان، هەموو کریستیانەکانی تری شارەکەی بە ئەرسەدۆکس داناوە. بێگومان (ئەرسەدۆکس)یش ڕێچکەی ئایینی زۆربەی کریستیانەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بوو. لەکاتێکدا کریستیانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێچکەی

---

(1) Horatio Sawthgate, op.cit, p.292, 293, 295.

(٢) رحالة اوروبيون...، ص١٢٢، ١٢٣.

(٣) من سيلان الى دمشق، ص١٣٣.

ئایینی جۆراوجۆریان هەبوو. کەواتە پێدەچێ مەبەستی لەمە یەعقوبی وکلدان وسریان و لەوانەیە یۆنانەکانیش بێ. ئەگەر وابێ ئەم زانیارییە لەگەڵ گوتەکانی (هۆراشیۆ ساوزگێت)یش کە پێشتر باسمانکرد، جیاوازی زۆری نیە.

ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە هەندێ لەگەڕیدە ڕۆژئاواییەکان (وەکو: ریڤادینێرا) ڕێژەی ناموسڵمانانی شارەکەیان زێدەتر داناوە لەوەی کە هەبوون. چونکە دوای (١٤) ساڵ (عالی بەگ) سەبارەت بەدانیشتووانی دیاربەکر دەڵێ: "بەشی هەرەزۆری خەڵکەکەی ئیسلامن کەمێکیش ئەرمەن وکلدانین".[١] ئەمەش گونجاوە لەگەڵ زانیارییەکانی (قاموس الاعلام) کە چەند ساڵێکی کەم دوای گەشتەکەی (عالی بەگ) داندراوەو لەڕووی زانستیشەوە ووردترە.[٢] سەبارەت بەزمانی خەڵکەکەش (عالی بەگ) دەڵێ هەموویان بەتورکی وکوردی قسەدەکەن و هەندێکیان لەگەڵ دوو زمانەکەی تر بەزمانی عەرەبیش دەدوێن.[٣] ئاشکرایە کە زمانی تورکی زمانی فەرمی دەولەت بووەو خەڵك بەناچاری فێری بوون و بەکاریان هێناوە. بەڵام قسەکردن بەکوردی بەڕێژەیەك بگاتە ئاستی تورکی، بەڕاستی جێگەی تێڕامانەو بەڵگەی ئەوەیە کەڕێژەی دانیشتووانی کورد لەو دەمەدا لەشارەکە زۆرتر وبەرچاوتر بووە.

زانیارییەکانی گەڕیدەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمیش پشتگیری لەم بۆچوونەی سەرەوە دەکەن؛ وەکو گەڕیدەی ڕوس (تۆمیلۆڤ) کە دەڵێ زۆربەی دانیشتووانی دیاربەکر کوردن.[٤] هەروەها (مێجەر سۆن)یش دەڵێ:

---

[١] رحلة عالي بك...، ص٢٢.

[٢] بەپێی ئەم سەرچاوەیە لەکۆی (٣٥) هەزار سەر دانیشتووان، زیاتر لە (٢٠) هەزاری موسڵمانن. شەس الدین سامی، م. س، مج٣، ص٢٢٠٢.

[٣] رحلة عالي بك...، ص٢٢.

[٤] بڕوانە: مینتیشاشڤیلي، س. پ، ل٣٣.

"واپێدەچێ زۆرینەی دانیشتووان لەکوردان بن". لەشوێنێکی تریش ئاماژە بەوە دەکات کە چەند بەرەو ڕۆژهەڵات بچین زمانی تورکی کەمتر بەربڵاو دەبێت. بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کەڕێژەی کریستیانەکانیش لەدیاربەکردا کەم نەبوو. چونکە لەبارەی دانیشتووانی ئەم شارەوە دەڵێ بێجگە لەکوردەکان و عەرەبی موسڵ، کریستیانەکانیشی تیدایە. کە زۆرینەیان ئەرمەنن، هەروەها پاشماوەی یۆنانییەکانیشی تێدا ماوە. کە بەگوتەی ئەو لەسێ گروپ پێکدەهاتن: سریانەکان کە هەندێکیان سەربە کەنیسەی سریانی و هەندێکیش کاسۆلیکی بوون. لەگەڵ کلدان و ئاسورییەکان.[١] هەردوو برا (وێگرام)یش باسی هەبوونی ئەرمەن و سریانی دەکەن لەم شارەدا.[٢] پێویستە ئەوەش بزانین کە ئەم شارە سەردەمانێك مەڵبەندی پەتریارکی بووە، چونکە (ریچ) کە لەساڵی ١٨٢٠دا سەردانی شاری (سنە) دەکات دەڵێ: "پەنجا ماڵیان کلدان و کاسۆلیکن وسەربە پەتریارکی دیاربەکرن لەئەبرەشییەی موسڵ".[٣]

لەکۆتاییدا ئەوەی جێگەی ڕەخنەو سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی ئەو گەڕیدانەی لەسەردەمی عوسمانیدا هاتوونەتە دیاربەکر، ئاماژە بە جووەکانی شارەکە ناکەن، کە لەسەرەتای ئەو سەردەمە لەوێدا هەبوون و لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەش (٣٠٠) کەسێکیان لێ مابوو.[٤] دیارە ئەمەش بەهۆی کەمی ژمارەیان بووە بەجۆرێك نەبوونەتە جێگەی بایەخی ئەوان.سەبارەت بە

---

[١] رحلة متنكر...، ج١، ص٨٣، ٨٤، ٨٧. بەڵام وازانراوە کە ئاسوری و کلدانەکان هەردووکیان بەشێکن لەسریانەکان کە ناوی کریستیانەکانی ڕۆژهەڵاتە بەتایبەتی کوردستان.

[٢] مهد البشرية...، ص٣٦.

[٣] گەشتنامەی ریچ ...، ل٢٠٦.

[٤] شمس الدين سامی، م. س، مج ٣، ص٢٢٠٢.

کەمبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی کریستیانەکانیش لەشارەکەدا، دەکرێ ئەمە بگێڕینەوە بۆ بەرەبەرە موسڵمانبوونی ئەوان بەدرێژایی چوار سەدەی سەردەمی عوسمانی.

### ج- پەیوەندی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییەکان:-

بەسەرنجدانی زانیاری گەشتنامەکان بۆمان بەدیاردەکەوێ کە دیاربەکر سەرەڕای ئەوەی شارێکی فرەئایین و فرەنەتەوە بوو، بەڵام لەسەدە بەراییەکانی سەردەمی عوسمانیدا تەبایی باڵی کێشابوو بەسەر شارەکەدا، ئەمەش لەگوزارشی بازرگانێکی ڤینیسیایی دەردەکەوێ کە دەڵێ: "پێڕەوانی هەر ئاینێك بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی پەرستن وسرووتی ئاینی خۆیان پەرستگەی جودایان هەیە، موسڵمانان ئازاریان نادەن".[١] بەلگەیەکی تریش لەسەر ئەم تەباییە ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا هیچ یەکێك لەگروپە جیاوازەکان گەڕەکێکی نیشتەجێبوونی تایبەت بەخۆی نەبوو. ئەوەتا لەهەرسێ گەڕەکی (باب ماردین و باب ڕۆم و باب جبل) موسڵمان و هەروەها ئەرمەن هەبوون. هەرچی گەڕەکی (باب الماء)ـە ئەوا موسڵمان و ئەرمەن و جووی لێ نیشتەجێبوو.[٢] دیارە ناموسڵمانەکان لەڕووی ئابووریشەوە تووشی چەوسانەوە نەدەبوون و دەرفەتی ئابووری یەکسانیان هەبوو؛ بۆیە لەسییەکانی سەدەی نۆزدەمدا بەشێکی دیاری سامانی دیاربەکر لەدەستی سریانە کاسۆلیکەکان دابوو، هەرچەندە ئەوان تەنیا (٢٥) بنەماڵە بوون لەم شارەدا.[٣]

---

[١] رابیعە فەتاح، کوردو کوردستان...، ل ٦١.

[٢] بڕوانە تۆماری ڕووپێوی ساڵی ١٥١٨ لە:

Mehdi ilhan, op. cit, p.29, 37, 47, 53, 62, 64, 72, 86, 87.

[3] Horatio Sawthgate, op.cit, p.296.

بەڵام لەساڵانی دوایی سەردەمی عوسمانیدا لە ئەنجامی هەندێ هۆکار (وەکو: سیاسەتی چەوتی دەولەت و دەستوەردانیووڵاتانی ئەوروپی و نەشونماکردنی هەستی جیاوازی ئایینی ونەتەوەیی) ئەم تەباییە بەرەبەرە کاڵ بۆوە. دیارە ئەم مەسەلەیە لەکاریگەری دەوروبەریش بەدوورنەبوو؛ بەگوتەی (جۆن ئاشەر) کوشتاری کریستیانەکانی شام لەسالی ١٨٦٠دا پڕوشکی پەڕیوەتەوە بۆ دیاربەکر، بەڵام بەهۆی ئامادەباشی دەسەڵاتدارانی شارەکە و ئەو ڕێوشوێنەی گرتوویانەبەر، ڕێگری لەڕوودانی کارێکی لەم جۆرە کراوە. دیارە ناوبراو ئەمەی لەوالی شارەکەو هەندێ پیاوماقوڵی کریستیانەکان بیستووە.[1] بەڵام هەندێ لەگەڕیدەکان باسی ئەوەش دەکەن کە گروپە جیاوازەکانی کریستیانەکانیش لەنێوان خۆیاندا ناکۆك بوون؛ هەر ئەم گەڕیدەی دوایی باسی ئەوە دەکات کە مژدەدەرانی ئەمریکی ناوەندێکی مژدەدەرییان لەشاری دیاربەکر داناوە. بەڵام ڕووبەڕووی بەرەنگاری پیاوانی ئایینی ئەرمەن بوونەتەوەو بۆ هەرکوێ بڕۆیشتبان تەگەرەیان دەخستنەڕێ.[2] (مێجور سۆن)یش ئاماژە بەم ناکۆکییەی نێوان گروپە کریستیانەکان کردووەو دەقاودەق دەڵێ: "ڕق وکینە باڵی کێشاوە بەسەر ئەم (مەڵبەندە) کریستیانەو لەنێو گروپە کریستیانە جیاوازەکان بڵاوبۆتەوە". ئەو ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ململانێی پیاوە ئایینییەکان و هەندێ خاڵی جیاواز لەبیروباوەڕدا.[3]

سەرەڕای ئەوەش چەوسانەوەی کریستیانەکان و بەدیاریکراوی ئەرمەنەکان لەکۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە، مەسەلەیەك نیە کە فەرامۆش بکرێ. بەتایبەتی کە ئەم گەڕیدەی دوایی دەڵێ هەرچەندە لەئێستادا شارەکە ئارامە،

---

[1] رحالة اوروبيون...، ص١٢٣.

[2] م. ن، ص١٢٢.

[3] رحلة متنكر...، ج١، ص٨٨.

بەڵام "سێبەری ترس بەسەر شارەکەدا کشاوە". چونکە لەڕابردوودا دیاربەکر چەوساندنەوەی کریستیانەکانی بەخۆوە بینیوە. بەڵام ئەوان دەستبەرداری ئایینەکەی خۆیان نەبوون سەرەڕای کوشتارو تۆقاندن. ئەم گوتانەی ناوبراو لەبارەی چەوسانەوە بەڕەهایی هەموو کریستیانەکان دەگرێتەوە.[1] بەڵام برایان (وێگرام) بەم ڕەهاییە نادوێن وبەگوتەی ئەوان هەر ئەرمەن تووشی ڕق وکینە بوونەتەوەو هیچ شتێك بەسەر سریانەکانی دیاربەکر نەهاتووە. ئەوان باسی کوشتاری سالی ١٨٩٥ی ئەرمەنەکان دەکەن و دەڵێن دیاربەکر یەکێك لەناوەندەکانی ئەم کوشتارە بووە.[2] بەڵام دەمارگیری ئایینی تەنیا بەهۆکارێکی ڕووکەشی دادەنێن بۆ ئەم ڕووداوە، بەلای ئەوان مەسەلەکە لەژێر کۆنترۆڵی سیاسیدا بووە. ئەم دوو برایە لەو ماوەیەدا کە لەدیاربەکر بوون، هەستیان بەکەشوهەوایەکی بارگاوی کرد لەدژی ئەرمەنەکان و ئەگەری دووبارە بوونەوەی کوشتارێکی تریان بەدوور نەزانی.[3] بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە (دەبلیو ئەی وێگرام) خۆی قەشەیەکی کریستیان بوو، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ کە بەهەستیارییەوە سەیری بارودۆخی هاوئایینەکانی بکات لەم شارە.

**د- ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی تر:-**

ئەگەر لەگەشتنامەکان ووردبینەوە چەندین سەرنج و تێبینیمان لەبارەی دانیشتووانی دیاربەکر بەرچاو دەکەوێ، کە دەچنە خانەی ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئاکار و ڕەوشت و جلوبەرگ و هەروەها دابونەریت و کات بەسەربردن. کەلێرە بەدوا یەك لەدوای یەك باسیان دەکەین:

---

[1] م. ن، ص ٨٩- ٩٠.

[2] سەبارەت بەکوشتاری ئەرمەن وهەڵوێستی کورد لەم بارەیەوە، بڕوانە: هوگر طاهر توفیق، الکرد والمسألة الارمنیة ١٨٧٧- ١٩٢٠، مطبعة اراس، اربیل ٢٠١٢.

[3] مهد البشریة...، ص ٣٦- ٣٧.

سەبارەت بە ئاكارو ڕەوشتی دانیشتووانی دیاربەكر، گەشتنامەكەی (ئەولیا چەلەبی) لەهەمووان بەسوودترە. ناوبراو لەدوو شوێندا بەجوانی ڕوخسار وبەژن ڕێكی خەڵكی شارەكە هەڵدەدا و ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ پاكی هەواو سازگاری ئاوەكەی. بەپێی وەسفی ئەو "زۆربەیان دەستەباڵاو بەخۆوەو ڕێكوپێكن... كوڕیان جوان وخاوەنی بەژن وباڵاو سورو سپی"ن. هەروەها دەڵێ "منداڵەكانیان زیرەك وئازان". بەگوتەی ئەو لە تەمەنی حەفتاو هەشتا ساڵیشدا هێشتا لەكار ناكەون، زۆریشیان دەگاتە تەمەنی سەد ساڵی. لەشوێنێكی تر دەڵێ: "زۆر غەریب دۆست و قسەخۆشن و بەڕابواردنن، نوكتەزان وخاوەن قەڵەمی تیژیان زۆرە. پیاوەكانیان ڕاست و بەدینن وژنەكانیان بەناموس وخاوەن ئەدەبن". لەكۆتاییشدا دەڵێ: "پیاو لەهاودەمییان تێرنابێ... بەڕاستی نمونەی ئەدەب وگەورەیین".[1]

بەڵام سەیر ئەوەیە كە دوای نزیكەی دوو سەدەی تر، گەڕیدەیەكی تر بەباشی وەسفی ئاكار وڕەوشتی خەڵكی دیاربەكر ناكات؛ ئەو كەسە هەرچەندە لەسەرەتا دەڵێ زۆر لەخەڵكی ئەم شارە ئەدیب وخوێندەواری بەرزن، بەڵام ئاماژە بەوەش دەدات كە خەڵكی دیاربەكر بەساختەكاری وفێڵ بەناوبانگن. بەگوتەی ئەو گوتەیەك لەنێویاندا باوە كە دەڵێ: "خانوو وسەگ و دڵەكانی خەڵكی دیاربەكر ڕەشن".[2] (مێجەر سۆن)یش ئاكارو ڕەوشتی كریستیانەكانی شارەكەی بەدڵ نەبووەو دەڵێ قازانجویست و ماددەپەرست و بەفێڵ و بێ وەفان.[3] هەرچەندە دەشێ لەئەنجامی تێپەڕبوونی چەند سەدەیەك ئاكارو ڕەوشتی گروپێكی دانیشتووان گۆڕانی بەسەردابێ، بەڵام گشتاندنی

---

[1] كورد لەمێژووی دراوسێكانیدا...، ل٤٩- ٥٠، ٦٤- ٦٥.

[2] عالي بك، م. س، ص٢٢.

[3] رحلة متنكر...، ج١، ص٨٨.

ئاکارگەلێکی ناپەسندی بەم شێوە بەسەر کۆمەڵگەی شارێك، بی ویژدانییەو لەگەڵ لۆجیك نایەتەوە.

لەبارەی جلوبەرگی خەڵکی دیاربەکریش هەردەبێ بچینەوە سەر گەشتنامەکەی (ئەولیا چەلەبی) کە لەبارەی جلی پیاوانیان دەڵێ بەزۆری فەرووی سمۆر و هی دیکە لەبەردەکەن. هەروەها "ئەتلەس وکیمخواش دەپۆشن، مامناوەندییەکانیان چۆقەو کۆنتۆش لەبەر دەکەن و کەم دەستەکانیان چۆقەی لەندەنیان لەبەردایە".[1] لەبارەی ژنەکانیش دەڵێ هەموویان "چارشێوی سپی بەخۆدادەدەن و پەچەش دەگرنەوەو کڵاوی بەزنجیری زێڕ وزیو دابەستراو لەسەر دەنێن وجزمە لەپێ دەکەن". هەروەها بەخشڵ خۆیان دەڕازێننەوە.[2] بێگومان بەتێپەڕبوونی کات جلوبەرگیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەم دەبینین کە فەرمانبەرانی حکومەت وخانەدان وبنەماڵەی دەسەڵاتدار جلی هاوشێوەی خەڵکی ئەستەنبۆڵ (واتە چاکەت وپانتۆڵ) لەبەردەکەن. لەکاتێکدا خەڵکی ئاسایی دیاربەکر جبەو عەبا لەبەردەکەن و موسڵمانەکان کۆفیە (مێزەر) لەسەر دەنێن وکریستیانەکانیش کۆفییەکی ڕەشیان لەسەربوو. بەڵام گەنجانی کریستیانەکان لەجیاتی جبەو عەبا چاکەتیان لەبەربوو، کە ئەمەش مۆدەیەکی نوێ بوو بۆ ئەو سەردەمە.[3] دوای (٢٤) ساڵی تر بەهەمان شێوە جلوبەرگی موسڵمان وکریستیانەکان هاوشێوە بوو، کەبریتی بوو لەکراسێکی درێژو پشتێنێك، کڵاوێکی لبادیشیان لەسەردەنا و کۆفییەکی شینیشیان تێوەدەئاڵاند. (مێجەر سۆن) ئەم لێکچوونە دەگێڕێتەوە بۆ

[1] بەداخەوە نازانین ئەم جۆرە جلانە ئێستا چییان پێدەگوترێ، دیارە وەرگێرەکەش نەیتوانیوە بیانکاتە کوردی.

[2] کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل ٥٠.

[3] عالي بك، م. س، ص٢٤.

خۆچوواندنی کریستیانەکان بە موسڵمانان لەپێناو خۆپاراستن.[١] بەڵام ڕەچاوی ئەوە ناکات کە لەوانەیە ئەمە بەهۆی پێکەوەژیانی هەردوولابێ لەشارێکدا.

هەر ئەم پێکەوەژیانە وایکردبوو کە بێجگە لەزمانی تورکی، هەندێ سیماو نەریتی تورکی عوسمانیش بەسەر کۆمەڵگەی ئەم شارەدا زاڵبێ؛ گەڕیدەیەك کە لەساڵی ١٨٣٩دا لەدیاربەکربوو، دەڵێ: "ئافورە بەردینەکانی شەقامەکان، ڕەفتە سپییەکانی ئافرەتان، لەگەڵ نەریتی دانیشتووان ئەوەم بەبیردێننەوە کە من دووبارە لەووڵاتی عوسمانلییان نزیك دەبمەوە". هەر ئەم گەڕیدەیە سەرنجی ئەوەی دا کە ڕێوڕەسمەکانی جەژنی قوربان لەم شارەدا، هاوشێوەیە لەگەڵ ڕێوڕەسمەکانی جەژن لەئەستەنبۆڵ.[٢] یەکێکی تریش لەساڵی ١٨١٧دا تێبینی ئەوەی کرد کە دیاربەکرییەکان لەکاتی میوانداریدا، لەسەر شێوازی تورکی خواردن لەدوای خواردنیان بۆ میوانەکە دەهێنا، بەتایبەتی لەژەمی ئێوارەدا.[٣] بەڵام نازانین بۆ هەموو خەڵك هەروابووە یان تەنیا بۆ میوانی تایبەت.

هەندێ لەگەشتنامەکان چەند زانیارییەکمان لەبارەی دابونەریتی خەڵکی دیاربەکریش پێدەبەخشن؛ وەکو ئەوەی کە پیاوەکانیان لەقاوەخانەکان دادەنیشتن ونێرگەلەیان دەکێشا. هەروەها ڕێزیان لە (سەید)ـەکان دەنا لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەچنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ). بەوەش ناسرابوون کە پرسیاری زۆر لەکەسانی غەوارەو نامۆ دەکەن، لەبارەی گەڕان و سەفەریان.[٤] باسی ئەوەش دەکەن کە لەشەوانی هاویناندا خەڵکی شارەکە بەهۆی گەرماوە

---

[١] رحلة متنكر...، ج١، ص٩٠.

[2] Horatio Sawthgate, op.cit, p.293.

[٣] سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٢- ٩٣.

[٤] میجرسون، م. س، ج١، ص٨٤.

لەسەربان دەنووستن.[1] دیارە ئەوەش لەماوەی نێوان مانگی حوزەیرانەوە تا ئەیلول بوو کە کەشوهەوا ووشك بوو،[2] واتە ئەگەری باران بارین نەبوو.

هەندێ ئاماژەی ترمان دەستدەکەوێ کە پەیوەستن بەپێگەی ئافرەت لەکۆمەڵگەی دیاربەکردا، بەڵام دیارە هەموویان نەرێنین؛ وەکو ئەوەی ئەولیاچەلەبی لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا دەڵێ بەهۆی بەتەنگەوەبوونی ئابڕوویانەوە، ژن وکچەکانیان نەدەبوو بچنە بازاڕ.[3] گەڕیدەیەکی تریش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، کاتێ تاڤگەیەکی زیاتر لە (٣٠ ) مەتر بەرز لەدەوروبەری شارەکە دەبینێ، دەنووسێ: "هەتا سەرەتای ئەم سەدەیە، ژنە ناپاکەکانیان لێرە فڕیدەدایە خوارەوە". هەر ئەم گەڕیدەیە لەماڵێکی شارەکەدا کەنیزە فرۆشێکی بینی کە تازە هاتبووە ئەوێ بۆ ئەوەی ژمارەیەك کەنیزە بفرۆشێ کە لەگەڵ خۆی هێنابوونی. کەنیزەکانیش کە هەندێکیان لەڕەگەزی چەرکەسی بوون، وەکو کاڵای فرۆشتن خۆیان نمایش دەکرد.[4] ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تا ئەو دەمە (ساڵی ١٨٦٩) بازرگانی کۆیلە لەدەولەتی عوسمانیدا هەرمابوو.

سەبارەت بە خۆشی وڕابواردنیش گەشتنامەکان پێمان دەڵێن لەم شارەدا بەگشتی ژیان خۆش بووە؛ مژدەدەرێکی ئەمریکی لەساڵی ١٨٣٩دا دەڵێ: "شارەکە بەباشی هۆیەکانی ژیان وگوزەرانی بۆ دابینکراوە. هۆیەکانی خۆشگوزەرانیش کەم نین". وەکو نمونەیەکیش ئاماژە بەهەڵگرتنی بەفرو سەهۆڵی زستان دەکات بۆ هاوین، لەڕێگەی کۆکردنەوەی لەشێوەی کۆمەڵی

---

[1] عالي بك، م. س، ص٢٢.

[2] ادولفو ريفادينيرا، م. س، ص١٣٣.

[3] کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٦٥.

[4] ادولفو ريفادينيرا، م. س، ص١٣٢، ١٣٣- ١٣٤.

قوچەکی و داپۆشینی بەپووش. ئەم بەفرە لەهاویندا بەنرخێکی هەرزان دەفرۆشرا بەجۆرێك "هەژارترین پیاو دەیتوانی خواردنەوەکەی سارد بکات".[١] گەڕیدەیەکی تریش (٣٠) ساڵ دواتر ئاماژە بەمە دەکات بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز؛ ئەم گەڕیدەیە دەڵێ لەدەرەوەی شوورەی شارەکە "هەندێ ئاوی مەنگ هەن کە لەزستاندا سەهۆڵیان لێدەبڕێ و لەهەندێ شوێنی ئامادەکراوی تایبەت لەژێر زەوی بۆ هاوینان هەڵدەگیرێ".[٢]

هەر لەڕێی گەڕیدەکانەوە دەزانین کە خەڵکی دیاربەکر خۆیان بۆ جەژنەکان ئامادە دەکرد.[٣] لەجەژنەکانیشدا نوێژی جەژن دەکراو لەجەژنی قورباندا قوربانی دەکرا.[٤] هەروەها دیاربەکرییەکان زۆر بەتەنگ سەیران و بەسەربردنی کاتی خۆش بوون، بۆ ئەو مەبەستەش دەچوونە دەرەوە بۆ نێو باخەکانی قەراخ ڕووباری دیجلە و ڕۆژانی پشوویان لەوێ بەسەر دەبرد.[٥] بەگوتەی (ئەولیا چەلەبی) بێ خەڵکی شارەکە لەسەرەتای بەهارەوە بەخاووخێزانەوە دەهاتنە ڕۆخ ڕووبارەکەو لەوێ خیوەت وکەپریان هەڵدەداو خەریکی کشتوکاڵ کردنیش دەبوون. بۆیە چەند مانگێك لەوێ دەمانەوەو دەیانکردە "کانگای هەراو بەزم وڕابواردن وگۆرانی وخواردنەوە".[٦]

بەرلەوەی کۆتایی بەم باسە بێنین، دەبێ ئاماژە بە هەندێ زانیاری تر بکەین کەپەیوەستن بەلایەنی تەندروستییەوە. ئەوانیش لەدوو گەڕیدەوە دەستمان

---

(1) Horatio Sawthgate, op.cit, p.292.

(٢) ادولفو ريفادينيرا، م. س، ص١٣٢.

(٣) بڕوانە: سەفەرنامەی نیبور...، ل ٢٠٠.

(4) Horatio Sawthgate, op.cit, p.293.

(٥) سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل ١١٦؛ عالي بك، م. س، ص٢٣- ٢٤.

(٦) کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٦٣.

دەکەوێ کە هەردووکیان لەشێستەکانی سەدەی نۆزدەمدا سەردانی دیاربەکریان کردووە. دیارە لەو ماوەیەدا خەڵکی شارەکە نەخۆشییەکی بڵاویان هەبووەو ئەویش لەپێست بووە بۆیە هەردووکیان هەستیان پێکردووە؛ گەڕیدەی یەکەمیان کە (جۆن ئاشەر)ی ئینگلیزییە لەساڵی (١٨٦٤) تێبینی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی پێستی لەنێو دانیشتووانی دیاربەکر کرد، کە عەرەبەکان پێیان دەگوت (حبة حلب/ واتە: دەنکەی حەلەب) یان (الاخت البغدادية)، بەڵام خەڵکی دیاربەکر ناویان لێنابوو (زر حلب/ واتە: زێڕی حەلەب) یان (علامة التمر البغدادية/ واتە: نیشانەی خورمای بەغدا). دیارە ئەم نەخۆشییە بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو خەڵکی شارەکە بڵاوبۆوەو هەروەها ئەوانەشی دەگرتەوە کە سەردانی شارەکەیان دەکردو تیایدا دەمانەوە. ئەم گەڕیدەیە لەشوێنی تریش ئەم نەخۆشییەی بینیبوو.[1] لەڕاستیدا نەخۆشییەکە لەزۆربەی ناوچەکانی میزۆپۆتامیا بڵاوبوو بۆیە (ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا)ی ئیسپانی پێیدەڵێ (دەنکەی میزۆپۆتامیا). ئەمە کە گەڕیدەی دووەمە پێنج ساڵ دواتر هاتۆتە شارەکەو دەڵێ هەمووان مەترسی ئەو نەخۆشییەیان لەسەرە.[2] دیارە نەخۆشییەکە لەساڵانی دواتریشدا هەر مابوو، بۆیە گەڕیدەیەکی فەرەنسی لەساڵی ١٨٨٥دا شوێنەواری پۆقلە یان مەمیلەی لەسەر ڕووی خەڵکی موسڵ بینی. ئەمەی دوایی زانیاری باشترمان لەم بارەیەوە پێدەدات و دەڵێ ئەوە نەخۆشی شارە گەورەکانە لەم وڵاتە گەرمانەو لەگوندە بچووکەکان دەرناکەوێ. ناوەکەشی لەو شارانەوە وەرگرتووە کە خەڵك تێیدا تووش دەبن؛ بۆیە ناویان لێناوە: دەنکەی حەلەب، یان: دەنکەی دیاربەکر، یان موسڵ، یان بەغدا و هیتر. سەرەتا لەشێوەی زیپکەیەکی بچووکی سوور دەردەکەوت و دواتر گەورە دەبوو تا دەگەیشتە قەبارەی بزمارێکی ڕەق، ئینجا دەتەقی و لەماوەی ساڵێکدا

---

[1] رحالة اوروبيون...، ص١٢٣.

[2] من سيلان الى دمشق، ص١٣٣.

نەدەما، بەڵام لەکەیەکی تۆخی خراپی لەشوێنی خۆی بەجێدەهێشت. دیارە هەندێ پزیشکی ئەورووپی بەتایبەت بۆ توێژینەوە لەبارەی ئەم نەخۆشییە هاتوونەتە بەغدا، بەڵام نەك هەر نەیانتوانی چارەسەری بکەن بەڵکو خراپتریشیان کردووە.[1]

هەر لەم ماوەیەدا بەتایبەتی لەهاویناندا دانیشتووانی دیاربەکر کێشەیەکی تریان هەبوو؛ ئەویش پێوەدانی دووپشك بوو. دیارە دووپشکیش ببووە مەترسییەك بۆ خەڵکی شارەکە، بەتایبەتی جۆرێکی ڕەشی گەورە کە درێژییەکەی دەگەیشتە (١٢) سانتیمەتر. ژمارەی ئەو زیندەوەرە زیانبەخشە لەکۆتایی شێستەکانی سەدەی نۆزدەم زۆربوو، بۆیە خەڵکانێك پەیداببوون کە لەماڵان دەگەڕان وچارەسەری میللییان بۆ پێوەدانی دووپشك دەکرد. ئەوان چەند قومێکیان لەماستی ترش دەخوارد، ئینجا ژەهرەکەیان دەمژی و دواتر لەگەڵ ماستەکە تفیان دەکردەوە.[2] ئەم مەترسییە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش لەدیاربەکردا هەرمابوو، بەجۆرێك ببووە سەرچاوەی بژێوی بۆ هەندێ کەس؛ وەکو ئەو سەیدە عەرەبەی خەڵکی موسڵ کە ساڵانێك بوو لەشارەکە چارەسەری پێوەدانی دووپشکی دەکرد. بەڵام بەشێوازێکی پێشکەوتووتر لەچاو پێشوو، چونکە ئەو دژەژەهری دروست دەکرد. بەگوێرەی قسەکانی کەسێکی خەڵکی شارەکە، ئەم سەیدە بەنرخێکی کەم دووپشکی ڕەشی لەخەڵك دەکڕییەوەو ماددەیەکی چەوری لێ دەردەهێنا. دواتر چەند دڵۆپێکی لەم ماددەیە لەشوێنی پێوەدانەکە دەدا بۆ چارەسەرکردنی کەسەکە. بۆ ئەمەش پارەیەکی باشی وەردەگرت.[3]

---

[1] هنری بندیە، رحلة الی کردستان فی بلاد مابین النهرین سنة ١٨٨٥، ت: د. یوسف حبی، دار اراس للطباعة والنشر، اربیل ٢٠٠١، ص٦٥.

[2] ادولفو ریفادینیرا، م. س، ص١٣٣.

[3] میجرسون، م. س، ج١، ص٨٤- ٨٥.

## باسی چوارەم:
## چالاکی ئابووری

گومان لەوەدانیە کە یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی گەشتی گەڕیدەکان بۆ ڕۆژهەلات، پالنەری ئابووری بووە. بۆیە لەگەشتنامەکانیان سەرنجی هەموو بوارەکانی ئابوورییان داوە؛ بەتایبەتی کشتوکاڵ وبەروبوومەکانی، پیشەگەری وکارو پیشەی خەلك، بازرگانی وڕێگاکانی گواستنەوە. کەزانیاری زۆریان لەبارەیانەوە نووسیوە.

### أ- کشتوکاڵ ئاژەڵداری:-

لەباسەکانی پێشوودا ئاماژەمان بەوەدا کە سەرزەمینی دیاربەکر زەوییەکی بەپیت و پڕ خێروبێرو هەروەها ئاوی زۆرو کەشوهەوای گونجاوی هەیە بۆ کشتوکاڵ. دیارە دانیشتووانەکەشی ئەزمون وشارەزایی باشیان هەبوو لەکشتوکاڵ وچاندندا. بۆیە سەرنجی چەندین گەڕیدەیان ڕاکێشاوە. لەپێش هەموویاندا (ئەولیا چەلەبی) کە دەڵێ: "شاری دیاربەکر خۆی کەوتۆتە نێو ڕەقەنێك، بەڵام ناوچەکانی دەوروپشتی حەوت جۆرە گەنمی دەنك درشت وجۆ و پاقلەی هەیە... بەهۆی ئاوەدانی ولاتەکەیەوە کێڵگەو زەوییەکانی زۆر بەپیتن". بەتایبەتی زەوییەکەی قەراخ دیجلە کە خەڵکی شارەکە سوودیان لێدەبینی بۆ چاندنی شفتی وکاڵەك وسەوزە.[1] گەڕیدەیەکی تریش لەسییەکانی سەدەی نۆزدەمدا دەڵێ: "زەمینی نێوان دیجلەو بنکەی ئەو تەپۆلکەی کە شارەکەی لەسەر بنیادنراوە، زەوییەکی مێرگەو باغ وبێستانێکی فراوانەو بەئاگاییەکی زۆرەوە ئاودراوەو کێڵراوە. بەدەوڵەمەندترین سەمادیش پەیینکراوە، بۆیە

[1] هـ. س، ل٦١، ٦٣.

چەندین جۆر میوەی نایاب بۆ شارەکە دابین دەکات".[١] یەکێکی تریش لەکۆتایی شێستەکانی هەمان سەدەدا کاتێ دەگاتە نزیك دیاربەکر، لەشێوەی پەخشان وێنای زەمینی دەوروبەری دەکات ودەڵێ: لەخوارووی ئەو بەرزاییەی کە دیاربەکری لەسەر بنیادنراوە ئاوێکی زۆر دەڕوا کە داری توو و سوورەچنار و بی و قەیسی و گوێز و مێو هەنجیر ئاودەدا. لەلای ڕاست و چەپی ئەم ڕووبارە لەزەوییە تەپۆلکاوییەکە بێستان وباغ و مێرگی گژوگیای زۆر هەن.[٢]

لەنێو ئەو بەروبوومانە کاڵەکی دیاربەکر لەهەمووان زیاتر بووەتە جێی سەرنجی (ئەولیا چەلەبی) چونکە بەگوتەی ئەو "بۆ خۆشی وشیرینی هاوتای نیە".[٣] بێگومان ئەم کاڵەکە زۆر نایاب بووە بۆیە هەندێ گەڕیدەی تریش ئاماژەیان پێکردووە.[٤] هەروەها (شفتی)یەکەشیان بەناوبانگ بووەو شایستەی پێداهەڵدان بووە.[٥] بەو پێیەی زۆر بەتام و هەروەها لەڕاددەبەدەریش گەورە بووە، چونکە (عالی بەگ) دەڵێ هەر یەکێکیان (٤٥) ئوقیە دەبوو، ئوقیەی دیاربەکریش (٥٠٠) درهەم بوو.[٦] دیارە نایابی ئەم شفتی وکاڵەکەش بۆ شێوازی چاندنەکەی دەگەڕایەوە، چونکە (ژان ئۆتەر) دەڵێ تۆی کاڵەکەکە

---

(1) Horatio Sawthgate, op.cit, p.292.

(٢) ادولفو ريفادينيرا، م. س، ص١٢٦.

(٣) کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٦٢.

(٤) بڕوانە: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٥-١١٦.

(5) Horatio Sawthgate, op.cit, p.292.

(٦) رحلة عالي بك...، ص٢٣. ئۆقیە یان حۆقە: یەکەیەکی کێش بوو لەدەولەتی عوسمانی، بەپێی شوێن و هەروەها سەردەمیش دەگۆڕا، بۆ نمونە لەسەدەی نۆزدەمدا لەکەرکوك 2,566 کگم بوو. (بەختیار سەعید مەحمود شوانی، کەرکوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا، سلێمانی ٢٠٠٩، ل٢٢٠). بەڵام پێدەچێ ئۆقیەی دیاربەکر لەم کێشە کەمتر بێ، چونکە ناشێ شفتییەك بگاتە نزیکەی ١٠٠ کگم.

تێکەڵی جیقنە کۆتر دەکەن ئینجا لەخاکێکی پەیینکراو بە ڕیخ دایدەچێنن.[١]
گەڕیدەیەکی تریش باسی ئەم جۆرە پەیینە دەکات ودەڵێ لەگوندێکی نزیك شارەکە، ژمارەیەکی زۆری کۆتر بۆ ئەو مەبەستە ڕادەگرن. هەروەها دەڵێ شفتییە بەتامەکەی وولاتی فارسیش هەر بەم شێوەیە پەیدادەبێ.[٢]

خەڵکی ئەم دەڤەرە (پەیین)یان بۆ هەموو کێڵگە کشتوکاڵییەکان بەکاردەهێنا. هەروەها بە مانگای بەهێز وبەرز گاسنیان ڕادەکێشا، بۆیە کێڵگەکانیان چاك دەچێنرا ودەغڵودانیان دەگەیشتە ئاستێکی بەرزی تەواو. (ولیەم هیوود) لەبارەی کێڵگەکانی دیاربەکر دەڵێ: "لەماوەی سەفەرێك کە هەزار میلمان بڕی، ئەوە تاقە ناوچەیەك بوو کە بەشێوەیەکی نیزامی چێنراو بێ کە من بینیبم".[٣] هەر لەم ماوەیەدا گەڕیدەی تریش ئاماژە بەوە دەکەن کە دەوروبەری شارەکە بەبەرهەمەو چاك کێلراوە.[٤] (ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا)ی ئیسپانی زانیاری ووردترمان دەداتێ و دەڵێ سەبارەت بە بەرهەمە سروشتییەکان، لەدیاربەکر هەموو شتێك هەیە کە کەسێك لەم ناوە حەز بەخواردنی بکات، لەنێویشیاندا برنج. بەڵام گەنم بەروبوومی بنەڕەتییە کە هەناردە بکرێ.چونکە ئەم جۆرە دانەویڵەیە لەڕووبەرێکی فراواندا دەچێندرێ. ناوبراو ئاماژە بە زۆریی بەرهەمی میوەو هەموو جۆرەکانی سەوزەش دەکات لەشارەکەدا.[٥]

گەشتنامەکان زانیاریمان لەبارەی هەندێ بەرهەمی تری ئەو دەڤەرە پێدەدەن؛ وەکو هەنگوین وگەزۆ. بێگومان ئەمەی دوایی بەرهەمێکی

---

[١] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٥-١١٦.

[٢] Horatio Sawthgate, op.cit, p.292.

[٣] سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩١.

[٤] John M. Kinneir, op. cit, p.334.

[٥] من سیلان الی دمشق، ص١٣٢.

سروشتییەو لەسەر گەڵای هەندێ دروخت پەیدا دەبێ و دەکرێتە شیرینی، بۆیە (ئەولیا چەلەبی) ناوی دەنێ (حەلوای خوایی). دیارە دیاربەکر لەو سەردەمەدا چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی و سروشتی تریشی هەبوو،[1] بەڵام گەڕیدەکان ئاماژەیان بەهەموویان نەکردووە.

سەبارەت بەئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەڕوماڵات لەدیاربەکر، تەنیا لەیەك گەشتنامەدا زانیاریمان دەستدەکەوێ، ئەویش گەشتنامەکەی (ئەدۆلفۆ ریڤادینێرا)ی ئیسپانییە؛ ناوبراو لەم ناوچەیە باسی ئەوە دەکا کە کاوڕەکان[2] سەرنجیان ڕاکێشاوە. ئەویش نەك لەبەر زۆری ژمارەیان، چونکە وەك خۆی دەڵێ لەشێوەی ڕانی زۆر گەورە لەهەموو شوێنێکی دەڤەرەکە بینیویەتی. بەڵکو بەهۆی نەرمی خورییەکەیان و قورسایی کێشیان، کە هەندێکیان لە (٥٠) کیلۆگرام زیاتر بوون. بۆیە هەندێ لەو کاوڕانە بەهۆی قورساییەکەیان بەئاستەم دەیتوانی بڕوات. ئەو گەڕیدەیە پەسنی هێسترەکانی دەڤەرەکەش دەکات و دهنووسێ تایبەتمەندی زۆرباشیان هەیە؛ دەڵێ لاشەیان لەهێسترەکانی ئێمە بچووکترە بەڵام بەهێزتر و خێراتر و هەروەها زیاتر جێگەی دڵنیایین.[3]

### ب- پیشەگەری وکارو پیشەی خەڵك:-

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە دیاربەکر یەکێك بوو لەشارە هەرە گەورەکانی کوردستانی عوسمانی وخەڵکێکی زۆری تێدا دەژیا. بۆیە دەبێ

---

[1] لەم بارەیەوە بڕوانە: شمس الدين سامی، م. س، مج٣، ص٢٢٠٣.

[2] وەرگێڕی عەرەبی گەشتنامەکە ووشەی (خراف)ی بەکارهێناوە کە کۆی ووشەی (خروف)ـەو دەکاتە (بەرخ) بەکوردی، بەڵام ئاشکرایە کە لێرەدا مەبەست (کاوڕ)ـە. چونکە گەڕیدەکە دەڵێ کێشی هەر یەکێکیان لە (٥٠) کیلۆ زیاتر بوو، بێگومان هیچ بەرخێکیش کێشی ئەوەندە نابێ.

[3] من سيلان الى دمشق، ص١٣٢.

چەندین کارو پیشە لەم شارەدا هەبووبێ تا ئەم خەڵکە بژێوی خۆیان وخێزانەکانیان لێ بەدەست بێنن.لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا خەڵکێکی زۆری شارەکە خەریکی بازرگانی بوون. زۆربەی ئەوانیتریش لەشاردا پیشەی خۆیان هەبوو بەتایبەتی لەکاری پیشەگەریدا بژێوییان دەست دەکەوت. وەکو ئاسنگەری، مسگەری، زێڕنگەری، زیوگەری، بەرگدروو، پێڵاودروو، کورتاندروو، کوتاڵفرۆش، گەوهەرفرۆش، قەزازی (کاری ئاوریشم)، دەلاڵی وقەڵەمکاری. بێگومان هەبوونی گەرماو وکاروانسەراو شوێنی خزمەتگوزاری تریش، ئاماژەیە بۆ هەبوونی کەسانێك کە لەو شوێنانە کاریانکردووە.[١]

بێگومان لەشارێکی گەورەی وەکو دیاربەکردا بازاڕ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ لەچالاکی ئابووریدا، چونکە دەبێتە شوێنی کاری بازرگانان و بەتایبەتیش پیشەگەران. بەپێی گوزارشی (ئەولیا چەلەبی) بازاڕی هەمەجۆر بوو، چونکە بەپێی کالاو هەروەها جۆری پیشەکان دابەش ببوو؛ وەکو: بازاڕی عەتاران، بازاڕی دەلالان، ئاسنگەران، گەوهەر فرۆشان، زێڕنگەران، پێلاودرووان، کورتاندرووان، قەزازان، هەروەها بازاڕی بەزازان. هەر بەگوتەی ناوبراو پیشەگەرانی ئەم شارە چەندین جۆری کەلوپەلیان دروستدەکرد و لەهەموویاندا کارامەو لێهاتوو بوون و هەندێ دروستکراویان بەناوبانگ بوو؛ بەتایبەتی شمشێر وخەنجەرو وڕم ونوکەتیر و دەمانچەو تەورو قوڵنگ. زێڕنگەرەکانیش لەکاری زێڕو بەردی بەنرخدا و مسگەرەکانیش لەدروستکردنی قاپەکاندا "بێ وێنە" بوون. هەروەها قەلەمکارەکانیشیان لەوێنەو نیگارکێشاندا زانا بوون. لەم شارە جاوی سوور و سەختیانی گوڵدار و پاپوچ و جزمەش دروستدەکران. (ئەولیا چەلەبی) باسی ئەوە دەکات کە پیشەگەرەکان لەکاتی

[١] بڕوانە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٤٨- ٤٩، ٥٠- ٥١، ٦١- ٦٢.

کارکردندا چەکوچەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقاو مەقامەکان لێدەداو خۆشیان لەگەڵیان دەگوت.[١]

دیارە هەر لەم ماوەیەدا پیشەگەرانی دیاربەکر مۆرکی تایبەتی خۆیان بەهەندێ جۆری کاڵا وەنابوو. وەکو تایبەتمەندبوونی دەباغچییانی شارەکە بە بەرهەمهێنانی پێستی سوور؛ بۆیە (تاڤەرنێ ١٦٠٥- ١٦٨٩)ی گەڕیدەی فەرەنسی لەساڵی ١٦٤٤دا دەڵێ: "پێستەی زەرد لە ئورفا و شین لەتۆقات و سووریش لەدیاربەکر لەبەردەکرێ".[٢]

لەزانیاری هەندێ گەشتنامەی تردا بۆمان بەدیاردەکەوێ کە لەسەدەکانی دواتریشدا کاری پیشەگەری لەدیاربەکردا ڕەواجی هەبووە، بۆ نمونە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەمدا ئاوریشم ومس وئاسن لەلایەن خەڵکی شارەکە بەرهەمهێنراوە.[٣] هەروەها لەساڵی ١٨٢٠دا هەندێ کاڵای دروستکراوی ئەو شارە فرۆشراوەتە موسڵ و لەوێشەوە بردراوە بۆ سلێمانی.[٤] بەگوتەی گەڕیدەیەك کە لەساڵی ١٨٦٩دا سەردانی دیاربەکری کردووە، کاری دەستی زێڕنگەران و زیوگەرانی شارەکە لەو دەمەدا ناوبانگی هەبووە، بەتایبەتی لەداڕشتنی شێوەی تەل.[٥]

هەندێ لەدەزگا پیشەگەرییەکانی دیاربەکر پەیتاپەیتا پەرەیان سەندووەو بوونەتە کارگەو کەرەستەی خاویان لەشارەکانی دەوروبەرەوە بۆ

---

[١] هـ. س، ل٤٩، ٦١.

[٢] جان باتيست تافرنييه، رحلة الفرنسي تافرنييه الى العراق فى القرن السابع عشر، ت: كوركيس عواد وبشير فرنسيس، الدار العربية للموسوعات، ط ١، د.م، ٢٠٠٦، ص٣٥.

[3] John M. Kinneir, op. cit, p.334.

[٤] بڕوانە: کلۆدیۆس جیمس ریچ، س. پ، ل٨٨.

[٥] ادولفو ريفادينيرا، م. س، ص١٣٢.

چووه.[١] هەروەها بەکۆمەڵ لەجۆرێکی دیاریکراوی بەرهەمی پیشەسازیدا کاریان کردووە. بۆیە لەنیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا دەبینین بەشێکی دانیشتووانی شارەکە لەپیشەسازی سۆلەو پێڵاودا کاریان کردووە کە لەپێستی مەڕ و مانگا دروست دەکرا. بەشێکی تریش لەپەڕەکردنی لۆکەو هەندێکیش کاریان شووشتنەوەی خوری بووە.[٢] بەگشتی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمدا (٢٨) کارخانەی پێستەخۆشکردن (دەباغخانە) و (٢١) کارگەی کوتاڵ چنین و (٣٠) بۆیەخانەو (١٢) شوێنی مسگەری و(٩) شووشوگەری و(١٠) کارخانەی گۆزەگەری لەم شارەدا هەبوون. هەروەها چنراوی (ئاوریشم)یش بەرهەم دەهێنرا.[٣]

دیارە هەندێ کارو پیشە تایبەت بووە بەگروپێکی دیاریکراوی دانیشتووان، بەگوتەی (مێجەر سۆن) پیشەگەرانی شارەکە بەتایبەتی ئەوانەی لەدروستکردنی قاپوقاچاغی مسدا کاریاندەکرد، بەزۆری ئەرمەن بوون. ئیشی بارکردن و(حەماڵی)ش کوردەکان دەیانکرد، بۆیە کوردێکی بەهێزی ڕاسپارد بۆ هەڵگرتن وگواستنەوەی کەلوپەلەکانی بۆ سەر زێیەکە. بەڵام هەر کوردێکیش خاوەنی ئەو (کەڵەك)ە[٤] بوو کە ئەوانی بەدیجلەدا دەگواستەوە. کەچی

---

[١] بڕوانە: جیمس برانت، م. س، ص٩٦.

[٢] ادولفو ریفادینیرا، م. س، ص١٣٢.

[٣] شمس الدین سامی، م. س، مج٣، ص٢٢٠٢.

[٤] کەڵەك: هۆیەکی گواستنەوە بوو لەو سەردەمەدا لەڕووبارەکاندا بەکاردەهات. ئەویش بریتی بوو لەکۆمەڵێك هەمبانەی پڕهەوا کە لەسەرەوە بەهۆی چەند دارێکی درێژ بەیەکەوە دەبەستران. ئەو دارانەش تەختەڕێژ دەکران و کەلوپەلیان لەسەر دادەنرا. هەندێ جار ژوورێکی بچووکی بەدار یان چادر لەسەر دروستدەکرا، بۆ پاراستنی گەشتیاران لەباران وگەرمای خۆر. کەڵەك تەنیا بەئاراستەی ڕووبارەکە دەڕۆیشت بۆیە دوای

پاسەوانی کاروانسەراکە و ئەو دوکاندارەی هەندێ کاڵایان لێکڕی ئەرمەن بوون.[1]

لەم بارەیەوە جێگەی سەرنجە کە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، دیاربەکر بەپیشەسازی قاپوقاچاغی مس بەناوبانگ بووە.[2] هەر لەم ماوەیەدا بەهۆی زۆری مازووەوە دەباغی باش پەرەیسەندووە. هەروەها خشڵی زیو وپێڵاوی چەرم وکوتاڵی هەمەجۆریش بەرهەم دەهێنرا؛ بەتایبەتی جۆرێك کوتاڵ کەپێی دەگوترا (شەیتان بێزی/ کوتاڵی شەیتان) کە کوتاڵێکی نەرم ونەخشینی هێڵداری ئاوریشم بوو. ئەو تاڵانەی کە پێویست بوون بۆ چنینی کوتاڵ هەندێکیان هەر لەم شارە دەرێسرا، بەڵام هەندێکی لەدەرەوە دەهێنرا. بەڵام ئەم کاڵایانە هەموویان بەشێوازێکی سەرەتایی و بەکاری دەست بەرهەم دەهێنران. بۆیە نەیاندەتوانی کێبڕکێی کاڵا ئەوروپییەکان بکەن کە بەرهەمی ئامێری پێشکەوتوو بوون بەپێوەری ئەو سەردەمە. سەرەنجام بەرهەمی ناوخۆ بەرەبەرە لەبازاڕەکاندا لەپاشەکشە دابوو، وەکو گەڕیدەیەکی روسی لەساڵی ١٩٠٧دا تێبینی کرد.[3]

### ج- بازرگانی:-

شاری دیاربەکر بەهۆی گەورەیی وفراوانی بازاڕەکەی لەلایەك و هەڵکەوتەی جوگرافی لەلایەکی ترەوە، ببووە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی

---

گەیشتنی بەشوێنی مەبەست هەڵدەوەشێنرایەوەو تەختەکان دەفرۆشران. بڕوانە: اولیفییە، م. س، ص٥٤؛ عالي بك، م. س، ص٣٩- ٤٠.

[1] بڕوانە: رحلة متنكر... ، ج١، ص٨٥، ٨٧، ٩٢، ٩٦، ٩٨.

[2] م. ن، ج١، ص٨٧.

[3] پ. أ. تۆمیلۆڤ، ڕاپۆرتی دەربارەی گەشتێ لەبەشی ئاسیای تورکیا (بەزمانی ڕوسی)، سان پیتەربۆرگ ١٩٠٧، وەرگیراوە لە: مینتیشاشڤیلي، س. پ، ل ٣٣- ٣٤.

لەناوچەکەدا. بۆیە لەهەموو ویلایەتەکانی ترەوە بازرگان ڕوویان تێدەکرد. هەروەها چەندین ناوەندی بازرگانی بەیەکەوە دەبەستەوەو گەلێك ڕێگای بازرگانی سەرەکیش بەم شارەدا تێپەڕ دەبوون؛ لەگرنگترینیان ڕێگای بەغدا- کەرکوك- موسڵ- دیاربەکر بوو یان بەپێچەوانەوە، کە ڕێگایەکی سەرەکی کاروانە بازرگانییەکان و هەروەها پۆستەو هەڵمەتە سەربازییەکانیش بوو. چونکە ئەم ڕێگایە لەدیاربەکرەوە درێژدەبۆوە بۆ ئەستەنبۆڵی پایتەختی عوسمانی.[1] گەڕیدەیەکی هۆڵەندی زۆر پەسنی ئەم ڕێگایە دەکات و دەڵێ ڕێگایەکی "خۆشترو ئاسانترو کەم مەترسیترو ئەمینترە".[2] ئەم ڕێگایە لەموسڵەوە بەدوو ئاراستە دەگەیشتە دیاربەکر، یەکەمیان: موسڵ- زاخۆ- جزیرە- نسێبین – ماردین- دیاربەکر بوو، یان بەپێچەوانەوە. کە (جۆن ئاشەر) لەدیاربەکرەوە پێیدا ڕۆیشت بەرەو موسڵ.[3] (تاڤەرنێ)ی فەرەنسی لەسەدەی حەڤدەمدا دەڵێ تەنیا بڕینی ماوەی نێوان دیاربەکر و جزیرە بۆ کاروانەکان چوار ڕۆژی دەخایاند.[4] ئاراستەی دووەمیش لەموسڵەوە بەرۆژئاوای دیجلەدا بەرەو نسێبین و ماردین وئینجا دیاربەکر. ئەمەی دووەمیان چونکە بەناوچەی ئێزیدییەکان تێپەر دەبوو، بۆیە بەڕێگایەکی مەترسیدار دادەنرا. بەپێچەوانەی ڕێگای یەکەمیان کە دڵنیاتر بوو. (ژان ئۆتەر) خۆی ئەمەی دەزانی بەڵام ڕێگەی دووەمی هەلبژارد وپێیدا تێپەڕی و بەساغی گەیشتە دیاربەکر.[5] (ئەبی تالیب خان)یش هەرچەندە لەو

---

[1] لەم بارەیەوە بڕوانە: سعدي عثمان، كوردستان الجنوبية ...، ص٣٥٨.

[2] رحلة اينهولت الهولندى الى العراق سنة ١٨٦٦- ١٨٦٧، ت: مير بصرى، دراسة وتحقيق: طارق نافع الحمدانى، دار الوراق للنشر، بغداد، بيروت، ٢٠١٢، ص١٢١.

[3] رحالة اوروبيون ... ، ص١٢٤.

[4] رحلة الفرنسي تافرنييه...، ص٨٥.

[5] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١٠٢- ١١١.

ڕێگایە ترسێندرابوو، بەڵام لەدیاربەکرەوە پێیدا تێپەڕی بەرەو موسڵ. ئینجا زانی کە ڕێگایەکی وا مەترسیدار نیە.[1] دیارە ئەم ڕێگای دووەمیان کورتتر بوو هەروەها تەختتر بوو بۆیە هەندێ گەڕیدەی تریش گرتویانەتەبەر.[2]

شاری دیاربەکر چەندین ڕێگای تری لێوە دەردەچوو؛ وەکو ڕێگای دیاربەکر- ئۆرفە- حەلەب،[3] کە (نیبور) لەگەڵ کاروانێکی بچووکدا پێیدا ڕۆیشت بەرەو حەلەب.[4] بەگوتەی (تاڤەرنێ) کاروانە بازرگانییەکان لەدیاربەکرەوە شەش ڕۆژە ڕێ دەڕۆیشتن ئنجا دەگەیشتنە ئورفە.[5] بێگومان ئەم ڕێگایە بایەخێکی ستراتیژی هەبوو، چونکە ئەمە دەروازەیەك بوو بۆ دەریای ناوەڕاست ودواتر وولاتانی ئەوروپا.[6] (راوولف)ی گەڕیدەی هۆڵەندی خۆی کاروانێکی بازرگانی بینی کە لەهەولیرەوە دەردەچوو بۆ دیاربەکر و لەوێشەوە بۆ حەلەب تا کاڵاکانیان بفرۆشنە ئەو بازرگانانەی کە دەیانبرد بۆ ئەوروپا.[7] ڕێگایەکی تریش لەدیاربەکرەوە بەئاراستەی ڕۆژهەڵات دەردەچوو بۆ بەدلیس و وان.[8] (جۆن ئاشەر) ئەم ڕێگایەی گرت و لە(بەدلیس)ـەوە چووە (سەعەرد) و دواتر گەیشتە دیاربەکر.[9] هەروەها

---

[1] رحلة ابي طالب خان...، ص٢٤٨.

[2] بڕوانە: اولیفییە، م. س، ص ٣٠- ٤٢.

[3] الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا، ص٧٦.

[4] سەفەرنامەی نیبور...، ل ٢٠٠.

[5] رحلة الفرنسي تافرنييه...، ص٨٥.

[6] بڕوانە: جعفر الخياط، مشاهدات الدكتور ايفز بين بغداد و كركوك و الموصل، مجلة (الاقلام) ج( ١٢)، س(٢) آب ١٩٦٦، ص٣٧.

[7] رحلة الهولندی الدكتور ليونهارت راوولف...، ص٢٢٦.

[8] سعدي عثمان، كوردستان الجنوبية ...، ص٣٥٨.

[9] رحالة اوروبيون ... ، ص١٢٢.

ڕێگایەك لەنێوان دیاربەكر و شاری (دیمەشق)یش هەبوو كە ناوەندی سەرەكی وولاتی شام بوو.[1]

كەواتە شاری دیاربەكر بەهۆی ئەم ڕێگایانەوە باكووری سوریای بەناوچەی دەریاچەی وان وهەروەها باشووری كوردستان دەبەستەوە. بەهەمان شێوە موسڵ و بەغداشی بەشارەكانی سەر دەریای ڕەش دەگەیاند،[2] بەتایبەتی (تەرابزۆن). (هنری بندێ) باسی ڕێگایەك دەكا لەبەغداوە بۆ موسڵ و دوای تێپەڕبوون بەدیاربەكر و موش دەگەیشتە ئەرزەڕۆم ئینجا تەرابزۆن. هەرچەندە ناوبراو وەكو ڕێگای پۆستە ئاماژەی بەمە كردووە،[3] بەڵام گومان لەوەدا نیە كە كاروانە بازرگانییەكانیش بەكاریان هێناوە. هەر لەدیاربەكرەوە ڕێگایەك هەبوو بۆ (سامسۆن) كە ئەویش بەندەرێك بوو لەسەر دەریای ڕەش و كاڵای زۆری لێوە هەناردە دەكرا، وەكو ڕۆژنامەنووسێكی روسی لەساڵی ١٨٧٢دا بینی.[4]

ئەمانەی باسمانكردن هەموویان ڕێگای ووشكانی بوون، بەڵام دیاربەكر ڕێگایەكی ئاویشی هەبوو؛ ئەویش ڕێگای دیجلە بوو بەرەو موسڵ بەسواری كەڵەك، بەتایبەتی كاتێ زێیەكە پڕ ئاو دەبوو. ئەم ڕێگایە بەگوتەی (جۆن ئاشەر) سەلامەتتر و هەروەها خێراتریش بوو، بۆیە بازرگان وڕێبواران پێیان لەڕێگەی ووشكانی باشتر بوو.[5] (هنری بندێ)ی فەرەنسی لەدەروازەی باكووری موسڵ چەندین كەڵەك و هەروەها بەلەمی بچووكی بینی كە لەدیاربەكرەوە هاتبوون.[6] ئەم ڕێگایەی گواستنەوە لەسەرەتاكانی سەدەی

---

[1] جان باتیست تافرنییە، م. س، ص٩٢.

[2] مینتیشاشڤیلي، س. پ، ل ٣٣.

[3] رحلة الى كردستان... ، ص١٢٦.

[4] ب.م.دانتسیغ، م س، ص٣٠٨.

[5] رحالة اوروبیون ... ، ص١٢٤.

[6] رحلة الى كردستان... ، ص٥٤- ٥٥، ٦٤.

بیستەمیش بەکاردەهات. بۆیە (مێجەر سۆن)یش هەر بەسواری کەڵەك چووەتە موسڵ. بەگوتەی ئەو ئەم ڕێگایە لەباری ئاساییدا (٥) ڕۆژی پێچووە، بەڵام ئەگەر باو باران بووایە لەوانەبوو بگاتە (١٢) ڕۆژ. بۆیە بای چەند ڕۆژێك خواردنیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرت.[١] لەم بارەیەوە جێگەی سەرسوڕمانە کە (ژان ئۆتەر) باسی دروستکردنی جۆرە گەمییەکی سەربەستراو دەکا لەبەسرا، دەڵێ بێجگە لەڕێگای نێوان بەغداو هیندستان، هەر بەو گەمییانە تا دیاربەکریش هاتوچۆیان کردووە.[٢] بێگومان ئەم زانیارییە ڕاستە، چونکە نزیکەی سەدەیەك پێشتر، (تاڤەرنیێ) لەشاری بەسرا پێمان دەڵێ ئەو بازرگانانەی لە دیاربەکر و موسڵ و بەغدا و میزۆپۆتامیاوە هاتوون، کاڵاکانیان بەڕێگای ئاوی بەدیجلەدا دەگوازنەوە.[٣] بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لەو سەردەمەدا ئەم ڕێگا ئاوییە هەر لەباکوورەوە بۆ باشوور بەکارهێنراوە. چونکە ئەستەم بوو کەشتییەکان بەپێچەوانەی ئاراستەی دیجلە بڕۆن.

لەشارێکدا کە مەڵبەندی بازرگانی بێ، بێگومان خەڵکی شارەکەش لەبازرگانیدا ڕۆڵیان دەبێ. بۆ دیاربەکریش هەروابوو؛ بۆیە (ئەولیا چەلەبی) لەم شارەدا دەڵێ: "زۆربەی خەڵکەکە بازرگانن و بازرگانی قورسیشیان تێدایە".[٤] ئەوانیش نەك تەنیا لەنێو شاردا بەڵکو لەدەرەوەشدا کاریان دەکرد. وەکو ئەوەی هەندێ بازرگانی دیاربەکر دەچوونە ناوچەکانی دەوروبەر بۆ کڕینی بەرهەمە خۆمالییەکانیان.[٥] هەندێکی تر لەئاستێکی فراوانتر واتە لەنێوان شارەکاندا

---

[١] رحلة متنكر... ، ج١، ص٩٢.

[٢] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل٥٤.

[٣] رحلة الفرنسي تافرنييه...، ص٧٢.

[٤] کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٦٢.

[٥] بڕوانە: جيمس برانت، م. س، ص٧٣.

بازرگانییان دەکرد؛ دکتۆر (ڕاوولف)ی هۆڵەندی کە لەسەرەتای ساڵی ١٥٧٥دا لەهەولێر بوو، بازرگانێکی ئەرمەنی لەم شارەدا بینی کەخەڵکی دیاربەکر بوو. ئەم بازرگانە بۆ کڕینی مازوو هاتبووە هەولێر و باری (٥٠) ووڵاغی لەم ماددەیە بارکردبوو بۆ ئەوەی بیباتە حەلەب ولەوێ بیفرۆشێ. بەگوتەی ناوبراو ئەم بازرگانە زۆر دەوڵەمەند بوو، بەجۆرێك قەرزی دابووە سەرداری هەولێر.[١] لەڕێی زانیارییەکانی (تاڤەرنێ)ی فەرەنسیشەوە دەزانین کە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا، بازرگانانی دیاربەکر کاڵایان بۆ شاری بەسرا هێناوە.[٢] بێگومان ئەم کاڵایانەش بۆ هەناردنی دەرەکی هێنرابوون، چونکە بەندەری بەسرا دەروازەیەکی دەولەتی عوسمانی بوو بۆ بازرگانی جیهانی.

بازاڕەکانی شاری دیاربەکریش زۆر ئاوەدان بوون و جمەیان دەهات. وەکو گوزەری کوتاڵ فرۆشان لەبازاڕی سوپادا کە لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا "هەرچی کاڵاو ماڵ وکوتاڵ و گەوهەری بەنرخ" بوو لەوێدا هەبوو.[٣] لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمیشدا بازاڕەکانی شار پڕ لەکەلوپەل بوون وگەورە بوون.[٤] بەتایبەتیش پڕکرابوون لەدانەوێڵەو ئازوقە.[٥] بێگومان لەماوەکانی دواتریشدا هەروابوو؛ بۆ نمونە لەساڵی ١٩٠٧دا (مێجەر سۆن) ئەم کاڵایانەی لەبازاڕی شارەکەدا کڕی: ڕەژوو/ خەڵووز، نان، برنج، چای، شەکر، کەرە، نیسك، بازلیا، بامیەی ووشککراوە، سەوزە، بیبەر وخوێ و هەندێ میوەی ووشککراوە. بەگوتەی خۆی لەسەعات (٩)ی بەیانییەوە تا پێش خۆرئاوا

---

[١] رحلة الهولندى الدكتور ليونهارت راوولف...، ص٢٢٦.

[٢] رحلة الفرنسي تافرنييه...، ص٧٢.

[٣] کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٤٩.

[٤] سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٣.

[5] John M. Kinneir, op. cit, p.334.

خەریکی کڕینی ئەمماددانە بوون، چونکە گفتوگۆو مامەڵەیەکی زۆریان لەسەر کردووە. هەروەها دەبوو زۆر ووریا بن تا فێڵیان لێ نەکرێ. بۆ نمونە دوکاندارێکی ئەرمەنی خەریك بوو شەکرێکی خراپی ئوسترالی پێدەفرۆشتن بەناوی شەکری ئینگلیزی.[1] لێرەشدا قسەکەی پێشووی (عالی بەگ)مان دێتەوە یاد کە باسی ساختەکاری خەڵکی شارەکە دەکات. بەڵام بێگومان ئەمە حالەتێکی تاك بوو نەك گشتی.

هەر ئەو گەڕیدەیە (واتە: سۆن) باسی ئەوە دەکا کە کوردانی دەوروبەر دەهاتنە دیاربەکر بۆ کڕینی پێویستییەکانیان. بەتایبەتی جلوبەرگی هاوینە، چونکە بەهار سەرماو سۆڵی زستانی لەناوبردبوو. هەر ئەمە وایکردبوو کە دوکانەکان جمەیان بێ لەکڕیار.[2] لەهەمان کاتدا ناوچەکانی دەوروبەریش بەرهەمەکانیانی خۆیان لەم شارەدا دەفرۆشت. وەکو شەرابی (ئەرگانا) کە (ژان ئۆتەر) دەڵێ لەدیاربەکردا دەفرۆشرا.[3] هەروەها کاڵاکانی ئەم شارە هەناردەی شوێنەکانی تر دەکران بەتایبەتی حەلەب وموسڵ. سەبارەت بە حەلەب، گەڕیدەیەکی ڕوسی لەساڵی ١٨٦٢دا دەڵێ ئەم شارە "کۆگای ئەو کەلوپەل و کاڵایانەیە کە لەئەرمینیا و دیاربەکرەوە دێن".[4] (هنری بندێ)ی فەرەنسیش لەساڵی ١٨٨٥دا ئاماژە بەوە دەکا کە ئەو دارو تەختەیەی لەموسڵ بەلەمی پێ دروست دەکرێ، لەناوچەکانی نزیك دیاربەکر و شوێنی ترەوە دەهێنرێ.[5] هەندێ کاڵای تری بەرهەمهێنراوی ئەم شارە ڕەوانەی بەغدا و ئەستەنبۆڵ دەکرا؛

---

[1] رحلة متنكر... ، ج١، ص٩٢، ٩٣.

[2] رحلة متنكر... ، ج١، ص٨٥.

[3] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١٢٢.

[4] ب.م.دانتسيغ، م س، ص٢٨٩.

[5] رحلة الى كردستان ... ، ص ٦٠.

وەکو لۆکەو ئاورِیشم ومس وئاسن.[1]

سەرەڕای هەموو ئەمانە دەبێ بزانین کە بایەخی بازرگانی دیاربەکر و هەروەها ڕۆڵی لەم بوارەدا، لەهەموو ماوەی سەردەمی عوسمانیدا لەیەك ئاستدا نەبووەو هەورازو نشێوی بەخۆوە بینیوە. چونکە گەڕیدەیەکی ئەمریکی لەساڵی ١٨٣٩دا دەڵێ: "بازرگانی دیاربەکر زۆر بەربڵاو نیە وەکو ئەوەی پێشبینیم دەکرد. پێشتر هاتووچۆی کاروانەکان لەنێوان سوریاو شارەکانی ڕۆژهەڵات: ماردین، موسڵ وبەغدا، بەشێکی زۆری لێرەدا تێپەڕ دەبوو. بەڵام لەو کاتەوەی تێپەڕبوون بەبیاباندا ئاسانتر بووە، ئەو بڕێکی زۆری بەرژەوەندی ئەم بازرگانییەی لەدەستداوە". لەئەنجامدا هەندێ لەدەوڵەمەندترین بازرگانەکانی ئەم شارە گواستوویانەتەوە بۆ شوێنی تر و بازرگانیش بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. هەر ئەم گەڕیدەیە دواتر دەڵێ: "من سەرم سوڕما کاتێ بینیم کە ئەم شارە هاموشۆی ڕاستەوخۆی لەگەڵ قەیسارییەو وولاتی دواوەی ئەو نیە، بەڵام لەلاکەی تردا لەگەڵ ناوچە سەختەکانی کوردستانی هەیە". لەکۆتاییدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە تایبەتمەندی سەرەکی دیاربەکر لەوەدایە کەوتۆتە سەر ڕێگای مەزنی هاتووچۆی نێوان ئەستەنبۆڵ وبەغدا.[2] ئەمەش هەر ئەوەیە کە لەسەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژەمان پێدا.

---

[1] John M. Kinneir, op. cit, p.334.

[2] Horatio Sawthgate, op.cit, p.291- 292.

## باسی پێنجەم:

## لایەنی کارگێڕی وسیاسی

لەنێو گەشتنامەکانی بەردەستماندا هەندێ سەرنج و زانیاری دەبینین لەبارەی دیاربەکر، کەپەیوەندییان بەلایەنی کارگێڕی وسیاسییەوە هەیە؛ بەشێکی ئەو زانیارییانە پەیوەستن بە دیدەنی سەرداری شارەکەو ئاسانکاری کردن بۆ گەشتی گەڕیدەکان. بەتایبەتی گەڕیدە ئەوروپاییەکان کە بەهەر شارێکدا تیپەڕبوونایە (نامەی ڕاسپاردن)یان لەسەرداری شارەکە یان ویلایەتەکە وەردەگرت بۆ سەرداری شاری دواتر کە بەنیازبوون گەشتی بۆ بکەن. بۆ نمونە (ژان ئۆتەر) کاتێ گەیشتۆتە دیاربەکر سەرەتا بەرپرسی ئاساییشی بینیوەو نامەیەکی لەمجۆرەی داوەتێ کە لەبەرپرسێکی باڵای عوسمانی وەرگرتبوو. بۆیە ئەویش دیداری والی دیاربەکری بۆ سازکردووە لەرۆژی دواتر. سەبارەت بە دیدارەکەش ناوبراو دەڵێ: "هەموو ئەو ڕێزگرتنەی کە لەتورکیا لەبالیۆزێکی دەگرن، لێیان گرتم، هەرچەندە من ئەو پلەیەشم نەبوو". دوای پرسیارو وەڵام لەبارەی گەشتەکەشی، عەلی پاشای والی دیاربەکر خۆی ڕێگای سەفەری بۆ دیاریکردو بەڵگەی هاتووچۆشی بۆ دابینکردو هەروەها دوو نامەی خۆی بۆ بەرپرسانی ناوچەکانی سەر رێگاکەی پێدا.[1] بێگومان نامەکانی والی بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی و ئاسانکاری بووە بەگەڕیدەکە، کەچی بەڵگەی هاتووچۆ وەکو پاسپۆرتی ئێستا وابوو. بەڵام نەك تەنیا لەسنووری ووڵات، بەلکو لەدەروازەی شارە سەرەکییەکانیش داوادەکرا. بەتایبەتی لەسەدەکانی دوایی سەردەمی عوسمانیدا. بۆیە کاتێ (مێجەر سۆن) گەیشتۆتە دیاربەکر، شوفێری گالیسکەکەی داوای لێکردووە (ڕێگەپێدان)ـەکەی ئامادە بکا و پێی گوتووە

---

[1] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٧- ١١٨.

بێ پێشکەشکردنی کاغەزەکانی پشتیوانی ڕێگا نادەن لەشوورەکان تێپەڕین.[١]

بێجگە لەمە، گەڕیدەو گەشتیارەکان دەبوو لەخاڵی (گومرگ)یش تێپەرن، بەتایبەتی ئەگەر کەلوپەلی زۆریان پیبووایە.[٢] هەندێ جاریش لەڕۆژی دواتر کەلوپەلەکانیان وەردەگرتەوە، وەکو مژدەدەری ئەمریکی (ساوزگێت/ ١٨٣٩) کە دەڵێ دەوامی خانەی گومرگ تەواو بوو پێش ئەوەی کەلوپەلەکانم گومرگ بکرێ، بۆیە داوایان لێکردم بەیانی بێمەوە. ڕۆژی دواتریش چوار کاژێر چاوەڕێی کردووە ئینجا کارەکەی تەواو بووە.[٣]

هەندێ لەگەڕیدەکان باسی بەڵگەکانی هاتووچۆ وگومرگ ناکەن بەڵام باسی پێشوازی وئاسانکاری دەکەن لەلایەن دەسەڵاتدارانی دياربەکر؛ وەکو (ئەبی تالیب خان) کە دەڵێ چوومە لای (ئەحمەد ئەفەندی) سەرداری شارەکە کە زۆر دۆستانە پێشوازی لێکردم وداوای لێکردم چەند ڕۆژێ لەلای بمێنمەوە. لەکاتی ڕۆیشتنیش فەرویێکی پێداوە بۆ لەبەرکردن وفەرمانبەرێکی لەگەڵداوە تا هاوڕێیەتی بکات بۆ ماردین. دیارە (ئەبی تالیب خان) سکاڵاشی لەو ڕێبەرە هەبوو کە لەئەستەنبۆڵەوە بۆی دیاریکرابوو. بەڵام والی بۆی ڕوونکردۆتەوە کە دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەسەدا ناشکێ، چونکە حکومەتی سوڵتان دیاریکردووە.[٤] لەمەدا دەردەکەوێ کە هەر بەرپرسێکی عوسمانی پێگەی خۆی زانیوەو لەسنووری دەسەڵاتی خۆی یارمەتی گەڕیدەکانی داوە. بۆیە ئەو پاسەوانانەی لەدیاربەکرەوە بەگەڵ (ولیەم هیوود) وهاوڕێکانی کەوتوون، دوای ماوەیەك ڕۆیشتن ڕەتیانکردەوە زیاتر لەگەڵیان بڕۆن.[٥]

---

[١] بڕوانە: رحلة متنكر... ، ج١، ص ٨٠.

[٢] بڕوانە: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٧.

[3] Horatio Sawthgate, op.cit, p.290.

[٤] رحلة ابي طالب خان...، ص٢٤٥.

[٥] بڕوانە: سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٥.

کەواتە دەسەڵاتدارانی دیاربەکر بەڵگەنامەی سەفەرو نامەی ڕاسپاردەو هەروەها ڕێبەر و تەنانەت پاسەوانیشیان بۆ گەڕیدەکان دابینکردووە، سەرباری پێشوازیکردن وپێدانی دیاری. هەر لەچوارچێوەی ئاسانکاری بۆ گەڕیدەکان، شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینکراوە. بۆ نمونە (ژان ئۆتەر) لەچاوەڕوانی دیداری والیدا، شەوەکەی لەماڵی کەسێکی یۆنانی میوانداری کراوە کەپزیشکی والی بووەو هەر ئەویش بۆ ئەمە ڕایسپاردووە.[1] (ولیەم هیوود)یش لەکاروانسەرایەك دابەزیوە کە لەتەنیشت کۆشکی پاشا بووە و بۆ پێشوازیکردنی نێردراوانی گشتی تەرخانکرابوو.[2] هەرچی (هۆراشیۆ ساوزگێت)ـە لەماڵی بازرگانێکی گەورەی شارەکە حەواوەتەوە، کە برادەری والی دیاربەکر بووە.[3] (جۆن ئاشەر)یش بەهەمان شێوە لەماڵی بازرگانێك میوان بووە، بەڵام ئەو لەسەر ڕاسپاردەی والی بردراوە بۆ ماڵی "بازرگانێکی ئەرمەنی کە شانازی بەمیوانداری گەشتیارە ئەوروپاییەکان دەکرد لەخانووە فراوانەکەیدا".[4]

بەپشت بەستن بەم زانیارییانە دەتوانین بلێین زۆربەی گەڕیدەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی دیاربەکرەوە پێشوازییان لێکراوەو وەکو میوانی فەرمی داندراون. ئەگەر مەسەلەکە بۆ گەڕیدە بیانییەکان وابێ، ئەوا بێگومان بۆ بەرپرسێکی فەرمی وەکو (عالی بەگ) کە بە ئەرکێکی فەرمی هاتبووە دیاربەکر، زیاتریش بووە. بۆیە ناوبراو دووجار (سامح پاشا)ی والی دیاربەکری بینیوەو چەند جارێك نانی لەگەڵدا خواردووە، هەروەها لەماوەی (١٠) ڕۆژی مانەوەی لەشارەکەدا سەرۆکی شارەوانی وپشکنەری تلیگراف وچەند کەسێکی سەربە

[1] سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٧.

[2] سەفەرنامەی ولیەم هیوود...، ل٩٢.

[3] Horatio Sawthgate, op.cit, p.290.

[4] رحالة اوروبيون ... ، ص١٢٣.

بنەماڵەی دەسەڵاتداری بینیوە. دواتر گەشتی ڕۆیشتنیشی بۆ ڕێکخراوە.[1]

هەندێ گەڕیدەی تر تێبینی وسەرنجی ترمان لەبارەی دیاربەکرەوە پێدەدەن کەڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەلایەنی کارگێڕی وسیاسییەوە هەیە؛ وەکو (مەتراقی زادە)ی عوسمانی، کە لەچوارچێوەی باسکردنی شەڕەکانی سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی (١٥٢٠ -١٥٦٦)دا چەندین جار ئاماژە بەڕۆڵی والی دیاربەکرو هێزەکانی دەکات لەبەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی سەفەوی. هەروەها پێمان دەڵێ کە سوڵتان سلێمانی قانونی لەکاتی گەڕانەوەی لە هەڵمەتە مەزنەکەی ساڵانی ١٥٣٤- ١٥٣٥دا، لەڕێی (ئەخلات)ـەوە هاتۆتە قەڵای ئامەد و (٢١) ڕۆژ لەوێ ماوەتەوە.[2]

هەرچی (ئەولیا چەلەبی)یە کەزانیاری جۆراوجۆری لەسەر دیاربەکر تۆمارکردووە، سەرنجی زیاترمان سەبارەت بەلایەنی کارگێڕی- سیاسیی ئەم شارە پێدەدات؛ ناوبراو دوای باسکردنی کورتەیەکی مێژووی شارەکەو گیرانی لەلایەن دەولەتی عوسمانییەوە، دێتە سەر باسی لایەنی کارگێڕی. بەگوتەی ئەو ئیالەتی دیاربەکر (١٩) سنجەقی لەخۆگرتووە لەگەڵ (٥) قەوارەی تر کە پلەی "حکومەت"یان هەبووە. ئەم حکومەتانە هەموو داهاتەکانیان بۆ میرە کوردەکان بوو کە بەمیراتگری بەڕێوەیان دەبرد وبەنازناوی "جەناب" بانگدەکران، بەڵام دەبوو بەشداری شەڕەکانی دەولەت بن. حکومەتەکانیش ئەوانە بوون: جزیرە، ئەگیل، گەنج، پالۆ، حەزۆ. لەنۆزدە سنجەقەکەش هەشتیان هی بەگە کوردەکان بوون، کە ئەوانیش مافی بۆماوەییان هەبوو لەحوکمڕانیکردندا بەڵام دەبوو باج بدەنە دەولەت و هەروەها لەکاتی پێویستدا لەشکری بۆ ئامادە بکەن و لەشەڕەکانی عوسمانیدا بەشدار بن. ئەوانیش بریتی بوون لەسنجەقەکانی:

---

[1] رحلة عالي بك...، ص٢٤.

[2] بڕوانە: رحلة مطراقي زادە، ص١٠٣، ١٣٢، ١٣٨، ١٤٧- ١٥١.

سیغمان، قۆلپ، مەهرانییە، تەرجیل، ئەتاق، پرتك، چەپاقچور، چەرمك. ئەو یازدە سنجەقەش کە مابوونەوە، سنجەقی ئاسایی بوون و هەموویان لەلایەن بەگی عوسمانییەوە بەڕێوە دەبران کە دەولەت دیاری دەکردن. ئەوانیش بریتی بوون لە: خارپوت، ئەرغەنی، سێڤەرك، نەسیبین، حەسەنکێف، چەمیشگەزك، سەعەرد، میافارقین، ئاقچە قەڵا، خابور، شنگال. بێگومان (ئامەد)یش ناوەندی ئیالەتەکە بوو بۆیە والی تێدا دادەنیشت و هەر ئەویش بەڕێوەی دەبرد. بەڵام لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم ڕێکخستنە کارگێڕییە تایبەت نەبوو بەسەردەمی گەشتەکەی (ئەولیا چەلەبی) کە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەم بوو، چونکە ناوبراو لەم باسەدا پشتی بەقانونی سوڵتان سلێمان (١٥٢٠- ١٥٦٦) بەستووە.[١] ئەم قانونەش بەپێی بۆچوونی توێژەرێکی هاوچەرخ، لەدەوروبەری ساڵی ١٥٣٣دا دەرچووە.[٢]

(ئەولیا چەلەبی) چەندین زانیاری تریشی لەگەشتنامەکەیدا تۆمارکردووە سەبارەت بەلایەنی دارایی و سەربازی وهەروەها دادوەری لەئیالەتی دایربەکردا. بۆ نمونە دەڵێ لە (ئامەد)ی سنجەقی پاشا (٩) زەعامەت و (١٦٨) تیمار هەیە. هەروەها ئاماژە بەژمارەیەك (خاس)یش دەکات کە تایبەت بوون بە بەگی سنجەقەکان وبەرپرسە گەورەکانی ئیالەتەکە، بۆ هەر یەکەشیان خاوەنەکەو بڕەکەی دیاری دەکات. ئەوەش واتای ئەوەیە کە ڕژێمی دەرەبەگایەتی عوسمانی تێدا پەیڕەوکراوە.[٣] دیارە بۆ سەرپەرشتی کاروباری

---

[١] بڕوانە: کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٣٢- ٣٦. دیارە ناوبراو لەهەندێ ژمارەدا هەڵەی کردووە، بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە کە خستمانەڕوو.

[٢] هاکان اوزاغلو، م. س، ص٨٩.

[٣] ڕژێمی دەرەبەگایەتی عوسمانی هەوڵێك بوو بۆ دابینکردنی مووچەی سەربازو فەرمانبەران لەڕێی داهاتی زەوییەوە. ئەو کەسەی زەوییەکەی بۆ تەرخان دەکرا تەنیا

داراییش چەند دەفتەردارێك لەوێدا هەبوون. لەبارەی هێزی سەربازیشەوە، ئاماژە بەوە دەکا کە لەسەرانسەری دیاربەکردا (٣) هەزار سەربازی چەکدار هەیە بۆ کاتی شەڕو (والی)ش (٣) هەزار چەکداری بژاردەی تایبەت بەخۆی هەیە. دواتر پلەکانی فەرماندە سەربازییەکانی ئیالەتی دیاربەکر و ڕیزبەندییان لەناو سوپادا دەخاتەڕوو؛ لەگوتەکانیشیدا دەردەکەوێت کە لەدوای والی وجێگرەکەی، میری حکومەتە کوردییەکان بوون، ئینجا میری سنجەقەکانی تر وخاوەن پایەکانی تر لەڕیزبەندی سەربازیدا دەهاتن. سەبارەت بەدادوەریش دەڵێ (ئامەد) پلەی (مەولەوی)[١] هەیەو دادوەری ئامەدیش (مەحزەر باشی)[٢]

---

داهاتەکەی وەردەگرت و لەبەرامبەرابەردا ژمارەیەك سوارەی دەدایەی دەولەت لەکاتی جەنگدا. بەپێی ئەم ڕژێمە سێ جۆر زەوی هەبوون کە بەگوێرەی ڕووبەر و داهاتی زەوییەکان دیاری دەکران: جۆری یەکەمیان (تیمار) بوو کە لەساڵێکدا (٣- ١٩.٩٩٩) هەزار ئاقچەی داهات بوو. دووەمیان (زەعامەت) بوو کە داهاتی (٢٠- ٩٩.٩٩٩) هەزار ئاقچە بوو. سییەمیشیان (خاس) بوو کە داهاتەکەی لە (١٠٠) هەزار ئاقچە زیاتر بوو. ئەم جۆرەیان کە جیاووکی زۆر بوو، بۆ فەرمانبەرە گەورەو فەرماندە سەربازییەکان بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. علي سلطان، تأريخ الدولة العثمانية، منشورات مكتبة طرابلس العلمية العالمية د.ت، ص ١٨١-١٨٢.

[١] مەولەوی: پلەیەکی دادوەری بوو کە بەزۆری دادوەری ئیالەتەکان هەیانبوو، هەندێ جار بۆ دادوەری سنجەقەکانیش بوو، هەرچی دادوەری قەزایەکان بوو، تەنیا نازناوی (قازی)یان هەبوو. بەپێی گوتەی مێژوونوسێك ئەم زاراوەیە لەووشەی (ملا) یان (منلا)ی عەرەبییەوە هاتووە. (بڕوانە: خليل علي مراد، العراق في العهد العثماني الثاني/ دراسة في الادارة العثمانية والحياة الاقتصادية ١٦٣٨- ١٧٥٠م، الرافدين للطباعة والنشر، بيروت ٢٠١٨، هامش ص١٥٩) بەڵام زیاتر پێدەچێ لەووشەی (مەولانا)ـەوە هاتبێ، کە بۆ زانا ئایینیە گەورەکان بەکاردەهات لەو سەردەمەدا.

[٢] مەحزەرباشی: پایەیەك بوو لەدەولەتی عوسمانیدا، چونکە (مەحزەر) نووسراوێکی نافەرمی بوو کە لەلایەن خەڵکەوە مۆر دەکراو بۆ سکاڵاکردن پێشکەش بەدەولەت دەکرا

و (چۆخەدارباشی)[1] هەیە. هەروەها نوێنەری لەهەرێمەکانی ئیالەتەکەدا هەیەو باسی مووچەی هەمووشیان دەکات. دیارە بێجگە لەشافیعی کە مەزهەبی کوردان بوو، مەزهەبەکانی دیکەش لەدیاربەکردا موفتی ونەقیبی ئەشرافیان هەبوو.[2]

سەبارەت بەڕووداوە سیاسییەکانی پەیوەست بەدیاربەکریشەوە، (ئەولیا چەلەبی) ئاماژە بەهێرشێکی (مەلیك ئەحمەد پاشا)ی والی پێشووی دیاربەکر دەکات بۆ سەر کوردە ئێزیدییەکانی شنگال. لەگەڵ باسی خۆئامادەکردنی (مستەفا پاشا فیراری) والی ئەوکاتەی دیاربەکر، بۆ هیرشێکی هاوشێوە. هەروەها لەسەروبەندی گێڕانەوەی هێرشی بەربڵاوی (مەلیك ئەحمەد پاشا)ی والی وان بۆ سەر (ئەبدال خان) ی میری بەدلیس، ئاماژە بە بەشداری والی دیاربەکر و هێزەکانی دەکات لەم هێرشەدا. بێگومان ئەم زانیارییانەش بایەخی گرنگیان هەیە، چونکە ناوبراو خۆی شایەتحالی ئەم ڕووداوانە بوو.[3]

دوای نزیکەی سەدەیەك، (ژان ئۆتەر)ی فەرەنسی هەندێ زانیاری کارگێڕی هاوشێوەی (ئەولیا چەلەبی)، لەبارەی دیاربەکر تۆمار دەکات. کە زۆر پێدەچێ هەر لەکتێبەکەی ئەوی وەرگرتبێ، یان هەردووکیان سەرچاوەیەکی

---

(د.سهیل صابان، المعجم الموسوعي للمصطلحات العثمانية التأريخية، الرياض ٢٠٠٠، ص٢٠٤)، (باشی)ش واتە سەرۆك یان بەرپرس. کەواتە زاراوەکە بەگشتی لێرەدا دەبێتە بەرپرسی ئەو سکاڵاو نووسراوانەی کە پەیوەندییان بە دادوەرییەوە هەبوو.

[1] چۆخەدار: فەرمانبەری تایبەت بوو بە جلوبەرگ وپۆشاکی سوڵتانی لەدەولەتی عوسمانی. (سهیل صابان، م. س، ص٨٨) کەواتە (چۆخەدارباشی) دەبێتە سەرۆکی ئەم فەرمانبەرانە. بەڵام چونکە لێرەدا ئەمە بۆ دادوەری ویلایەتێك کاری دەکرد، بۆیە دەبێتە بەرپرسی پۆشاکی دادوەر وکارمەندانی دەزگای دادوەری ویلایەتەکە.

[2] کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا...، ل٣٦- ٣٨.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هـ. س، ل٧٩- ٨٥، ٢٤٩.

هاوبەشیان هەبێ بۆ ئەم زانیارییانە. لەگەشتنامەکەی (ژان ئۆتەر)دا هاتووە کە: ئیالەتی دیاربەکر لەخۆرهەڵاتەوە بە ئیالەتی (وان) و لەباکوورەوە بە (ئەرزەڕۆم)و لەخۆئاواوە بە (سیواس)و لەباشوورەوە بە (ڕاکا = ڕەققە) و (موسڵ) دەورە دراوە. ئیالەتەکە (١٩) سنجەقی هەیە کە هەشتیان هی بەگە کوردەکانەوە بە تەواوی نەکەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی. سەرباری ئەمانە (٥) حکومەتیشی هەیە. (ئامەد)یش نشینگەی پاشایە، واتە ناوەندی ئیالەتەکەیە. هەروەها ئاماژە بە هەبوونی چەند دەزگایەکی باڵای دادگا کراوە لەدیاربەکردا. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم وەرگێڕانە کوردییەی گەشتنامەکە کە ئێمە پشتمان پێبەستووە، زاراوەو دەستەواژەکان بەهەڵە بەکاردێنێ وئێمە ڕاستمان کردۆتەوە. چونکە لەجیاتی (ئیالەت) پارێزگا بەکاردێنێ و لەجیاتی (سنجەق)یش ناوچەو بلۆك بەکاردێنێ. هەروەها بەرێوەبەرایەتی لەجیی (حکومەت) داناوە. بەدحاڵیبوونیش لەهەڵومەرج وشێوازی حوکمڕانی سنجەق و حکومەتە کوردییەکان هەیە. جا نازانین وەرگێڕە کوردییەکە زاراوەکانی بەدەقی خۆی دانەناوە، یان وەرگێڕە فارسییەکە کە ئەو پشتی پیبەستووە. یان گەڕیدەکە لەبنەڕەتدا زاراوەکانی گۆڕیوە بەپیی تێگەیشتنی خۆی.[١]

بێجگە لەمانەی باسکران، (ژان ئۆتەر) و هەندێ گەڕیدەی تریش، چەند زانیارییەکی دیکەی پەرشوبڵاومان دەدەنێ کە پەیوەندییان بە ڕەوشی سیاسی دیاربەکرەوە هەیە؛ بۆ نمونە ئەم گەڕیدە نێوبراوە بۆمان ئاشکرا دەکات کە قەشەی کلێسای دیاربەکر پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ بالیۆزی فەرەنسا لەئەستەنبۆڵ و هەروەها (عەبدولباقی خان)ی سەرۆکی شاندی ئێرانی بۆ دەولەتی عوسمانی، دامەزراندووە. چونکە نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ بالیۆزدا

[١] بڕوانە: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٥.

هەبووەو لە (قۆچ حەسار)یش بۆ جاری دووەم سەردانی سەرۆکی شاندەکەی ئێرانی کردووە. هەر ئەو گەریدەیە لەدیوەخانی (عەلی پاشا)ی والی دیاربەکر بوو، کاتێ فرمانی سوڵتانی بۆ هات کە ببێتە سەرداری سوپا. لەگەڵ فرمانەکەشدا دیاری سوڵتانی بۆ هاتبوو کە بریتی بوو لە (خەفتان) و شمشێرێکی گەوهەردار. بێگومان ئەمە لەو کاتەدا بوو کە هێشتا جەنگ لەدژی نادرشای ئەفشار (١٧٣٦-١٧٤٧) تەواو نەببوو. بۆیە (ژان ئۆتەر) ئاماژە بەوە دەکا کە زۆربەی وولاغەکاتی بار لەشارەکەدا نەمابوون و بەبێگاری بردرابوون بۆ گواستنەوەی پێداویستییەکانی جەنگ.[1] لەڕووداوە مێژووییەکانیشدا بەدیاردەکەوێ کە والی دیاربەکر لەساڵی داهاتوودا فەرمانی پێکراوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی هێزەکانی بکا بەرەو سنووری ئێران.[2] ئەمەش زانیارییەکانی ئەم گەڕیدەیە پشتڕاست دەکاتەوە.

دوا زانیاری سیاسی کە (ژان ئۆتەر) پێمان دەدا ئەوەیە کە (ئەحمەد خان)ی میری سنە لەو دەمەدا (ساڵی ١٧٤٣) پەنابەری سیاسی بووە لەدەولەتی عوسمانی و لەدیاربەکر دانیشتووە. سەبارەت بە هەڵاتنیشی گوێبیستی ئەو دەنگۆیە بووە گوایا نادرشا داوای پارەیەکی زۆری لێکردووە کە لەتوانای دانەبووە، بۆیە لەترسی کوشتن هەڵاتووە. سەرەڕای ئەمەش بەرپرسانی عوسمانی متمانەی تەواویان پێنەکردووەو لەوە ترساون سیخوڕی نادرشا بێ و بەفێڵ هاتبێ. بۆیە لەژێر چاودێرییان داناوە. (ژان ئۆتەر) ئەمەی لەخانەخوێیەکەی بیستووە کە پزیشکە یۆنانییەکەی والی دیاربەکر بوو، بۆیە وازی لەهەوڵەکانی هێناوە بۆ دیتنی ئەو میرە کوردە.[3] ئەمەش زانیارییەکی

---

[1] هـ. س، ل٤٤، ١١٧، ١١٨.

[2] د. علاء نورس، العراق في العهد العثماني / دراسة في العلاقات السياسية ١٧٠٠-١٨٠٠، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٩، ص١٩٩.

[3] بڕوانە: سەفەرنامەی ژان ئۆتەر، ل١١٩.

مێژوویی گرنگەو هەندێ لایەنی شاردراوەی ڕووداوی هەڵاتنی ئەم میرە کوردەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێستی عوسمانییەوە هەیە. بەڵام هۆکاری هەڵاتنەکەی بەهەڵە بڵاوبۆتەوە؛ ئەمە (خان ئەحمەد خانی کوڕی سوبحان وێردی خان)ی میری ئەردەلانە کە هاوسەردەمی دەسەڵاتی نادرشا بوو لەئێران. ئەم میرە جێگەی ڕێزو متمانەی نادرشا بوو، بەڵام بەهۆی قاتوقڕییەوە نەیتوانی فرمانەکەی ئەو جێبەجێ بکات وئەم ئازوقەیە بۆ لەشکر دابین بکات کە داوای لێکرابوو. بۆیە لەترسی سزادان ڕایکرد بۆ دەولەتی عوسمانی.[1] کەواتە ئازوقەی لێداواکراوە نەك پارە کە (ژان ئۆتەر) بیستوویەتی. بەپێی سەرچاوەیەکی تریش ئەم میرە تەنانەت عەنبارەکانی نادرشای کردۆتەوەو ئازوقەی بەسەر خەڵکە برسییەکەی ئەردەلاندا دابەشکردووە. بەڵام دواتر لە تووڕەیی نادرشا ترساوەو سەرەتا بۆ ناوچەی بابان ڕایکردووەو دواتریش لەڕێگای موسڵەوە چووەتە دیاربەکر وحەلەب.[2] لەکۆتاییشدا خۆی گەیاندۆتە دەرباری عوسمانی و سوڵتان ڕێزی زۆری لێناوەو بۆ شەڕی ئێران بەکاری هێناوە.[3] لەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە دیاربەکر تەنیا وێستگەیەك بوو لەڕێگای ئەم میرە بەرەو پایتەختی عوسمانی. دیارە بەرپرسانی ئەم شارەش لەسەرەتا گومانیان لێکردووە بۆیە لەژێر چاودێرییان داناوە. دەکرێ بۆ پاراستنی گیانی ئەویش ئەم کارەیان کردبێ.

(دۆمنیکۆ لانزا)ی ڕەبەنی ئیتاڵی کە چەند ساڵێك لەموسڵ نیشتەجێ ببوو، پێشهاتێکی سیاسی ترمان بۆ باس دەکا کە پەیوەستە بەحوکمڕانی بنەماڵەی

---

[1] محمد شريف قاضی اردلان، تاريخ كردهای اردلان، تصحیح: سیامند خلیلی، انتشارات كردستان، سنندج ١٣٩٣هـ. ش، ص٦٢- ٦٣.

[2] ماهشەرەفخانم مەستورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەلان، و: د. حسن جاف وشکور مستەفا، چ١، بەغدا ١٩٨٩، ل٩٧- ٩٨.

[3] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هـ. س، ل٩٨- ١٠٠؛ محمد شريف قاضی، م. پ، ص٦٣- ٦٤.

جەلیلییەکان لەموسڵ، بەڵام پەیوەندی بە دیاربەکریشەوە هەیە. ناوبراو باسی (ئەمین پاشای جەلیلی) دەکات ودەڵێ لەساڵی ١٧٦٨دا پایەی (وەزیر)ی پێدراوەو خۆی ئامادەکردووە بۆ ئەوەی حوکمڕانی ئیالەتی موسڵ بکات. بەڵام لەپڕێکدا نێردراوی پایتەخت هاتووەو فرمانی حوکمڕانی دیاربەکری بۆ هێناوە. ئەمەش جێگەی دڵخۆشی ناوبراو نەبووەو هەستی بەپیلانێك کردووە لەمەدا، بۆیە هەوڵی زۆری داوە کە لەموسڵ بمێنێتەوە. پیلانەکەش بەگوتەی (لانزا) لەلایەن والی بەغدا بووە کە دوژمنایەتی جەلیلییەکانی[1] دەکرد، بۆیە ویستویەتی (ئەمین پاشا) بکرێتە والی دیاربەکر کە ئیالەتێکی "پانوپۆڕەو پڕە لەڕەگەزە کوردیە جۆربەجۆرەکان کە سەرانە دەدەنە پاشا".[2] لەمەدا بەدیاردەکەوێ کە حوکمڕانی ئیالەتی دیاربەکر ئەرکێکی وا ئاسان نەبووەو هەموو بەرپرسێك لەخۆی ڕانەدیوە ئەم کارە بکات. ئەمەش بەهۆی دەسەڵاتی فراوانی ئیالەتەکەو ئەرکی سەپاندنی دەسەڵاتی عوسمانی بووە بەسەر قەوارە کوردییەکان، کە بەرپرسیارێتییەکی قورس بووە.

هەندێ گەڕیدەی تر لەڕەوشێکی سیاسی هەستیاردا سەردانی دیاربەکریان کردووە؛ وەکو پزیشکی مژدەدەری ئەمریکی (گرانت) کە لەساڵی ١٨٣٩دا لەسەروبەندی شکستی لەشکری عوسمانی لەشەڕێکی گەورەدا[3]

---

[1] جەلیلییەکان بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووی موسڵ بوون، کە لەماوەی سالأني ١٧٢٦-١٨٣٤دا دەسەڵاتی ئەم ئیالەتەیان قۆرخ کردبوو، بەجۆرێك کە لەکاتی وەرگرتنی پۆستي والی موسڵ و بەبێ ئەویش هەر خۆیان حوکمڕانی ڕاستەقینە بوون. سەبارەت بەڕەچەڵەکي جەلیلییەکان و ماوەی حوکمڕانییان لەموسڵ بڕوانە: عماد عبدالسلام رؤوف، الموصل في العهد العثماني/ فترة الحكم المحلي ١١٣٩-١٢٤٩هـ/ ١٧٢٦-١٨٣٤م، النجف ١٩٧٥.

[2] الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا، ص٦٠.

[3] ئەمە شەڕی (نزیب / نسێبین) بوو کە لە حوزەیرانی ١٨٣٩ لەنێوان لەشکری عوسمانی و

هاتۆته ئەم شارە. بۆیه دەبێته شایەتحاڵێکی گرنگ بۆ ئەو بێ سەروبەرییەی که لەئەنجامی ئەو شکسته لەدەڤەرەکه پەیدابوو. بەگوتەی ئەو هەواڵی تێکشکان و پەرتەوازەبوونی لەشکری عوسمانی لەگەڵ سەدان سەربازی هەڵاتوو لەمەیدانی شەڕ، گەیشته ئەو شارە. ئەو سەربازانه لەبارێکی شپرێو دابوون، چونکه لەلایەن ئەو کوردانەوە ڕووتکرابوون که دەستیان بەسەر ڕێگاکاندا گرتبوو.[1] بێگومان ئەمەش کاردانەوەی کورد بوو لەهەمبەر زەبروزەنگی لەشکری عوسمانی که بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا کوشتارو تاڵانکاری زۆری لەکوردستاندا کردبوو.[2] بەڵام (گرانت) ئاماژە بەم لایەنه ناکات و تەنیا باسی ئەو توندوتیژی وئاژاوەو تاڵان وکوشتنه دەکات که لەو ماوەیەدا ناوچەکەی گرتبۆوە. ئەو دەڵێ: "بەدەگمەن پیاوێك بوێری ئەوەی هەیه که بێ پاسەوانییەکی گەورە شوورەی شار جێبهێڵێ. هەر پیاوێك دزی لەو پیاوە دەکات که دەیگاتێ. بازووی بەهێز تاکه یاسایە". بێگومان سەرداری دیاربەکر هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاسایشی داوە، بەڵام ئەم هەوڵەش لەتوندوتیژی وخوێنڕشتن بەدوورنەبوو. ئەوەتا سەری پێنج کوردو (٤٠)گوێی لەبازاڕ هەڵواسیوە، بۆ تۆقاندنی ئەو کەسانەی که دەستدرێژی دەکەنه سەر گیان ومالی خەڵك. سەرەڕای ئەوەش هەر ئەم بازاڕە دوای دوو ڕۆژ، دووبارە کرداری تاڵان وبڕۆیی بەخۆوە بینییەوە.[3]

---

هێزەکانی محەمەد عەلی پاشای دەسەڵاتداری میسر ڕوویدا. ئەم شەڕە که لەنزیك شاری نسێبین ڕوویدا بەشکستێکی گەورەی لەشکری عوسمانی کۆتایی هات و ئەگەر پاڵپشتی وولاته زلهێزەکان نەبووایه دەولەتی عوسمانی تووشی کارەساتێکی گەورە دەبوو. لەم بارەیەوە بڕوانە: محمد فريد بك المحامي، تاريخ الدولة العلية العثمانية، تحقيق: د. إحسان حقي، دار النفائس، ط ١٠، بيروت ٢٠٠٦، ص٤٥٣-٤٥٥.

(1) Asahel Grant, op. cit, p.31- 32.

(٢) بڕوانه: سعدي هروتي، كوردستان والامبراطورية ...، ص٢١٦- ٢٢٠.

(3) Asahel Grant, op. cit, p.32.

دیارە مەترسی ئەو ئاژاوەیە ئەوروپییەکانیشی گرتبۆوە؛ چونکە ئەم شکستە سەربازییە لەلایان کۆی خەڵك گێڕدرایەوە بۆ لەبەرکردنی جلی ئەوروپی و پەیڕەوکردنی سیستمی ئەوروپی. ئەمەش نارەزایی زۆری لێکەوتەوەو ڕق وکینە لەدژی ئەوروپییەکان پەرەیسەند کە بەهۆکاری سەرەکی شکستەکە دادەنران. بەگوتەی (گرانت) دەمارگیری ئایینیش لەمەدا کاریگەری هەبوو؛ گوایا موسڵمانەکان لەوە دەترسان کە لەگەڵ لاوازبوونی دەولەتی عوسمانی، مەسیحییەت لەسەر داروپەردووی ئیسلام هەستێتەوە. ناوبراو دەڵێ: "ئەم ڕق وکینەیە هەر لەوەدا نەمایەوە کە ئێمە لەشەقامەکاندا بە(سەگی گاور) بانگ بکرێین، بەڵکو وەك دەگوترا نیازێك هەبوو بۆ کوشتنی هەموو ئەوروپییەکان لەم شوێنە. ئەستەمە بزانرێ کە چی ڕوویدەدا ئەگەر ئێمە لەوێ بمابانایەوە، بەڵام ئێستا دەزانم کە دوای ئەوەی ئێمە ڕۆیشتبووین هەندێ موسڵمان هاتبوونە ماڵەکەمان ونیازی خراپیان هەبوو".[1]

دوا گەشتنامە کە هەندێ سەرنجی تری سیاسی تێدایە لەبارەی دیاربەکر، بریتییە لەگەشتنامەکەی هەردوو برا (وێگرام). ئەوان دوای باسکردنی مێژووی کۆنی ئەم شارە، دێنە سەر باسی کوشتاری ئەرمەن. بەگوتەی ئەوان دیاربەکر یەکێك بووە لەمەیدانەکانی ئەم کوشتارە و لەساڵی ١٨٩٥دا نزیکەی (٢٥٠٠) ئەرمەنی تێدا کوژراوە. ئەوان بەبڕوای خۆیان شوێنەواری کارەساتەکەیان بینیوە. بەتایبەتی شوێنێکی چۆل لەناوەندی شاردا کە دەڵێن پێشتر گەڕەکی ئەرمەنەکان بووەو لەگەڵ زەوی تەختکراوە. ئەم دوو برایە حکومەتی ئەستەنبۆڵ بەتاوانباری سەرەکی دادەنێن و دەڵێن بە تەگبیرو فرمانی ئەو کوشتارەکە ڕوویداوە. ڕووداوەکەش بۆ هۆکاری سیاسی دەگێڕنەوە، چونکە بەئامانج گرتنی ئەرمەنەکان و سەلامەت بوونی ئاسوورییەکانی ئەم شارە، هۆکاری ئایینی بەدووردەخاتەوە. بەبۆچوونی ئەوان ڕقی تورکان لە ئەرمەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە

[1] Ibid, p.32.

که ئەرمەن تاکە میللەتە لەنێو میللەتانی ئیمبراتۆریای عوسمانی کە تورکەکان لێیان بترسن. لەبەرئەوەی ژمارەیان زۆرەو گیانی نیشتیمانییان لەجۆشدایە. هەروەها هیوای سەرکەوتنیشیان بەرز بوو، ئەگەر بەم شێوەیە نەکەوتبانە بەر زەبری هێزی عوسمانی.[1]

برایان (وێگرام) بەنیگەرانییەوە سەیری هەلومەرجی سیاسی شاری دیاربەکریان دەکردو ئەگەری دووبارەبوونەوەی کوشتاری ئەرمەنەکان، لەلایەن ئەوان پرسیارێك بوو. بەتایبەتی کە لەهەندێ شوێن گوێبیستی جنێوی منداڵانی شارەکە دەبوون، کە ئەمەش بەبڕوای ئەوان لاساییکردنەوەی گەورەکان بوو. بەڵام هەڵویستی باشی والی دیاربەکریش تۆمار دەکەن، کە بەلێنی بەکەسێکی ناسیاوی ئەوان داوە، لەئەگەری خراپبوونی بارودۆخەکە، پێشوەختە ئاگاداری بکاتەوە ئەگەر بتوانێ. لەکۆتاییشدا ئاماژە بەهەبوونی نوێنەرایەتییەکی وڵاتەکەیان (واتە: بریتانیا) دەکەن لەدیاربەکردا. بەڵام دیارە لەو ماوەیەدا بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە، بۆیە ئاستی نوێنەرایەتییەکە دابەزیوە بۆ (جێگری کونسول) و لەو دەمەشدا هیچ کەس ئەو پایەی پڕنەکردۆتەوە. ناوبراوان ئەمەشیان گێڕاوەتەوە بۆ سیاسەتی حکومەتەکەیان، گوایا لەو دەمەدا خواستەکەی وابوو کە پێشهاتەکانی ئەم دەڤەرە فەرامۆش بکات. هەروەها دەڵێن ئەو بازرگانییە بریتانییەی کە هۆکاری ڕووکەشیی دامەزراندنی ئەم نوێنەرایەتییە بوو، ئەمڕۆ نادیارەو هیچ قەوارەیەکی نیە. بەڵام لەهەستی کەمینەکانی ئەوێ تێگەیشتوون کە بەلای ئەوانەوە هەبوونی تەنیا یەك ئەوروپی واتای پاراستنی دەرەکی بەخشیوە.[2] ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ دەستوەردانی وڵاتانی ئەوروپی لەکاروباری دەولەتی عوسمانی بەبیانووی پاراستنی کەمینە کریستیانەکان، کە هیوایەکی ساختەی بەم کەمینانە بەخشیوە.

---

[1] بڕوانە: مهد البشرية...، ص ٣١- ٣٧.

[2] م. ن، ص٣٧، ٤١.

**دەرەنجامەکان:**

١- لەسەردەمی عوسمانیدا چەندین گەڕیدە سەردانی شاری دیاربەکریان کردووەو هەندێکیشان لەشوێنی ترەوە لەبارەیان نووسیوە. لەگەشتنامەکانی ئەم گەڕیدانەدا چەندین زانیاری گرنگ لەبارەی دۆخی ئاوەدانی و ڕەوشی کۆمەڵایەتی شاری دیاربەکر هەیە. هەروەها ئەوان سەرنجی باری ئابووری شارەکەیان داوەو زانیاری گرنگیان لەبارەی کشتوکاڵ و پیشەگەری وبازرگانی و هەروەها ڕێگاکانی گواستنەوە تۆمارکردووە. هەندێ تێبینی تریشیان نووسیوە کە پەیوەندییان بەڕەوشی سیاسی دیاربەکرەوە هەیە.

٢- ئەم شارە کە ناوەندی ویلایەتی (دیاربەکر) بوو، لەبنەڕەتدا ناوی (ئامەد)ـە. بەڵام بەرەبەرە ناوی ویلایەتەکەی بەسەردا سەپا، کە ئەویش لەبنەڕەتدا ناوی هەرێمەکە بوو. بۆیە تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدەم گەڕیدەکانیش بە (ئامەد) ناوی دەهێنن. بەڵام دواتر دهبێتە (دیاربەکر)و ئاماژە بەناوە کۆنەکەشی دەدەن.

٣- زۆربەی گەڕیدەکان بە هەڵکەوتەی جوگرافی دیاربەکردا هەڵدەدەن و بەدیمەنی شارەکەش سەرسام دەبن، وەکو (ولیەم هیوود) کە دەڵێ دیمەنێکی نوێ وسەرنجڕاکێش بەگەشتیاری ئەورووپی دەبەخشێ.

٤- لەتێبینییەکانی گەڕیدەکان بەدیاردەکەوێ کە دیاربەکر یەکێك بووە لەشارە گەورەکانی ئاسیای بچووك و لەئاستێکی باشی ئاوەدانی دابوو. شارەکە کە لەچوار گەڕەك پێکهاتبوو، شوورەیەکی پتەوی ڕەشی هەبوو، لەگەڵ قەڵایەکی نێوەخۆیی. هەروەها چەندین مزگەوت و تەکیەو گەرماو وکاروانسەرای تێدابوو. بەڵام بەتێپەڕبوونی چوار سەدە، پەرەسەندنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینی وئاوەدانی شوورەی شارەکەی تێنەپەڕاند.

٥- سەبارەت بەژمارەی دانیشتووان، گەشتنامەکانی سەدە بەرایییەکان زانیارییەکی ئەوتۆمان پێنادەن. لەکاتێکدا لەسەرچاوەی ترەوە دەزانین کە شارەکە نزیکەی (١٤٥٠٠) سەر دانیشتووانی هەبوو. بەڵام لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم ژمارەکە بە (٥٥) هەزار کەس دەخەمڵێندرێ. کەچی لەماوەکانی دواتردا بەهۆی گرانی و پەتا یەك لەدوای یەکەکان، ژمارەی دانیشتووان لەکەمی دەداو لەسەرەتای سەدەی بیستەم دەبێتە نزیکەی (٣٥) هەزار کەس. بەڵام هیشتا دیاربەکر لەهەموو شارەکانی تری کوردستان ئاوەدانترە.

٦- لەسەرەتای سەردەمی عوسمانیدا کریستیانەکان نزیکەی نیوەی دانیشتووانی شاریان پێکدەهێنا، کە بەزۆری ئەرمەن بوون. موسڵمانەکانیش لەکورد وتورك و عەرەب پێکهاتبوون، بەرێژەی نادیار. بەڵام لەکۆتایییەکانی سەدەی نۆزدەمدا بەشی هەرەزۆری خەڵکەکەی موسڵمان بوون و ئەرمەن وکلدانیش بوونە کەمینە. لەڕووی نەتەوەییش کورد ڕێژەی سەرەکی دانیشتووانی پێکدەهێنا.

٧- هەرچەندە دیاربەکر شارێکی فرە ئایین و فرە نەتەوە بوو، بەڵام لەسەدە بەرایییەکانی سەردەمی عوسمانیدا تەبایی لەنێوان پێکهاتەکانی دانیشتوواندا زاڵبوو. کەچی لەکۆتایی ئەم سەردەمەدا بەهۆی سیاسەتی دەولەت ودەستوەردانی دەولەتانی ئەورووپی و هەروەها کاریگەری دەوروبەریش، ناکۆکی کەوتە نێوان گروپە جیاوازەکانی کریستیانەکان و هەروەها تووشی چەوسانەوە بوون.

٨- گەشتنامەکان زانیاریمان لەبارەی ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی تریش پێدەدەن؛ وەکو ئاکارو ڕەوشتی دانیشتووان، کە جێی پەسنی هەندێکیان دەبێت. هەروەها وەسفی جلوبەرگ وهەندێ دابونەریتمان بۆ دەکەن؛ سەبارەت

بەئافرەت و نانخواردن ونووستنی سەربان. باسی چوونەدەرەوەی خەڵکەکەش دەکەن بۆ سەیران و کات بەسەربردن لەقەراخ زێی دیجلە.

٩- سەبارەت بەکشتوکاڵ لەم شارەدا، گەڕیدەکان باسی ئەوەیان کردووە کە دیاربەکر خاکێکی بەپیت وئاوێکی زۆر وکەشوهەوایەکی لەباری هەیە بۆ کشتوکاڵ. تێبینی ئەوەشیان کردووە کە خەڵکی ناوچەکە شارەزایی باشیان هەبوو لەم بوارەداو کێڵگەو باخەکانیان پەیین دەکرد. بۆیە چەندین جۆر دانەوێڵەو میوەی نایابیان بەرهەم دەهێنا. بەتایبەتی شفتی وکاڵەك کە بەهۆی گەورەیی و تامی خۆشیان، زیاتر جێگەی سەرنجی گەڕیدەکان بوون. دەبێ ئەوەش بگوترێ کەگەڕیدەیەك پەسنی سامانی ئاژەڵی دیاربەکر دەکات.

١٠- لەم سەردەمەدا چەندین کارو پیشە لەدیاربەکردا هەبوون کە هۆکاری پەیداکردنی بژێوی خەڵکی شارەکە بوون؛ وەکو ئاسنگەری، مسگەری، زێڕنگەری، زیوگەری، بەرگدروو، کورتاندروو وهیتر. هەروەها زۆربەی پیشەکان گوزەرێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو لەبازاڕی شارەکەدا. هەندێ لەپیشەگەرانیش بەهۆی لێهاتوویی وکارامەییان بوونەتە جێگەی پەسنی گەڕیدەکان وهەندێ کاڵای دروستکراویشیان بەهۆی چاکیان، لەهەرێمەکانی ترەوە داوایان لەسەربوو. بەتایبەتی قاپوقاچاخی مس ناوبانگی هەبوو، کە بەزۆری ئەرمەنەکان دروستیان دەکرد. لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمیشدا هەندێ لەدەزگا پیشەگەرییەکان پەرەیان سەند و بوونە کارخانەو لەئەنجامدا هەندێ پیشەسازی لەم شارەدا پەیدابوو، بەتایبەتی پێستەخۆشکردن و کوتاڵ چنین.

١١- لەڕووی بازرگانیشەوە دیاربەکر پێگەیەکی بەرچاوی هەبوو؛ چونکە چەندین ڕێگای بازرگانی سەرەکی بەم شارەدا تێپەڕدەبوون وگەلێك ناوەندی بازرگانی بەیەکەوە دەبەستەوە. ئەمەش وایکردبوو کە ببێتە مەڵبەندێکی گرنگی

بازرگانی لەناوچەکەدا. بۆیە ئەم شارە خاوەن بازاڕێکی ئاوەدان و پڕکاڵا بوو، بازرگانی زۆر گەورەشی تێدابوو کە لەنێوان شارەکاندا بازرگانییان دەکرد. هەروەها دیاربەکر بێجگە لەوەی کە سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستییەکانی دانیشتووانی دەوروبەر بوو، ناوەندێکیش بوو بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی ئەوان. لەسەرێکی تریشەوە کاڵاکانی ئەم شارە هەناردەی مەڵبەندەکانی تر دەکران، بەتایبەتی حەلەب وموسڵ و هەروەها بەغدا وئەستەنبۆڵ.

١٢- لەبارەی ڕەوشی کارگێڕی وسیاسی دیاربەکریش زۆربەی گەڕیدەکان باسی دیداری سەرداری شارەکەیان کردووەو لەو ئاسانکارییانە دواون کە بۆیان کراوە: وەکو پێدانی بەڵگەی هاتوچۆ و نامەی ڕاسپاردن بۆ بەرپرسانی سەر ڕێگەی گەشتەکەیان. هەندێ گەڕیدەی تر بەتایبەتی (ئەولیاچەلەبی)، زانیاری وورد وهەمەلایەنە سەبارەت بەلایەنی کارگێڕی و تەنانەت سەربازی ودارایی دەخاتەڕوو. هەروەها ئاماژە بە هەندێ ڕووداوی سیاسیش دەکات کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتدارانی دیاربەکرەوە هەیە.

١٣- سەبارەت بەڕەوشی سیاسی دیاربەکر، زانیاری لەهەندێ گەڕیدەی تریش وەردەگرین؛ وەکو (ژان ئۆتەر) کە هەندێ ڕووداوی پەیوەست بەشەڕەکانی نادرشای ئەفشار باس دەکات. هەروەها (گرانت)یش کاردانەوەکانی شکستی عوسمانی لەشەڕی (نزیب/ ١٨٣٩) لەسەر دەڤەرەکە وێنا دەکات. بەگشتی دەتوانین بڵیین گەشتنامەکان وەکو سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ نووسینەوەی مێژووی سیاسی ناوچەکەش سوودیان لێدەبینرێ.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بەڵگەنامەی بڵاوکراوە:

- فاضل بيات، البلاد العربية في الوثائق العثمانية/ النصف الاول من القرن ١٠هـ ١٦م، مج١، استانبول ٢٠١٠.
- د. عبدالحسين نوائي، شا اسماعيل صفوي/ اسناد و مکاتبات تاریخي همراه با یاداشتهای تفصیلي، انتشارات ارغوان، چاپ ٢، چاپخانه ارژنگ، تهران ١٣٦٨هـ.ش.
- Halil Sahillioglu, Dorduncu Muradin Bagdat seferi Menzilnamesi (Bagdat seferi Harp Jurnali) Belgeler: Turk Tarih Belgeleri Dergisi, cilt: X111, sayi 17 dem ayribasim, Ankara 1988.
- Mehdi ilhan, Amed (Diyarbakir) / 1518 detailed register, Ankara 2000.
- Osmanli Arşivi Daire Başkanliği: Musul – Kerkuk ile ilgili Arşiv Belgeleri (1525- 1919), Ankara – 1993.

### دووەم: گەشتنامە:

#### أ- بەزمانی کوردی:

- سەفەرنامەی ژان ئۆتەر (١٧٣٤- ١٧٤٣) سەردەمی نادرشا، و: محەمەد حەمە باقی، دەزگای موکریانی، چ١، هەولێر ٢٠١٣.
- سەفەرنامەی نیبور لەسەدەی هەژدەدا، و: ئەردەلان عەبدوڵڵا، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٣.
- سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆکوردستانساڵی ١٨١٧، و: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، هەولێر ٢٠١٢.
- کلۆدیۆس جیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقي، چ٥، هەولێر ٢٠١٢.
- کورد لەمێژووی دراوسێکانیدا/ یان: سیاحەتنامەی ئەولیاچەلەبی، و: ناکام، چ٢، بەغدا ١٩٧٨.

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

- الموصل في القرن الثامن عشر حسب مذكرات دومنيكو لانزا، ت: القس روفائيل بيداود، ط٢، الموصل ١٩٥٣.
- ادولفو ريفادينيرا، من سيلان الى دمشق، ت: صالح علماني، مطبوعات دار المدى، دمشق ٢٠٠٩.
- اوليفييه، رحلة أوليفييه الى العراق ١٧٩٤-١٧٩٦، ت: د. يوسف حبى، مطبعة المجمع العلمي العراقي، بغداد ١٩٨٨.
- جان باتيست تافرنييه، رحلة الفرنسي تافرنييه الى العراق فى القرن السابع عشر، ت: كوركيس عواد وبشير فرنسيس، الدار العربية للموسوعات، ط١، د.م، ٢٠٠٦.
- جيمس برانت، رحلة المستر جيمس برانت الى المنطقة الكردية عام ١٨٣٨، ت: حسين احمد الجاف، مطبعة الجاحظ، بغداد ١٩٨٩.
- دبليو. اى. ويگرام و ادگار. تى. اى ويگرام، مهد البشرية/ الحياة فى شرق كردستان، ت: جرجيس فتح الله، دار اراس للطباعة والنشر، ط٤، اربيل ٢٠١٠.
- رحلة ابي طالب خان الى العراق واوروبة، ت: د. مصطفى جواد، دار الوراق للنشر، بغداد ٢٠٠٧.
- رحلة الهولندى الدكتور ليونهارت راوولف الى طرابلس- دمشق – حلب – الرقة – ديرالزور – بغداد – عانة – الفلوجة – هيت – كركوك – اربيل، ت: د. سليم احمد خالد، الدار العربية للموسوعات، ط١، بيروت ٢٠٠٨.
- رحلة اينهولت الهولندى الى العراق سنة ١٨٦٦- ١٨٦٧، ت: مير بصرى، دراسة وتحقيق: طارق نافع الحمدانى، دار الوراق للنشر، بغداد، بيروت، ٢٠١٢.
- رحلة مطراقي زاده/ لنصوح افندي السلاحي الشهير بمطراقي زاده (توفي بعد ٩٥٧هـ)، ت: صبحي ناظم توفيق، تحقيق: د. عماد عبدالسلام رؤوف، ابوظبي ٢٠٠٣.
- عالي بك، رحلة عالي بك الى العراق العثماني والهند، ت: محمد حرب، ط١، القاهرة ٢٠١٥.

- میجر سون، رحلة متنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان، ت: فؤاد جميل، بغداد، ج١، ١٩٧٠، ج٢، ١٩٧١.
- هنرى بنديه، رحلة الى كردستان فى بلاد مابين النهرين سنة ١٨٨٥، ت: د. يوسف حبى، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل ٢٠٠١.

**ج- بەزمانی ئینگلیزی:**

- Asahel Grant, The Nestorians; The lost tribes, Harper & Brothers, New York 1841.
- Horatio Sawthgate, Narrative of a tour through Armenia, Kurdistan, Persia and Mesopotamia, Tile and Bogue, London 1840.
- John Macdonald Kinneir, A geographical memoir of the Persian Empire, Printed by Cox and Baylis, London 1813.

**سێیەم: نامەی زانکۆیی:**

- علي شاكر علي، ولاية الموصل في القرن السادس عشر/ دراسة في اوضاعها السياسية والادارية والاقتصادية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل ١٩٩٢.

**چوارەم: کتێب:**

**أ- بەزمانی کوردی:**

- ا. م. مینتیشا شفیلی، کورد/ کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی ئابووریی ڕۆشنبیری وگوزەران، و: د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ، چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆك ٢٠٠٨.
- بەختیار سەعید مەحمود شوانی، کەرکوك لەسەدەی نۆزدەهەمدا، سلێمانی ٢٠٠٩.
- جەلیلی جەلیل، هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، و: ئەنوەر قادرمحەمەد، ستوکهولم ١٩٩٣.
- رابیعە فەتاح شێخ محەمەد، کوردستان لەسەدەی پازدەی زایینیدا، هەولێر ٢٠٠٥.

- رابیعە فەتاح شێخ محەمەد، کوردو کوردستان لەسەفەرنامەی بازرگانی ڤینیسیاییدا/ سەرەتای سەدەی شازدەی زایینی، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٤.
- د. سەعدی عوسمان هەروتی، چەند لایەنێکی مێژووی ڕامیاری وکۆمەڵاتی وئابووری کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، هەولێر ٢٠١٣.
- ماهشەرەفخانم مەستورەی کوردستانی، مێژووی ئەردەلان، و: د. حسن جاف وشکور مستەفا، چ١، بەغدا ١٩٨٩.
- محمد بایراقدار، ئیدریسي بدلیسي، و: شکور مستەفا، چ١، کوردستان ١٩٩٩.

**ب-بەزمانی تورکی:**

- Ayni Ali Efendi, Osmanli Imparatorlugunda Eyalet Taksimati, Toprak Dagitmi ve Bunlarin Mali Gucleri, Ceviren: Hadiye Tuncer, Ankara 1964.
- تاریخ بجوی ابراهیم افندی/ التاریخ السیاسی والعسکری للدولة العثمانیة، ت: ناصر عبدالرحیم حسین، مج٢، القاهرة ٢٠١٥.
- شمس الدین سامي: قاموس الاعلام، مهران مطبعەسی، مج١، استانبول ١٣٠٦ رومی/ ١٨٨٩م،مج٣، استانبول ١٣٠٨رومی/ ١٨٩١م.
- هاممەر، دولت عثمانیة تأریخي، مترجمی: محمد عطا، ج٤، استانبول ١٣٣٠ ڕومی.

**ج-بەزمانی فارسی:**

- أسکندر بیك ترکمان، تاریخ عالم آرای عباسی، چ٢، انتشارات امیر کبیر، چاپخانه گلشن، جلد١، تهران ١٣٥٠ هـ. ش.
- حسن بیگ روملو، احسن التواریخ، تصحیح: د.عبدالحسین نوایي، ج٢، انتشارات اساطیر، چاپ ١، تهران ١٣٨٤.
- محمد شریف قاضی اردلان، تاریخ کردهای اردلان، تصحیح: سیامند خلیلی، انتشارات کردستان، سنندج ١٣٩٣هـ. ش.

**د- بەزمانی عەرەبی:**

- ب.م.دانتسيغ، الرحالة الروس في الشرق الاوسط، ت: د. معروف خزندار، بيروت ١٩٨١.
- د. خليل علي مراد، الكرد وكردستان فى كتاب "جهان نما" لكاتب چلبي (١٠١٧-١٠٦٧هـ/ ١٦٠٩- ١٦٥٧م)، اربيل ٢٠١٣.
- خليل علي مراد، العراق في العهد العثماني الثاني/ دراسة في الادارة العثمانية والحياة الاقتصادية ١٦٣٨- ١٧٥٠م، الرافدين للطباعة والنشر، بيروت ٢٠١٨.
- رحالة اوروبيون فى العراق، دار الوراق للنشر (لندن)، د. م، ٢٠٠٧.
- د. سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر، اربيل ٢٠٠٦.
- د. سعدي عثمان هروتى، كوردستان والامبراطورية العثمانية/ دراسة في تطور سياسة الهيمنة العثمانية، اربيل ٢٠٠٨.
- د.سهيل صابان، المعجم الموسوعي للمصطلحات العثمانية التأريخية، الرياض ٢٠٠٠.
- شرفخان البدليسي، شرفنامه، ت: محمد جميل الملا أحمد الروژبياني، ج١، ط٢، مؤسسة موكرياني، اربيل ٢٠٠١.
- د. علاء نورس، العراق في العهد العثماني/ دراسة في العلاقات السياسية ١٧٠٠-١٨٠٠، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٧٩.
- د. علي سلطان، تأريخ الدولة العثمانية، منشورات مكتبة طرابلس العلمية العالمية د.ت.
- عماد عبدالسلام رؤوف، الموصل في العهد العثماني/ فترة الحكم المحلي ١١٣٩-١٢٤٩هـ/ ١٧٢٦-١٨٣٤م، النجف ١٩٧٥.
- محمد فريد بك المحامي، تاريخ الدولة العلية العثمانية، تحقيق: د. إحسان حقي، دار النفائس، ط ١٠، بيروت ٢٠٠٦.

- هاكان اوزاوغلو، أعيان الكورد والدولة العثمانية/ هويات متطورة وولاءات متنافسه وحدود متحولة، ت: د. خليل على مراد، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل ٢٠١٦.
- ياسين بن خيرالله الخطيب العمرى، زبدة الاثار الجلية فى الحوادث الارضية، انتخب زبدته: د. داود الجلبي، تحقيق: عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الاداب، النجف ١٩٧٤.

**هـ- بەزمانی ئینگلیزی:**

- Colin Imber, The Ottoman Empire (1300-1650) /The Structure of Power, First Pub., by Palgrave, Great Britain, 2002.

**پێنجەم: توێژینەوە:**

- جعفر الخياط، مشاهدات الدكتور ايفز بين بغداد و كركوك و الموصل، مجلة (الاقلام) ج( ١٢)، س(٢) آب ١٩٦٦.
- خليل اينالجق، مادة: إيالة، في: دائرة المعارف الاسلامية، (الترجمة العربية) اعداد وتحرير: ابراهيم زكي وأحمد الشنتناوى و د. عبدالحميد يونس، القاهرة (د.ت)، مج٥، ص٢٦٧.
- خليل على مراد، المفهوم الادارى والجغرافى لمصطلح "كردستان" فى مصادر العهد العثمانى، پرۆسیدینگی یەکەم کۆنفرانسی ئەکادیمی نێودەوڵەتی دەربارەی کوردو کوردستان لەمێژوودا/ کوردو کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، بەرگی دووەم، هەولێر، ١٦-١٨ نیسانی ٢٠١٣.
- د. خليل على مراد، رحلة أولياجلبى مصدرا لدراسة أحوال العراق فى القرن السابع عشر. مجلة (المشكاة) ع(١) س(١) ٢٠٠٤.
- Halil Sahillioglu,Osmanli Doneminde Irakin Idari Taksimati, ceviren: Mustafa Ozturk, Belleten, Ankara, cilt, liv. Sayi:211, 1990.

**شەشەم: سایتی ئینتەرنێت:**

- https://en.m.wikisource.org/wiki/Kinneir_John_Macdonald_(DNBOO).
- https://www.biblicalcyclopedia.com/G/grant-asahel.html.
- http://www.saradistribution.com/horatiosouthgate.htm.

## ملخص باللغة العربية :
## دياربكر في كتب رحلات العهد العثماني

أ.د.سعدى عثمان هروتي
جامعة صلاح الدين-اربيل
كردستان -العراق

ان دياربكر التي كانت احدى المدن الكبيرة فى كردستان والشرق، كانت تقع على طرق المواصلات الرئيسة، كما كانت مركزا لولاية عثمانية. لذلك فان معظم الرحالة الذين سافروا الى الشرق في العهد العثماني، زاروا هذه المدينة. وقد دون اولئك الرحالة معلومات متنوعة عن دياربكر في كتبهم. مثل الرحالة العثماني (اوليا جلبي/ اواسط القرن السابع عشر) ومواطنه (عالي بيك/ النصف الثاني من القرن ١٩). والرحالة الفرنسي (جان اوتر) الذي جاء الى المدينة في عام ١٧٤٣. وكذلك (كينيير/ ١٨١٣) و (وليم هيود/ ١٨١٧) وهما من انكلترا. والامريكيان (هوراشيو ساوذگيت) و (آساهيل گرانت) اللذان سافرا الى دياربكر في عام ١٨٣٩. إضافة الى البريطاني (ميجر سون/ ١٩٠٧) وآخرون.

وقد حاولنا في هذا الكتاب القاء الضوء على تاريخ مدينة دياربكر خلال العهد العثماني، بالاستفادة من معلومات اولئك الرحالة. وذلك بالتقصي عن المعلومات المتعلقة بهذه المدينة، ثم تحليلها ومقارنتها مع بعضها و مع معلومات المصادر الاخرى، وذلك لاظهار الحقائق.وبعد التطرق في التمهيد الى مكانة هذه المدينة وأهميتها في الدولة العثمانية، تعرفنا في بداية هذه الدراسة على الرحالة الذين استفدنا من كتبهم، وذلك في المبحث الاول. أما في المبحث الثاني فقد ركزنا على الحالة العمرانية؛ حيث تحدثنا عن اسم المدينة وموقعها الجغرافي وتكوين المدينة ومستواها العمراني. وفي المبحث الثالث

الذي خصص للوضع الاجتماعي، بحثنا في عدد السكان والتكوين الديني والقومي، وكذلك العلاقة بين تلك المكونات والمظاهر الاجتماعية الاخرى. وتناولنا الاوضاع الاقتصادية في المبحث الرابع؛ وقد شمل ذلك الزراعة والرعي مع النشاط الصناعي وحرف السكان وكذلك الطرق والمبادلات التجارية. وفي المبحث الخامس والاخير عرضنا المعلومات المتعلقة بالحالة الادارية - السياسية لمدينة دياربكر. ثم اختتمنا الكتاب ببيان اهم النتائج التي توصلت اليها الدراسة.

## Abstract

### Diyarbakir in the voyage books of Ottoman era



**Prof. Dr. Saadi Uthman Haruti**
**University of Salahaddin – Erbil/ Iraq**


Diyarbakir, which was one of the largest cities in Kurdistan and the east, was located on the main transport roads and was the center of an Ottoman Vilayet. Therefore, most of the travelers whom traveled to the east in the Ottoman era, visited this city. These travelers have included various information about Diyarbakir in their books. Such as the Ottoman travelers (Evliya Celebi/ the mid-17th century) & (Ali bek/ the second half of the 19th century). And the French traveler (Jean Otter), who visited the city in 1743. As well as (Kinneir/ 1813) and (William Heude/ 1817) which they comes from England. Also the tow Americans (Horatio Sawthgate) and (Asahel Grant), whom traveled to Diyarbakir in 1839. In addition to the (Soan/ 1907) of England, and others.

This book dedicated to shed light on the history of Diyarbakir in the Ottoman era, according to the information of those travelers. In this study we are looked for information about this city. To analyze and compare with each other and with other sources information, in order to show the facts. After dealing with the position of this city and its importance in the Ottoman Empire (in the introduction), at the beginning of the study (first theme), we identified the travelers who have

benefited from their books. In the second theme we focused on the urban status; and we talked about the name of the city and its geographical location and the composition of the city and its urban level. In the third subject who dedicated to the social situation, we studied the number of the population and religious - national structure, as well as the relationship between those groups and other social aspects. The economic condition was formed the fourth theme, which included: agriculture & animal husbandry, crafts, the works of the population, as well as trade routes and exchanges. At the end of the study, we discussed the travelers' information on the administrative - political situation of Diyarbakir. Finally, we presented the conclusions of the study.

# پاشکۆی وێنەکان



دیمەنێکی ئێستای شاری دیاربەکر کە شوورەکەی تێدا دیارە/ سەرچاوە:
Ali Melek ve Abdullah Demir, Dini degerleri ile Diyarbakir, Diyarbakir il muftulugu yayinlari, Diyarbakır–2009.



دیمەنی شاری دیاربەکر لەلای ڕۆژهەڵاتەوە

سەرچاوە: برهان حنا ايليا، آمد مدينة الفخر، مطبعة الاحسان للروم الكاثوليك، حلب ٢٠٠٨.



دیمەنی شوورەو قوڵڵەیەکی دیاربەکر لەسەرەوەڕا
سەرچاوە: برهان حنا ایلیا، م. س.



نەخش ونووسینی عەرەبی لەسەر شوورەی دیاربەکر
سەرچاوە: برهان حنا ایلیا، م. س.



یەکێك لەقوڵڵەکانی شوورەی دیاربەکر/ سەرچاوە:
Ali Melek ve Abdullah Demir, a.g.e



دەروازەی ڕووبار

سەرچاوە: برهان حنا ایلیا، م. س.



دەروازەی ڕۆم

سەرچاوە: برهان حنا ایلیا، م. س.



دەروازەی ماردین

سەرچاوە: برهان حنا ایلیا، م. س.



دەروازەی چیا

سەرچاوە: برهان حنا ایلیا، م. س.



پردی دەهدەرە /سەرچاوە:

Ali Melek ve Abdullah Demir, a.g.e.



مزگەوتی گەورەی دیاربەکر/ سەرچاوە:

Ali Melek ve Abdullah Demir, a.g.e.



دیمەنی دەرەوەی مزگەوتی گەورەی دیاربەکر/ سەرچاوە:
Ali Melek ve Abdullah Demir, a.g.e



میحراب ومینبەری مزگەوتی گەورە/ فۆتۆ: نووسەر



دیمەنی ناوەوەی کڵێسای سانت جۆرج لەشوورەی ناوەوە / فۆتۆ: نووسەر



وێنەی ناوەوەی خانووێکی کۆن لەدیاربەکر

سەرچاوە: برهان حنا ایلیا، م. س.



کەڵەکێك لەڕووباری یدجلەدا

سەرچاوە: برهان حنا ایلیا، م. س.